# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 493 پێنجشەممە 18 /6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.493 Thu 18/ 6/ 2009




**ئەبوبەکر عەلی:**

## دەبێت سڕینەوەی شوێنەوارەکانی نەخۆشیی دووئیدارەیی، ببێتە یەکێک لە خەمەکانی ڕەوتی ریفۆرمخوازیی

ل ٦و ٧

## نەوشیروان مستەفا:

# * دەبێت میللەت بەهیچ جۆرێک ئەم دەستوورە قبوڵ نەکات

# * ئەولەویەتی ئێستا چاکسازیی نییە، گۆڕانە

ل ٤و ٥

**جێگری بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی بۆ ڕۆژنامە:**

# حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە سیاسەتێکی فاشیلانەی سەبارەت بە کەرکوک هەبووە

**ڕۆژنامە**

یوست هێڵتەرمان، لەو بڕوایەدایە، حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە خاوەنی سیاسەتێکی فاشیلانە بووە سەبارەت بە کەرکوکو لەو ڕووەوە دەڵێت: ئەگەر (ی.ن.ک)و (پ.د.ک) یەکدەنگ بوونایە لەسەر کەرکوکو لەسەر ئەمری واقیعو بواری کرداریدا، کە لە کەرکوک بەیەکەوە کاربکەن، دەکرا پێشکەوتنی زیاتر بەدی بهێنرایە، هەرچەندە لە کەمێک مەسەلەدا هاوڕابوون، بەڵام «لەڕاستیدا پارتیو یەکێتی لە کەرکوکدا مونافەسەی یەکتر دەکەنو ئەمەش ژیانی لە هەموو کەس ناخۆشکردووە».

لە وەڵامی ئەوەی کە دوو حیزبە کوردییەکە ئیدیعای ئەوە دەکەن یەکدەنگن سەبارەت بە کەرکوک، جێگری بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی وتی: ئەوان یەکدەنگییان هەیە سەبارەت بە داهاتووی کەرکوک، تەنیا لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا یەکگرتوون، بەڵام ئەوان هەمیشە شەڕو ململانێیانە لەسەر دامودەزگاکانی کەرکوکو هەمیشە لەڕووی سیاسییەوە شەڕی دەسەڵات دەکەن، ئەمەش یارمەتی کەس نادات.

لەو چاوپێکەوتنەدا کە پاشکۆی پردی ڕۆژنامە لەگەڵیدا سازیکردووەو لەگەڵ ئەم ژمارەیەدا بڵاوکراوەتەوە، هێڵتەرمان یەکێک لەشکستەکانی سەرکردایەتی سیاسی کورد لە گەڕاندنەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە دۆڕاندنی متمانە لای نەتەوەکانی غەیرە کوردی کەرکوک دەستنیشاندەکاتو دەڵێت: لێرەدا کێشەکە هەر ئەوە نییە کە کورد تەنیا (٦) ساڵی رابردووی لەدەستداوە، بەڵکو ئێستا متمانەکە نەماوەو هەرگیز ناتوانن بڕوا بە عەرەبو تورکمانەکان بهێنن کە ئێوە هەڵەتان کردووەو نیەتتان باشە بەرامبەریان، هیچی دیکە ئەوان بڕواتان پێناکەن.

## گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە؟

ل ٣

# ژمارەیەک زیندانیی سیاسیی بەنهێنی پەیوەندی بە بەغداوە دەکەن

**نیان مەجید**

کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان داوالە حکومەتی هەرێم دەکەن لەسەر جێبەجێنەکردنی داواکارییەکانیان، ڕوونکردنەوە بدات، بۆ ئەوەش هەڕەشەی خۆپیشاندانێکی سەرتاسەریی دەکەن لەکوردستانداو جێگری کۆمکاری زیندانییەکانیش دەڵێت: «لەگەڵ هەموو بەرپرسانی حکومەتو پەرلەماندا دانیشتووین بەقسە هەموو وەڵامێکمان دەدەنەوە، بەڵام تائێستا هیچیان بۆ نەکردووین ئیدی شەرم دەکەین ئەوەندە داوامان بەرزکردەوە».

لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی (٢٠٠٩/٦/١٥) بڵاویان کردووەتەوە دەستەی باڵای کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پێشێلکردنی مافی زیندانییە سیاسییەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بە ناڕەوا دەزاننو داوای مافی زیندانییەکانی هەرێم دەکەن وەک زیندانییە سیاسییەکانی عێراق کە هەموو مافو ئیمتیازاتێکیان پێدراوە.

سلێمان خالید ئاژگەیی، جێگری سەرۆکی کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەوان هەموو هەوڵێکیان خستووەتەگەڕ لەپێناو بەدەستهێنانی مافو ئیمتیازاتەکان وەک زیندانییە عێراقیەکان، وتیشی: «ئێمە هیچمان لەوان کەمتر نییە، بەڵکو زیاتر زوڵممان لێکراوە».

ئاژگەیی ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، «کە زۆرێک لە زیندانییە سیاسییەکانی ناوچەی گەرمیان بەنهێنی پەیوەندی بە بەغداوە دەکەنو لەوێ مووچەی خۆیان وەردەگرن، کە ئەمەش مەترسی هەیە بۆ سەر حکومەتی هەرێم».


نەسرین محەمەد ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەربارەی کێشەی زیندانییە سیاسییەکان بە ڕۆژنامەی وت: «جێبەجێکردنی پڕۆژەیاسای کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان ئەرکی حکومەتەو ئێمە وەکو پەرلەمان تەنیا بە یاساییکردنی بڕیارەکانمان لەئەستۆیە، بەڵام ئەم کێشەیە تائێستا لەنێوان حکومەتی بەغداو هەرێمی کوردستاندا ماوەتەوە».

لە بەیاننامەکەدا دەستەی باڵای کۆمکاری زیندانییە سیاسییەکان هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە ئەگەر تا ڕۆژی (٦/٣٠) وەڵامیان نەدرێتەوە ئەوا مانگرتنو خۆپیشاندانی سەرتاسەریی دەستپێدەکەن لە سەرانسەری کوردستاندا.


کۆمپانیای ڕۆژی نوێ



بۆ وەبەرهێنانی خانووبەرە هەڵێکی زێرین...



کۆمپانیای ڕۆژی نوێ (١٠٠٨) یەکەی نیشتەجێبوون لە جوانترین شوێنی سلێمانیدا دروست دەکات لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحمود (نزیک سەنتەری بۆڵینگ)، هەر یەکەیەک بە ڕووبەری (١٠٩ م٢)و پێکدێت لە (ژووری میوان، چێشتخانە، (٣) نوستن، مدخل، ڕاڕەو، حەمام، توالێت، شوێنی غەسالەو مەغسەل، بالکۆن).

نرخی یەکەیەک تەنها (٥٠٠٠٠$) پەنجا هەزار دۆلارە

١ ـ هاوڵاتی دەتوانێت بڕی (٣٠٪) یان (٥٠٪)ی نرخی یەکەکە لە سندوقی نیشتەجێبوون وەربگرێت.

٢ ـ هەرکەسێک بتوانێت یەکەیەک بە کاش بکڕێت، ئەوا (٢٥٠٠$) (دوو هەزارو پێنج سەد دۆلار) لە نرخی یەکەکەی بۆ کەم دەکرێتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە یەکێک لەم ژمارە تەلەفۆنانەی خوارەوە لە کاتژمێر (٨:٣٠)ی بەیانی بۆ کاتژمێر (٥)ی ئێوارە

ژمارەی تەلەفۆن: (٠٧٥٠١٥٢١٧١٧) (٠٧٧١٠١٦٥٥٥٥) (٠٧٧٠١٥٢٩٣٩٢)

ناونیشانی ئۆفیسی کۆمپانیا:

تووی مەلیک - شەقامی سەرەکی - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال ئایەر

0750 152 1717 - 0770 152 9392 - 0771 016 5555

rozhinwe@gmail.com

Rozhi Nwe Co.

# گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە؟



فۆتۆ: جەمال پێنجوێنی

**ستارە عارف**

پاش ئـەوەی لە دانیشتنی رۆژی (٦/١٦)ی پەرلەمانی کوردستاندا کە تایبەت کرابوو بە گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵی ٢٠٠٩، چەند پەرلەمانتارێک رەخنەیان لە حکومەتی هەرێم گرت، کە گرنگی بەناوچەی گەرمیان نەداوە، بایز تاڵەبانی، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی وتی: «کێشەی گەرمیانتان بۆ وا گەورە کردووە، گەرمیان چ کێشەیەکی هەیە». ئەم قسەیەش وەزیری رووبەڕووی رەخنەی پەرلەمانتاران‌و خەڵکی گەرمیان کردووەتەوە.

زۆرێـک لە دانیشتووانی گەرمیان نارازین لـەوەی کە تا ئێستا حکومەت وەک پێویست ئـاوڕی لە ناوچەکەیان نەداوەتەوەو تائێستاش (١١) گەڕەکی قەزای کەلار ئاوەڕۆی نییەو (٢) هەزارو (٦٠٠) ماڵیش لە پێنج گەڕەکی زیادەڕۆدا دەژین هەروەها کەلار دوو ناحیەی هەیە کە زیاتر لە (٢٢٦) هەزار کەسی تێدا دەژی، بەشی ئەم قەزایە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کەمترە لە (٥) ملیار دینارو ئەو شارێگەیەی گەرمیان بەسلێمانییەوە دەبەستێتەوە (٥٠) ساڵە بەیەک ساید دروستکراوەو بەوهۆیەوە لەهەر رۆژێکی (٥) ساڵی رابـردوودا کەسێک بووەتە قوربانییو تائێستا حکومەت ئاوڕی لێ نەداتەوە. ئەمە سەرباری پشتگوێخستنی گوندەکانی سنوورەکە لەلایەن حکومەتەوە، لەڕووی ئاوەدانکردنەوە، دەستەبەری خزمەتگوزاریی، هاوکاریی جوتیاران‌و کەرتی کشتوکاڵو ئاژەڵداریێتی.

ناوچەی گەرمیان لەساڵی (١٩٨٨)داو لە قۆناغی سێی ئەنفالدا کەوتە بەر شـاڵاوی ئەنفالکردن لەلایەن رژێمی بـەعـسـەوەو بـەشـی هـەرەزۆریـی ئەنفالکراوەکانی کوردستان لەخەڵکی ئەو سنوورە بوون، ئێستاش کەسوکارو پاشماوەی ئەنفالکراوەکان لە ناحیەکانی رزگاریو شۆڕشدا ژیانێکی پرمەینەتی دەگوزەرێنن‌و بێبەشن لە زۆرێـک لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان ئەوە لە کاتێکدایە گەرمیانیەکان باس لەوە دەکەن کە بەرپرسانی حکومییو حیزبی بەردەوام بەڵێنی باشترکردنی بارودۆخی ژیانیان پێدەدەن، بەڵام جێبەجێی ناکەن.

گوڵناز عەزیز، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، کە نـاسـراوە بەگوڵاڵەی گەرمیان‌و نوێنەرایەتی گەرمیان دەکات لەپەرلەمان، سـەبـارەت بە وتەکانی وەزیـری هەرێم بۆ کاروباری دارایـی وتی: ویستمان لە دانیشتنەکەی پەرلەماندا نارەزایی دەربڕین، بەڵام رێگایان نەداین قسە بکەین، «ئـەگـەر رێگەیان بدایە بەبەڵگەوە قسەم دەکرد، دەمسەلماند کە دەیان گوند هەیە دەکەوێتە گەرمیان‌و تاوەکو ئێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی ئەوتۆیان بۆ نـەکـراوەو بستێک قیر نەچووەتە ئەو ناوچانە».

لە کۆتایی مانگی ئایاری رابردوودا کەمپینێک بۆ بەدواداچوونی بەڵێنەکانی حکومەت پێکهات، کە بریتین لـە(٤٠) رێکخراوو کەسایەتیو رۆژنامەوان وەک هەستکردنێک بەرامبەر داخوازییەکانی خەڵک کە حکومەت بەڵێنی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک پڕۆژەی پێداون، لە دیارترینیان کەمپینەکە چاودێریی جێبەجێکردنی کـردنـەوەی زانکۆ لە گەرمیان‌و دوو سایدکردنی شەقامی نـێـوان کفری-کەلارو کەلار-سلێمانی دەکات، کە بەڵێنی جێبەجێکردنیان دراوە.

عەدنان قوربانی، چالاک لە رێکخراوە مەدەنیەکانی گەرمیان‌و ئەندامی گروپی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، باس لەوە دەکـات، کە ئەو قسەیەی بایز تاڵەبانی لـە نـاوچـەی گەرمیان نارەزاییەکی زۆری لـێـکـەوتـووەتـەوە، چونکە گەرمیانیەکان هەستدەکەن ناوچەکەیان فـەرامـۆشـکـراوەو لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا جیاوازی کراوە، هەر بۆیە نارەزایی خەڵکو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئەنجامی ئیمزا کـۆکـردنـەوەو ئـەو چـالاکـیـانـەی کە ئەنجامیانداوە دەرکـەوتـووەو دەڵێت، فشار لەسەر حکومەت دەکەین، چونکە داواکاریمان هەیە کە خۆی لە چاککردنی رێگاوبانەکان‌و ئاوو کارەبادا دەبینێتەوە بەپلەی یەکەم ناوچەکانی گەرمیان بێئاون لەجیاتی ئەوەی حکومەت بەم ئەرکانە هەستێتو خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات، ئەو کاردانەوە پیشاندەداتو رەخنەی توندی لە حکومەت هەیە کە ئاوا وەڵامی داخوازی خەڵکی بەشمەینەتو پاشماوەی ئەنفال دەداتەوەو ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لاوان لەکاردان کە چیتر گەرمیان‌و داخوازی خەڵکەکەی پشتگوێ نەخرێتو هەیبەتی راستی ئیدارات بۆ جێی خۆی بگەڕێتەوە، ئەوەی بەڵێندەدات زانکۆ لە کەلار بکاتەوەو شەقامی کەلار سلێمانی دوو ساید بکات، ئاوا وەڵامدەداتەوە».

سالح میروەیس، بەڕێوەبەری نووسین لە رۆژنامەی گەرمیانی ئەمڕۆ کە لە کەلار دەردەچێت، پێیوایە، ئەم لێدوانەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری هەرێم لەبێ ئاگاییەوە دێت، چونکە ئەگەر بەرپرسانی حکومەت سەردانی گەرمیان بکەن بۆیان دەردەکـەوێـت کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دێهاتەکانی گەرمیان بەهۆی فەرامۆشکردنەوە چۆڵکراون‌و تا ئێستا کەلار کە حکومەت وەک پارێزگا بڕیاری لەسەر داوە نەخۆشخانەی تێدا نییەو وتی: «وەزیری دارایی ئاگاداری ئەم ناوچەیە نییە، تائێستا گەرمیان کێشەی ئەنفالەکانی هەیە با سەردانی رزگاری بکات، چۆن دەژیـن‌و بـاری پــەروەردەو ئابووری گوندەکانی گەرمیان ببینێت، دەردەکەوێت کە لە بێ ئاگاییەوە قسە دەکات، نەک لە ناسینی واقیع‌و گوزەرانی خەڵکەوە».

بـەبـڕوای مـحـەمـەد حـسـێـن، رۆژنامەنووس، وتەکانی بایز تاڵەبانی بـەرامـبـەر گـەرمـیـان رەنـگـدانـەوەی سیاسەتی حکومەتی هەرێمە، کە چەند ساڵە نەیتوانیوە لێی تێبگاتو وەڵامی پێداویستییەکانی خەڵک بداتەوەو لەو بڕوایەدایە کە تائێستا حکومەت نازانێت گەرمیان رووبەرەکەشی چەندەو ئەو بەشەش کە لەسایەی حکومەتی هەرێمدایە، لەڕووی ئابووریو کشتوکاڵیو ژمارەی دانیشتووانەوە گرنگیو ستراتیژیەتی نـەزانـراوە، بۆیە تـا رادەیـەکـی زۆر قسەکانی بایز تاڵەبانی درێژکراوەی ئەو فەرامۆشکردنەی چەند ساڵی رابردووە، کە هەرێم بەرامبەر گەرمیان هەیبووەو وتیشی: «دروستکردنی پڕۆژە بۆ خانەقین پەیوەندی بەکێشەکانی ناو یەکێتیەوە هەیە، لەساڵانی رابـردوودا ئەو بودجە کەمەی بۆ گەرمیان تەرخانکرابوو بەشێکی زۆری خەرج نەکراوەو بەشێکیشی کە بۆ کەلارو کفریو دەربەندیخان بوون، بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە براوەتە جەلەولاو باخچەی پێ دروستکراوە، واتە لەو بودجە کەمەش هەر ناهەقیی بەرامبەر کراوە».

لەلای خۆیەوە بێستون ژاڵەیی، چالاک لـەبـواری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێت: بە هـەزار بەڵگەوە بۆ وەزیری دارایی دەسەلمێنم کە گەرمیان پێویستی بە ملیارەها دۆلار هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوە، کێشەی هەزارەها دێی وێرانی هەیە، کە خەڵکەکەی لـەدوای راپەڕینەوە بەئیرادەی گەرمیانیانەی خۆیان ئاوەدانیان کردووەتەوەو لەبەر پشتگوێخستنی حکومەت چۆڵکراون، لە کاتێکدا دەتـوانـرێـت لە گەرمیاندا چەندین ملیۆن تۆن سەوزەو دانەوێڵە بەرهەم بهێنرێت، بـەڵام بـەم هاوینە یـەک تەماتەی بەرهەمی گەرمیان لە بـازاڕدا نییەو بەحیساب ئیدارەیەکیان بەشێوەی پارێزگا بۆ دروستکردووە، کـەچـی بـودجـەو دەســـەڵات نـادەنـە سەرپەرشتیارەکەی، بەحیساب کەلار مەڵبەندی ئیدارەی گەرمیانە، «یەکێک لەشارە کۆنەکانی گەرمیان، کفریە کە(٨٠) ساڵە قـەزایـەو بـەشـاری وەزیـرەکـان دەناسرێتو خەڵکەکەشی بەدەست کەمیی خزمەتگوزارییەوە گرفتارن‌و کێشەی گەرمیان ئەو تێگەیشتنەیە کە گەرمیان بەشایەنی ئاوەدانکردنەوە نازانێتو وەک پلەدوو سەیری دەکات».

**«ئەگەر بەرپرسانی حکومەت سەردانی گەرمیان بکەن بۆیان دەردەکەوێت کە ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە دێهاتەکانی گەرمیان بەهۆی فەرامۆشکردنەوە چۆڵکراون‌و تا ئێستا کەلار کە حکومەت وەک پارێزگا بڕیاری لەسەر داوە نەخۆشخانەی تێدا نییە»**

**«داواکاریمان هەیە کە خۆی لە چاککردنی رێگاوبانەکان‌و ئاوو کارەبادا دەبینێتەوە لەجیاتی ئەوەی حکومەت خزمەتگوزاریی پێشکەش بکات، ئەو کاردانەوە پیشاندەدات»**

**«تائێستا گەرمیان کێشەی ئەنفالەکانی هەیە با وەزیر سەردانی رزگاری بکات، چۆن دەژین‌و باری پەروەردەو ئابووری گوندەکانی گەرمیان ببینێت، دەردەکەوێت کە لە بێ ئاگاییەوە قسە دەکات، نەک لە ناسینی واقیع‌و گوزەرانی خەڵکەوە»**

## د. لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی دەستووریی:

# هەموو سیستمێکی سەرۆکایەتی جگە لەئەمریکا، بەرەو دیکتاتۆرییەت چووە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

شارەزایەکی یاساییو دەستووریی ئاماژە بەوەدەکات سیستمی هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتییەو لەوسیستمەشدا دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم دراوە، بەڵام ناتوانرێت هیچ لێپرسینەوەیەکی لەگەڵدا بکرێت هەربۆیە ئەوسیستمە سیستمێکی سەرکەتوو نییە.

ڕۆژی پێنجی ئایاری رابردوو مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە پەرلەمانکرد کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان راسپێرن بەمەبەستی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەلایەن خەڵکەوە، بەڵام پرۆسەکە لە لایەن یاساناسو روناکبیرانەوە تائێستاش رەخنەی لێدەگیرێتو بەمەترسی بۆسەر داهاتووی دەزانن.

لەسیستمە فیدراڵیەکاندا ئەگەرچی بە دەق (نص) ئاماژە بەوە نەکرابێت کە نابێت هەرێمەکان سیستمە سیاسییەکەیان جیاوازبێت لەگەڵ سیستمی مەرکەز، دەکرێت سیستمێکی جیاواز لەهەرێمەکاندا پەیڕەوبکرێت، کە ئەو سیستمە نەبێت لەمەرکەزدا پەیڕەودەکرێت، بەمەرجێک سیستمەکە سیستمێکی دیموکراتی بێت.

هــەروەک د. لەتیف شێخ مستەفا، پــســپــۆڕی یــاســایــیو دەســتــووریــی بەڕۆژنامەی راگەیاند: لەدەستووری عێراقدا بــاس لەسیستمی دەسەڵاتی هەرێمەکان نەکراوە کە دەبێت ئەو سیستمە لە چ جۆرە سیستمێک بێت بەڵکو دەستوور ئەو دەسەڵاتەی بۆ هەرێمەکان جێهێشتووە. وتیشی: «لەسیستمی سەرۆکایەتیدا ئەنجومەنی وەزیــرانو ســەرۆکــی ئەنجومەنی وەزیران نییە، بەڵام سیستمی هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی نیمچە سەرۆکایەتییەو لەوسیستمەدا سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەبنەڕەتدا ئەم سیستمە سیستمێکی سەرکەوتوو نییە.

ئــەوەی کە پێچەوانەی دەستووری عێراقە ئەوەیە، کە نابێت لەهەرێمەکاندا سیستمی پاشایەتی پەیڕەوبکرێت، بەڵام دەکــرێــت سیستمی ســەرۆک کۆماری پەیڕەوبکرێت.

د.لــەتــیــف پێشیوایە، «سیستمی سەرۆکایەتی لـــــەدەرەوەی ئەمریکا هەمووی بــەرەو دیکتاتۆریەت چووەو سیستمی نیمچە ســەرۆکــایــەتــیــش لەدەرەوەی فەرەنسا بەهەمانشێوە بەرەو دیکتاتۆریەت رۆشتووە، بەتایبەت لەو وڵاتانەی کە پێشینەی دیموکراتییان نییە»، بەڵام سیستمی پەرلەمانی تەنانەت لەناو گەلە دواکەوتووەکانیشدا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە.

> **ئێستا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەدەسەڵاتی سەرەک کۆماری عێراق زیاترەو سەرۆکی هەرێم سەرکردایەتی گشتیی هێزی چەکدارەو پێشنیازکردنی یاساکانو راگەیاندنی حاڵەتی لەناکاویش لەدەسەڵاتی ئەودایەو ئەو دەسەڵاتانەش لەسیستمی پەرلەمانیدا نییە**

ئەو شارەزایەی یاسای دەستووریی ئاماژەی بەوەشکرد، «ئێستا دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم لەدەسەڵاتی سەرەک کۆماری عێراق زیاترەو سەرۆکی هەرێم سەرکردایەتی گشتیی هێزی چەکدارەو پێشنیازکردنی یاساکانو راگەیاندنی حاڵەتی لەناکاویش لەدەسەڵاتی ئەودایەو ئەو دەسەڵاتانەش لەسیستمی پەرلەمانیدا نییە، هەربۆیە بوونی ئەو دەسەڵاتانەی ســەرۆکــی هــەرێــم خەتەرێکە بۆسەر دیموکراسی».

د. لەتیف، ئەوەشی خستەڕوو کە «لەسیستمی نیمچە سەرۆکایەتیدا هیچ لێپرسینەوەیەک لەگەڵ سەرۆکی هەرێمدا ناکرێت، ئەوە لەکاتێکدایە چەندین دەسەڵات بەسەرۆکی هەرێم دراوە، هەربۆیە ناکرێت دەسەڵات بەکەسێک بدرێتو نەتوانرێت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت».

> **«ناکرێت لەیەک کاتدا دوو دەسەڵاتی فیعلی هەبێتو دەسەڵات لەدەستی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بێت، چونکە لەوحاڵەتەدا بەریەککەوتن دروستدەبێت»**

لەسیستمی نیمچە سەرۆکایەتیدا لێپرسینەوە لەئەنجومەنی وەزیــران، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێت، چونکە یەکێک لەئەرکەکانی پەرلەمان ئەوەیە، کە چاودێریی ئیشوکارەکانی ئەنجومەنی وەزیران دەکاتو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا دەکــات، هەربۆیە شارەزاکەی بــواری یاسای دەستووریی پێیوابوو، بوونی دەسەڵاتو نەبوونی لێپرسینەوە خۆی بۆخۆی ئەوە مانای دیکتاتۆریەت دەگەیەنێت، چونکە هەمیشە دەسەڵات لەگەڵ لێپرسینەوەدایە.

بــەڵام وەک ئــەو پسپۆڕە یاساییە ئاماژەی پێکرد، «ناکرێت لەیەک کاتدا دوو دەسەڵاتی فیعلی هەبێتو دەسەڵات لەدەستی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیشدا بێت، چونکە لەوحاڵەتەدا بەریەککەوتن دروستدەبێتو پێویستە یــەکــێــک لــەودەســەڵاتــانــە رەتــبــکــرێــتــەوە» وتــیــشــی: لــەوجــۆرە سیستمانەدا ئەگەر کەسێکی بەتەماح هەبێتو بیەوێت کۆنترۆڵی دەسەڵاتەکان بکات ئەوە بەئاسانی ئەوەی بۆ دەچێتە سەر.



# چۆن رۆڵی ئەندامانی پەرلەمان دەگەڕێتەوە؟

فەلاح نەجم

ئەندامانی داهــاتــووی پەرلەمانی داهاتوو رۆڵێکی قورسیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆئەوەی لەماوەی چوار ساڵی بەئەندامبوونیاندا لەپەرلەمان سەرجەم هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ تا رۆڵی تەوای بەئەندامبوونیان بگەڕێتەوە، رێگە نەدەن حیزبەکان ئاراستەیان بکەن.

پەرلەمانی کوردستان، کە پێش چوار ساڵ هەڵبژێردرا کۆمەڵێک ئەزموونی نادیموکراسیو خراپی تێپەڕاند، بۆیە خەڵک چاوەڕواندەکات پەرلەمانی داهاتوو کە لە (٢٠٠٩/٧/٢٥)دا هەڵبژێردرێت، جارێکی دیکە ئەو ئەزموونە دووبارەنەکاتەوە.



## سیفەتی نوێنەرایەتیکردن

ئەندامانی پەرلەمانی (ماوەبەسەرچوو) راســتــەوخــۆ لــەلایــەن خــەڵــکــەوە هەڵنەبژێردراون، بەڵکو دەنگ بەحیزبەکان درا، ئەوانیش بەپێی دەنگەکانی خۆیان ژمارەیەک ئەندامیان ناردە پەرلەمان، کە لەهەندێک لەوڵاتە دیموکراسیەکاندا ئەم شێوازە بەدامەزراندنی ئەندامانی پەرلەمانی دادەنێن، نەک هەڵبژاردنی، کە لەگەڵ تەواوبوونی هەڵبژاردندا (١١١) کەس وەک ئەندامی پەرلەمان لەلایەن حیزبەکانەوە دادەمەزرێن، «ئەمەش بەهیچ شێوەیەک سیفەتی نوێنەرایەتیکردنی خەڵک وەرناگرێت»، چونکە نوێنەرایەتی حیزبەکانیان دەکەن نەک خەڵک، پێش هەندێک لەکۆبوونەوەکان حیزبەکان بەئەندامانی پەرلەمان دەڵـێـن، «ئـاوا بڵێن» لەکاتی کۆبوونەوەکاندا ئەندامانی پەرلەمان ئـەوەیـان لەیادە کە ئـەوان لـەلایـەن حیزبەوە دانـــراون، هەرگیز ترسی ئەوەیان نییە کە خەڵک لێیان ناڕازی بێت، یان جارێکی دیکە متمانەیان پێ نەبەخشرێتەوەو ببنەوە ئەندامی پەرلەمان، ئەوەیان بیردەچێتەوە کە ئەوان نوێنەری خەڵکن، دەبێت کار بۆ خەڵک بکەن، هەمیشە ئەوەیان لەیادە کە لەلایەن حیزبەکانیانەوە چین.

## دوورکەوتنەوەی پەرلەمان لە خەڵک

لەماوەی چوار ساڵی تەمەنی پەرلەمانی رابــردووی هەرێمی کوردستان، لەو ماوەیەدا هیچ کام لەو (١٤) لیژنەیەی کە لەبوارە جیاجیاکاندا (یاسا، پەروەردە، ناوخۆ...) کاردەکەن، تەنیا لێکۆڵینەوەیەک یان راپرسییەکیان ئەنجامنەداوە تابزانرێت خەڵک چەند لەکاروبارو چالاکیەکانی پەرلەمان رازین، بەپێی ئەو هەواڵانەی لەمیدیاکانەوە بڵاودەکرێنەوە، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لەگوزەرانی هاوڵاتییان ئاگادار نین، چونکە ئەوکاتە پەرلەمان ئاگای لەگوزەرانی خەڵک دەبێت، کە خەڵک دەچێتە هەولێرو لەبەردەم پەرلەماندا هاوارکات، ئەویش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕدەبێت تاچەند ئەندامێکی پەرلەمان ئاگاداری دەبێت پاش ماوەیەکی زۆر لەدواخستنی، لەکۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا بۆ ئەندامەکانی دیکە باس دەکرێتو لەکێشەکە ئاگاداردەکرێنەوە، دیارترین ئەو داوایانەی لەپەرلەمان کراوە داوایەکە ژمارەیەک بریندارى کیمیابارانی هەڵەبجە بەهۆی هەژارییانەوە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کرد، چونکە چارەسەرکردنی بریندارانی کیمیایی لەوڵاتانی دەرەوە دەکرێت، ئەو نەخۆشانە توانای دابینکردنی ئــەو خەرجیەیان نییەو داوایــان لەپەرلەمان کردبوو کە مووچەی تایبەتیان بۆ دابینبکات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکانیان، بەپێی وتەی ئەو بریندارانە ئەو داوایە لەپەرلەمان پشتگوێخراوە، چونکە دوو ساڵە داوایانەتە پەرلەمان، ئەمەش یەکێکە لەو کێشانەی خــەڵــک، کە بــەردەوام رووبــەڕووی ئەندامانی پەرلەمان دەبێتەوە.

## پردی حکومەت و حیزب نەک خەڵک

بــەپــێــی ئــەوەی رۆڵـــی ســەرۆکــی پەرلەمان ئەوەیە کە پردێک بێت لەنێوان حکومەتو خەڵکدا، چونکە خەڵک پەرلەمان هەڵدەبژێرێتو پەرلەمانیش حکومەت متمانە دەداتــە حکومەتو چاودێریی لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکات، کاتێک خەڵک لەحکومەت ناڕازیبێت پەرلەمان لەحکومەت دەپرسێتەوە، کــە نــارەزایــیــەکــان پــەرەیــســەنــد لەهەندێک لەحاڵەتەکاندا پەرلەمان متمانە لــەوەزیــرێــک دەسەنێتەوە، چونکە پەرلەمان خــۆی بەخاوەنی کێشەی خەڵک دەزانێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن حیزبەکانەوە دانراون، لەبری ئەوەی پردێکبن لەنێوان خەڵکو حکومەتدا، پــردی نــێــوان حــیــزبو حکومەتن، لــەرێــگــەی پــەرلــەمــانــەوە حیزب شەرعیەت بەکارەکانی خۆیاندەدەن لای حکومەت، کە ئەمەش وێرانترین سیستمە کە لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا پەیڕەوە دەکرێت، کاتێک حیزبەکان دەبنە دەسەڵاتدار بەسەر حکومەتو پەرلەمانەوە، بەتایبەت لەکوردستاندا کە پارتیو یەکێتی زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانیان بەدەستەوەیەو لەهەموو خولەکانی پەرلەماندا، بەڵام شارەزایانی بــواری سیاسی وای بۆ دەچــن، کە پەرلەمانی داهاتوو هەرچەندە لەلایەن حیزبەکانەوە هەڵدەبژێردرێن بەهۆی زۆری قەوارەسیاسییەکانەوە حیزب نەتوانێت وەک پەرلەمانی ئێستا دەسبخاتە کاروبارەکانییەوە.

## دواین شکستی پەرلەمان

پاش ململانێی ژمارەیەک ئەندامی پــەرلــەمــان لــەســەر پەسەندکردنی بودجەی ٢٠٠٩ی هەرێمی کوردستان، کــە ژمــــارەیــــەک لــە ئــەنــدامــانــی پەرلەمان بایکۆتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانیانکرد، بەوەی کە ئامادەی دانیشتنەکان نابن، چونکە پێش ئەوەی بودجە بچێتە پەرلەمان پارتیو یەکێتی بڕیاریانداوە کە پەسەند بکرێت، ئەمەش وادەکات کە ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە رازینین لەسەر پەسەنکردنی بودجە چی بڵێن پشتگوێدەخرێت، پەسەندکردنی بودجە پێدەچێت دوا شکست بێت، کە پەرلەمان وەریگرت لەبەردەم پارتیو یەکێتیدا، چونکە پەرلەمانی داهاتووی هەرێمی کوردستان چەندین هێزو قەوارەی جەماوەریی لەخۆدەگرێت.

# ـــوردستان دەکات بەدوو دەزگای کارتۆنی لاوازی بێ دەسەڵات

**هەڵبژاردنەکان، خۆت دەزانیت یەکێکی دیکە لە دۆسییە گەرمەکان باسوخواسی هەڵبژاردنە کە خەڵک چاوەڕێی دەکەن، ئێوە تێڕوانینتان بۆ بارودۆخی هەڵبژاردن چۆنە؟**

* من ئومێدم وایە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستانی عێراقدا بەوپەڕی هێمنی، بەوپەڕی دیموکراتی، بەوپەڕی مونافەسەیەکی شەریفانە لەنێوان نوێنەرەکانو لەنێوان لیستەکاندا تێبپەڕێت، ئەگەر هەموو لایەک ئامانجی ئەوەبێت کە خزمەتی میللەتەکەی خۆمان بکات، خزمەتی میللەتەکەی ئێمە لەپاراستنی ئەمنو ئاسایشی هەرێمدایە، خزمەتی میللەتەکەمان لەوەدایە کە هەوڵبدەین پەرلەمانێکی فرە رەنگو فرە دەنگی وابێتە پێشەوە کە مەجالی ئۆپۆزسیۆنی تیابێت، چونکە هیچ وڵاتێک لە دنیا ناتوانێت ئیدیعا بکات بڵێت من وڵاتیکی دیموکراتیم ئەگەر ئۆپۆزسیۆنی تیا نەبێت، لەبەر ئەوە دەبێت پێمان خۆشبێت کە رکەبەری لەنێوان لیستەکاندا هەبێت، رکەبەری لەنێوانی لیستەکاندا هەبێت لەسەرئەوەی کە باشترین کەس هەڵبژێرن بۆ پەرلەمان کێبڕکێیان لەنێواندا هەبێت کە باشترین بەرنامە دابنێن، رکەبەری لەسەر ئەوە هەبێت کە کامیان بە سەردەمیی ترینو بە دیموکراتیی ترین شێوە داخڵی پەرلەمان دەبن، نەک لەسەر بنچینەی دیکە.

KNN: **تۆ پێتوایە ئەم بارودۆخەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان درووستـبـووە (بە لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی ئـەم چەمکە زۆر بەکاردەهێنرێت) وەرچەرخانێکە لـەرووی دیموکراسییەوەو دیسانەوە مۆدێلێکی نوێمان نیشاندەدات؟**

* بەڵێ، ئومێدم وایە، کە پرۆسەی هەڵبژاردن بەشێویەکی هێمنو دیموکراتی بەرەوپێشەوە بچێت ئەو لیستانەی کە ئێستا رکەبەری لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، نوێنەرەکانیان بچنە پەرلەمانەوە. بێگومان بەرنامەو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، ئەو بۆچوونو بەرنامە جیاوازانە لە ناو پەرلەماندا وابێت کە رکابەری یەکتریی بکەن بۆ ئەوەی کە کامیان بتوانن، زۆرترین خزمەت بە میللەتەکەمان بکەنو زۆرترین خەڵک بەلای خۆیاندا رابکێشن.

KNN: **بە لەبەرچاوگرتنی ئـەوەی لە رابردوودا کەمتر هۆشیاری تاکی کورد لەبەرچاو گیراوە، لەم جارەیاندا بەشێوەیەکی گشتی لیستو قەوارە سیاسییەکان بەرنامە دەکەنە فەلسەفەی کاری خۆیانو دەیخەنە بەردەمی جەماوەر؟**

* پێموایە لـەدوای تێپەڕبوونی (١٨) ساڵ لە حوکمڕانی کوردیی بەڵێ، ئێستا بەرنامە وەک لە چەند جارێکی دیکەدا باسمکردووە، لەدوای راپەڕین بۆ ماوەی دەساڵ زیاتریش ئێمە لەبەر ئەوەی لەبەغدا حکومەتی بەعس لەسەر کاربوو، ئەولەویەتی هەموو هێزە سیاسییەکان لە کوردستانی عێراقدا ئەوەبوو، کە تەسبیتی حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانی کوردستان بکەن، لەدوای رووخانی سەدام ئەولەوییەتی هەرێمی کوردستان ئەوەبوو کە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە دەستووری عێراقدا بچەسپێنن، بەڵێ ئێستا ئەولەوییەتی خەڵک بۆ ئەوەیە تەرکیز بخرێتە سەر بەرنامە، ئایا بەرنامەکەی تۆ چ خزمەتگوزارییەکی گشتی پێشکەش بەخەڵک دەکات؟ چ گۆڕینێک لە چۆنایەتی ژیانی خەڵکدا دەکەیت؟ چۆن عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەیت؟ ئەمانە بەرنامەن، تەنیا دروشمی سیاسی نین، خەڵک ئێستا بەلایەوە گرنگە رۆژی چەند سەعات کارەبای هەیە؟ رۆژی چەند سەعات ئاوی خواردنەوەی هەیە؟ چەند کیلۆمەتر رێگاوبانی هەیە؟ چەند بنکەی تەندروستی هەیە؟ چەند بینای قوتابخانە هەیە؟ ئەمانەی زۆر زۆر بەلاوە گرنگەو بەشێکە لە بەرنامەی سیاسی.

KNN: **ئەمە لەو قەناعەتەوەیە لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانتدا باس لەوە دەکەیت کە ئەولەویەتی ئێستا چاکسازیی ناوخۆیمانە؟**

*ئەولەویەتی ئێستا چاکسازیی نییە، بەڵکو گۆڕانە، قۆناغێک چاکسازیی بوو، ئێستا ئەولەویەت گۆڕانە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەماندا، گۆڕین نییە لە دەموچاوو کەسەکاندا، گۆڕینە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتـدا، ئەم وڵاتـەی ئێمە هەتا ئێستاش مەکتەبی سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، ئیتر کاتی ئەوەهاتووە کە پەرلەمان ببێت بە مەرجەعێکی سیاسی، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران بەبێ تەدەخولی رۆژانەی سەرکردایەتی حیزبەکان، بتوانێت کاروباری دائیرەکانی بەڕێوەبەرێت،، قایمقامو بەڕێوەبەری ناحیەو موحافیزەکانو سەرۆکی شارەوانیو سەرۆکی دائیرەکان لەسەر بنچینەی لێوەشاوەییو شارەزاییو زانایی ئیشەکانیان بەڕێوەبەرن، بەبێ تەدەخولی حیزبی، دادگاکانمان سەربەخۆبنو هیچ لایەنێک نەتوانێت دەستوەربداتە کاروبارەکانیان، زانکۆکانمان سەربەخۆبن، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەژێر هەیمەنەی حیزب بێنە دەرەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە توێژەکانی خۆیان بکەن. بەرپرسانی حیزب نەتوانن دەست لە بازاڕو سەرمایەگوزاریی وەربدەن، ئەمە لەو جۆرە شتانەیە کە ئێستا بووەتە داخوازی خەڵک، ئەمانە هەمووی بەرنامەی سیاسییەو هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە ئەمە فلانە کەس دەیکات یان کامە حیزب بیکات، هەرلایەنێک بیکات پێموایە خەڵک لە دەوری کۆدەبێتەوە.

KNN: **بەڕای ئێوە ئەمە بووەتە داخوازی خەڵک؟**

* پێموایە بووەتە خواستێکی جەماوەری.

KNN: **جۆرێک لە جیاوازی لەم هەڵبژاردنەدا بەدیدەکرێت بەهۆی بوونی لیستی جیاوازەوە، ئەگەر هاتو بەشێوەیەکی دیموکراسیانە هەڵبژاردنەکە تێنەپەڕێت، هەنگاوە مەدەنییەکانو ئەو رێوشوێنانەی کە پێویستە هێزە سیاسییەکان بیگرنەبەر بەڕای ئێوە چییە؟**

* پێموایە نابێت هیچ لایەنێک بەهیچ جۆرێک بیر لە بەکارهێنانی توندوتیژیی بکاتەوە، ئەمە وەکو مەبدەئێک دەبێت قبوڵی بکەین، مەبدەئی دووەم، ئەوەیە ئێستا ئاسایشی پرۆسەی هەڵبژاردنو سەلامەتی پرۆسەی هەڵبژاردن بەدەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوەیە، دەبێت ئەوان بیپارێزنو مەسئولی یەکەمن لە پاراستنی ئاسایشی پرۆسەی هەڵبژاردن. لە کوردستانی عێراقدا، ئەوەی جێگای داخە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا چوار دەزگای گرنگ کە دەتوانن عامیلی کاریگەربن لە هەڵبژاردندا ئەمانە بێلایەن نین، یەکەمیان هێزەچەکدارەکانە کە بریتین لە هێزەکانی ئاسایش، هێزی پێشمەرگە، پۆلیس، ئەمانە لە سلێمانی بەدەست یەکێتییەوەیەو لە هەولێریش بەدەست پارتییەوەیە، داموودەزگای حکومەت بەهەمانشێوە لە ئیدارەی سلێمانی بەدەست لایەنێکی سیاسییەوەیەو لە هەولێریش بەدەست لایەنێکی دیکەی سیاسییەوەیە، سەرچاوەکانی دارایی حکومەت کە موڵکی هەمووانە ئەویش دیسانەوە بەدەست دوولایەنی سیاسییەوەیە، دەزگاکانی راگەیاندن کە ئەوانیش کاریگەرن بەشی هـــەرەزۆری کەناڵە ئاسمانییەکانو رادیۆکانو رۆژنامەکان بەدەست ئەم دوولایەنە سیاسییەوەیە، بە مانایەکی دیکە، نەهێزی چەکدار، نەپارەو پولی گشتی، نەبیرۆکراسی دەوڵـەت نەڕاگەیاندن بێلایەن نییە، لە وڵاتانی سەرتاسەری دنیا تەنانەت ئەگەر ئێرانو تورکیا بەنموونە بهێنینەوە کە لە تەنیشتمانەوەن، لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا ئەم چوار رەگەزە کە باسمکرد بێلایەنن لە هەڵبژاردندا، بێگومان لە هەڵبژاردندا هەریەکێک کە لەم داموودەزگایانەی باسمکرد، لە رۆژی هەڵبژاردندا وەکو تاک دەنگدەدەن بەلایەنێکی سیاسی، بەڵام لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا ئەمانە بێلایەن دەبن، بەڵام لە وڵاتی ئێمەدا بێلایەن نین، ئێمە ئومێدمان وایە، ئەم دوولایەنە دەسەڵاتدارە پرۆسەی هەڵبژاردن بە سەلامەتی بەڕێوەبەرن، خۆ ئەگەر وانەبێت ئێمە پەنا دەبەین بۆ دادگاکانی کوردستان، ئەگەر لە کوردستانیش دادیان نەپرسین، ئەوا پەنا دەبەین بۆ بەغداو رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانو ئاخیر شتیش پەنا دەبەینە بەرمیللەتی خۆمان، بەڕێگەی مەدەنیانەو خۆپیشاندانو مانگرتنو ئەو رێگایانە دەگرینە بەر.

KNN: **ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە حیزبی بێت وەک باسکرا، بـەڕای تۆ رۆڵـی خەڵکانی سەربەخۆ لە هاوکێشەکەدا چۆن دەبینیت؟**

*ئەوەی جێگەی داخە پێموایە تائێستا نەیانهێشتووە رۆڵەکانیان کاریگەر بێت، ئەویش لەبەر کۆمەڵێک هۆ بووە، وەکو باسمکرد مەسەلەی ئەولەویەت زۆر گرنگ بووە لەهەر قۆناغێکدا، ئێستا ئەولەویەتەکان گۆڕاوە، سەردەمێک ئەگەر ئەولەویەت بۆ ئەوە بووبێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانەکەی جێگیر بکەین، سەردەمێک بۆ ئەوە بووبێت کە سەقامگیری لە کوردستاندا هەبێتو شەڕی ناوخۆ نەمێنێت، سەردەمێک ئەگەر بۆ ئەوە بووبێت کە مافەکانی کورد لەدەستووری عێراقدا جێگیر بکرێت، ئێستا قۆناغی ئەوە هاتووەتە پێش، کە گۆڕان لە چۆنایەتی ژیانی خەڵکدا بکرێت، ئەمەش بووە بەخواستی خەڵک، تەنانەت بووە بەخواستی حیزبەکانو حیزبە دەسەڵاتدارەکانیش، من پێموایە قۆناغێک دەستیپێکردووە کە حیزبەکانیش دەبێت بەخۆیاندا بچنەوە، ئێستا دەلاقەیەکی گەورە دروستبووە لەبەینی حیزبەکانو لەبەینی کۆمەڵانی خەڵکدا، لەبەینی قاعیدەی حیزبەکانو سەرکردایەتی حیزبەکاندا، تەنانەت لەبەینی ئەندامانی سەرکردایەتی حیزبەکانیشدا جۆرێک لە بێ متمانەیی دروستبووە، ئەمە دەمانخاتە سەر قۆناغێکی تـازە، کە قۆناغی بەخۆداچوونەوەیە کە قۆناغی گۆڕانە، قۆناغی چاکسازییە لـەبـواری ئـابـووریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییو سیاسی، رەنگە هەندێک کەس ئەو وشەیە بەجۆرێکی دیکە لێکبداتەوە، کە من پێموایە قازانجی هەموو کەسێکی تیایەو زەرەری کەسی تیانییە، هەموو کەسێک قازانج لەوە دەکات زانکۆو پەیمانگاکانمان ئاستێکی زانستی بەرزیان هەبێتو ببن بەشوێنی داهێنانو پێگەیاندنی کادیری پاشەڕۆژ، هەموو کەسێک قازانج لەوەدەکات کە بازاڕی ئێمە ئازادبێت گرانی نەمێنێتو منافەسە لەناو بازاڕدا هەبێتو ئیحتیکار نەمێنێت، هەموو کەسێک قازانج لەوە دەکات کە قانوون سـەروەر بێتو دادگاکان دەسەڵاتیان هەبێتو هەرکەسێک شکاتێکی هەبێتو بتوانێت پەنای بۆبەرێت، یاخود پەرلەمانێکمان هەبێت ببێتە مەرجەعی سیاسی، ئەمە ئەوەیە کە تاکی کورد بە فەقیرو دەوڵەمەندەوە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەوە قازانجی لێدەکەنو پێموانییە کەس دژی ئەوەبێت.

KNN: **زۆرجار بەناوی ئێوەوە بەشێوەیەکی گشتی قسەو لێدوان بۆ راگەیاندنەکان دەدرێت، قسەکردن بەناوی ئێوەوە چۆنە؟**

* بەنیسبەت لیستی گۆڕانەوە، ئێمە لەناوخۆماندا رێککەوتووین کەسێکمان کردووە بەوتەبێژی رەسمیی لیستەکەمان ناوی د.شاهۆ سەعیدە، د.شاهۆ کەسێکی دەسـەڵاتـدارە کە دەوتوانێت بەناوی لیستەکەوە بۆ هەموو لایەک قسە بکات، لەمەولا هەرکەسێک یان هەر کەناڵێکی راگەیاندن قسەیەکی گوێزایەوە بەناوی سەرچاوەیەکی نزیک لەمن یان لە کۆمپانیای وشە، یان لە لیستی گۆڕان، بێجگە لە قسەی د.شاهۆ سەعید هیچ ئیعتیبارێکی نییە، بەنیسبەت کۆمپانیای وشەشەوە، کۆمپانیای وشە حیزبی سیاسی نییە، لەناو کۆمپانیاکەماندا بیروبۆچوونی جیاواز هەیە خەڵک هەیە سەر بەفیکری جیاوازەو خەڵکیش هەیە بێلایەنە، ئێمە کۆمەڵێک دەزگای راگەیاندنی وەکو کەناڵێکی ئاسمانی تەلەفزیۆنو رۆژنامەیەکی رۆژانەو رادیۆو سایتمان هەیە، کە دەتوانین بیروبۆچوونەکانی خۆمانی تێدا بڵاوبکەینەوە، بۆیە هەرچی بیروبۆچوونێکمان هەیە دەتوانین بەبێ شـەرم بـڵاوی بکەینەوە، بۆیە ئەو قسانەی کە لە راگەیاندنەکانەوە بەناوی سەرچاوەیەکی نزیک لە فلانەکەسو فیسارەکەس بڵاو دەکرێتەوە هیچ ئیعتیبارێکی نییەو ئەو دەزگایانە خۆیان ئەو شتانە بڵاو دەکەنەوە.

KNN: **دواپرسیارمان ئەوەیە کە چەند رۆژێکی دیکە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان نزیکدەبینەوە، ئێوە لەم هەڵمەتەدا دەتانەوێت مۆدێلێکی تازە بێننە ناو ئەو کێبڕکێو ململانێ دیموکراسیەوە، ئایا دەتانەوێت لەڕووی کەمپەینو بانگەشەی هەڵبژاردنیشەوە جیاوازبن؟**

_ کەمپەینی هەڵبژاردن چەند جۆرێکی هەیە؛ دوو جۆری سەرەکیان، یەکێکیان ئەوەیە کە لایەنێک لە پڕوپاگەندەکە تەرکیز دەکاتە سەرشکاندنو سووککردنی لایـەنـەکـەی دیـکـەو هـەوڵـدەدات شەخسەکانی بشکێنێتو هێرش بکاتە سەر کەسایەتی پاڵێوراوەکانو ناوەڕۆکی بەرنامەکەی پووچەڵ بکاتەوەو سـووکو سەلیمی بکاتو لە رێگەی شکاندنی پاڵێوراوەکانیەوە بەرنامەکەی سووک بکات، یەکێکی دیکەیان ئەوەیە کە لایەنەکانی دیکە فەرامۆش دەکـاتو تەرکیز دەخاتە سەر روونکردنەوەی بەندەکانی بەرنامەکەیو روونکردنەوەی کەسایەتی پاڵێوراوەکانیو ئەوانەی کە نوێنەرایەتی لیستەکەی دەکەن، ئێمە هەوڵدەدەین رێگەی دووەم بگرینو لەباتی ئەوەی کە هێرش بکەینە سەر ئەمو ئەو، هەوڵدەدەین ئەو کەسانەی کە پاڵێوراوی ئێمەن بە خەڵکیان بناسێنینو خۆیان بێنە سەر تەلەفزیۆنو بیروبۆچوونی خۆیان بۆ خەڵک بڵاو بکەنەوەو لە هەمانکاتیشدا هەوڵدەدەین بەرنامەکەی خۆمان بەچاکترین شێوە بۆ خەڵک رۆشن بکەینەوە، بۆ ئەوەی خەڵک خۆی قەزاوەت بکات لەسەر ئەوەی کە ئایا بەرنامەکەی ئێمەو ئەو کەسایەتیانەی ئێمە پاڵاوتوومانن جیاوازییان چییە.

ئەولەویەتی ئێستا چاکسازیی نییە گۆڕانە، قۆناغێک چاکسازیی بوو، گۆڕانە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەماندا، گۆڕین نییە لە دەموچاو و کەسەکاندا، گۆڕینە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا

ئەم وڵاتەی ئێمە هەتا ئێستاش مەکتەبی سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، ئیتر کاتی ئەوەهاتووە کە پەرلەمان ببێت بە مەرجەعێکی سیاسی، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیران بەبێ تەدەخولی رۆژانەی سەرکردایەتی حیزبەکان، بتوانێت کاروباری دائیرەکانی بەڕێوەبەرێت

## نەوشیروان مستەفا:

# ئەم دەستوورە پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی کـ



ڕۆژنامە

نەشیروان مستەفا لەوبڕوایەدایە، ناوەڕۆکی ڕەشنوسی دەســتــووری هەرێمی کوردستان ناوەڕۆکێکی زۆر زۆر کۆنەپەرستانەیە، ناوەڕۆکێکە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، ئێمە دەمانەوێت وڵاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنین، بەڵام ناوەرۆکی ئەم دەستوورە پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان دەکات بەدوو دەزگای کارتۆنی لاوازی بێ دەسەڵات، لە بەرامبەردا، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆر بەهێزو زیاد دەبێت، کە ئەمە پێچەوانەی مەنتقی گەشەکردنی ڕووداوەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە.

لەوچاوپێکەوتنەدا کە تەلەفزیۆنی KNN لەگەڵیدا ئەنجامیدا نەوشیروان تیشکی خستە سەر ڕەشنووسی دەستوورو بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستانو مەسەلەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا، هەروەک وتی: ئەو لەویەتی ئێستا چاکسازیی نییە، بەڵکو گۆڕانە. قۆناغێک چاکسازیی بوو، لەئێستادا ئەولەویەت گۆڕانە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەماندا، گۆڕین نییە لـەدەمو چاو و کەسەکاندا، گۆڕینە لەشێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتدا، ئەم وڵاتەی ئێمە هەتا ئێستاش مەکتەبی سیاسییەکان بەڕێوەی دەبەن، ئیتر کاتی ئەوەهاتووە کە پەرلەمان ببێت بەمەرجەعێکی سیاسی، کاتی ئەوە هاتووە کە ئەنجومەنی وەزیـران بەبێ تەدەخولی ڕۆژانەی سەرکردایەتی حیزبەکان، بتوانێت کاروباری دائیرەکانی بەڕێوەبەرێت.

> **ئەمانە بەشێوازی موئامەرە هەموو شتەکانیان دواخست بۆ ئەوکاتەی کە تەمەنیان بەسەرچووە، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر فشاری کاتەوەو لەژێر فشاری کاتدا بڕیار بدات، بۆیە بەڕاستی دەبێت میللەتەکەمان ئەمە ڕەفز بکات**

**KNN: دەستوور وەک یەکێک لە هەرە مەسەلە زیندووەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی ئەمڕۆ قسەو باسی لێ دەکرێتە ڕای ئێوە لەوبارەیەوە چییە؟**

* بێگومان دەستوور لە هەموو وڵاتێکدا شتێکی زۆر گرنگەو ناودەبرێت بە دایکی یاساکان، هەموو یاسایەک لەسەر بنەمای دەستوور دادەنرێت، مێژووی داواکردنی نووسینی دەستوور لە هەرێمی کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەڕین، کاتێک کە یەکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان کرا، ئەو سەردەمە یەکێک لەو مەسەلانەی کە دەهاتە کایەوەو بە درێژایی مفاوەزاتەکانی سەردەمی شۆڕشو حکومەتی عێراقی یەکێک لەو پرسانەی کە هەمیشە بە گرنگی باسی لێوە دەکرا، جۆری ڕێکخستنی پەیوەندی حکومەتی هەرێمو حکومەتی بەغدا بوو، ئەوساکە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان وا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە سیغەی فیدراڵی، شێوەی فیدراڵی، پەیوەندی فیدراڵی لەنێوان هەرێمو حکومەتی بەغدا بکرێت بە بنچینەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان، لەسەر ئەو بنچینەیەش دانرا کە دەستوورێکی فیدراڵی بۆ هەرێمی کوردستان بنووسرێت، ئەو سەردەمە چەند کەسێکی یاسایی، چەند کەسێکی پسپۆڕ، شـارەزا، سیاسی، پڕۆژەی دەستووریان نووسی، ئەوەندەی من لەبیرم بێت، ڕەنگە ئێستا لە ئەرشیفی پەرلەمانی کوردستانیشدا بۆی بگەڕێین هەبێت. بەلایەنی کەمەوە پڕۆژەی سێ دەستووری هەرێم نووسراوە لەلایەن سێ گروپو کەسی جیاوازەوە لەو سەردەمانەدا نووسیویانە، ئەو سەردەمانە، دەستوورەکەیان ڕەتـکـردەوەو نەیانویست بنووسرێت، بەبیانووی ئەوەی کەرکوکو ناوچە دابڕاوەکان، کە لەسەر هەرێمی کوردستان نین، بێبەشدەبن، هەم نوێنەریان نییە لە پەرلەمانی کوردستان، لەکاتی ڕاپرسیشدا ناتوانن، دەنگی لەسەر بدەنو ئەو دەستوورە قبوڵ بکەن یان قبوڵی نەکەن.

ئەمە بیانووی ئەو سەردەمە بوو، بێگومان بیانووی سیاسی لەپشتەوە بوو، بەڵام ئەوەیان کردبوو بەبیانووە ئاشکراکەی، ئێستاش ئەگەر بەهەمان مەنتقی ئەو زەمانە تەماشا بکەی هەمان بیانوومان هەیە بۆ ئەوەی کە دەستوورەکە تێنەپەڕێت، لەبەر ئەوەی کە بەلایەنی کەمەوە چواریەکی زەوی کوردستان لـەدەرەوەی هەرێمی کوردستانە، ئەوانە لەم دەستوورەدا ناتوانن دەنگی لەسەر بـدەن، بێبەش دەبـن، لە پەرلەمانی کوردستانیشدا نوێنەریان نییە، جگە لەوە جالییەی کوردیی کە ئێستا سەدان هەزار کەسن، لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، چ لە ئەوروپا، چ لە ئوستراليا، چ لە ئەمریکا، چ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەوانەش بێبەش دەبن، لەبەر ئەوەی لەم دەنگدانەدا دەگیان نییە، ناتوانن دەنگ بدەن.

جگە لەوە ئێمە دەستوور لە سێ لاوە تەماشا دەکەین، یەکێکیان لایەنی ناوەڕۆکەکەیەتی، کەمن پێموایە، ناوەڕۆکی ئەم دەستوورە ناوەڕۆکێکی زۆر زۆر کۆنەپەرستانەیە، ناوەڕۆکێکە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ دواوە، ناوەڕۆکێکە کە ئێمە دەمانەوێت وڵاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنین، ئەم دەستوورەی ئێستا کاری بۆ دەکرێت پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی کوردستان دەکات بەدوو دەزگای کارتۆنی لاوازی بێ دەسەڵات، لە بەرامبەردا، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم زۆر بەهێزو زیاد دەبێت، کە ئەمە پێچەوانەی مەنتقی گەشەکردنی ڕووداوەکانی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە، جگە لە مەسەلەی ناوەڕۆکی دەستوورەکە، مەسەلەی ئەوەی ئەم دەستوورە نەخراوەتە بەرچاوی خەڵک، وا ئیدیعا دەکەن کە دووساڵ لەمەوپێش خستوویانەتە بەردەمی خەڵک، من تەحەدای ئەوانە دەکەم بەشی زۆری ئەندامەکانی پەرلەمان خۆشیان ناوەڕۆکی دەستوورەکەیان نەخوێندووەتەوە، نەخراوەتە بەر گفتوگۆیەکی جدی لە تەلەفزیۆنو ڕادیۆو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، تەنانەت لە پەرلەمانەکەی خۆشیاندا، بێجگە لەو لیژنە دەستوورییەی کە دایانناوەو لیژنە دەستوورییەکە گوێڕایەڵی سەرکردایەتی سیاسی حیزبەکانە، ئەوان پێیان دەڵێن چی بکەن و چی نەکەن، بێجگە لەوە نەخراوەتە گفتوگۆیەکی جدییەوە، تا لێی بزانن.

وڵاتــی واهەیە دەســتــووری نییە، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک بەریتانیا کە یەکێکە لە کۆنترین وڵاتە دیموکراتییەکانی دنیا، تائێستا دەستوورێکی نییە، پەرلەمانە کە یاسا دەردەکـەنو دەستکاری دەکەن، بە گوێرەی پێداویستییەکانی ڕۆژ. ئەمانە دەستوورێکیان نووسیوە، شەش حەوت لاپەڕە هەر پێشەکییەکەیەتی، لەکاتێکدا دەستووری ئەمریکا کە یەکێکە لە گەورەترین وڵاتەکانی دنیا، پێشەکییەکەی بریتییە، لە دوو ڕستە، بریتییە لەوەی کە دەڵێت: «ئێمە میللەتی ئەمریکا بڕیارماندا»: مادەی یەک، دوو، سێ.... ئەمانە حیکایەتێکیان کردووە لە زەمانی ئادەمو حەواوە هێناویانەتە خوارەوە تا ئێستا.

جارێکی دیکەیش دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی دەستوورەکە، ناوەڕۆکێکە کە دەبێت میللەتەکەی ئێمە بەهیچ جۆرێک قبوڵی نەکات، لەلایەکی دیکەشەوە ئەم پەرلەمانە تەمەنی بەسەرچووە. لە حەقیقەتا ئەم پەرلەمانە فێڵمان لێدەکەن، وەختی خۆی من خۆم سەرپەرشتی بەشێک لە لیستەکانی یەکێتیم کردووە، من وەکیلی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووم لە کۆمسیۆنی باڵا.

**KNN: ببوورە مەبەستت چییە لـەوەی کە دەڵێیت فێڵمان لێدەکەن؟**

* کاتی خۆی ئەم پەرلەمانەمان کە هەڵبژارد، لەگەڵ پەرلەمانی عێراقیدا هەڵمانبژاردن بۆ ماوەی یەک ساڵ، ئەوان یەک ساڵەکەیان کرد بە چوار ساڵ، ئێستاش تەمەنیان تەواو بووە، بە بێئەوەی هیچ کارەساتێکی سروشتی بووبێت، بێ ئەوەی جەنگی ئەهلی بووبێت، بەبێ ئەوەی هەرێمی کوردستان هێرشی کرابێتە سەر، دەیانتوانی دووساڵ لەمەوپێش ئەم دەستوورە بێننە پێشەوەو گفتوگۆی لەسەر بکەن، دەیانتوانی یاسای هەڵبژاردن دوو ساڵ لەمەوپێش بێنن قسەی لەسەر بکەن، چونکە دەیانزانی هەڵبژاردن کەی دەکرێت. بەڵام ئەمانە بەشێوازی موئامەرە هەموو شتەکانیان دواخست بۆ ئەوکاتەی کە تەمەنیان بەسەرچووە، بۆ ئەوەی بکەوێتە ژێر فشاری کاتەوەو لەژێر فشاری کاتدا بڕیار بدات، بۆیە بەڕاستی دەبێت میللەتەکەمان ئەمە ڕەفز بکات.

**KNN: ئەگەر بارودۆخی دەستوورەکە بەم شێوەیە بێتو پەرلەمانیش لەڕووی یاساییەوە شەرعییەتی نەمابێتە تێپەڕاندنی دەستوور بۆ؟**

* لەبەر ئەوەی دڵنیانین کە پەرلەمانی داهاتوو زۆرایەتییەکی مسۆگەری ئەوتۆیان هەبێت، چیان بوێت بیکەن، بۆیە دەیانەوێت بەو ماوە کورتە ئەوەی بیانەوێت بیسەپێنن، کە میللەتەکەی ئێمە نابێت قبوڵی بکات.

**KNN: ئەگەر بگوازینەوە بۆ بارودۆخی**

> **بەڵێ ئێستا ئەولەوییەتی خەڵک بۆ ئەوەیە تەرکیز بخرێتە سەر بەرنامە، ئایا بەرنامەکەی تۆ چ خزمەتگوزارییەکی گشتی پێشکەش بەخەڵک دەکات؟ چ گۆڕینێک لە چۆنایەتی ژیانی خەڵکدا دەکەیت؟ چۆن عەدالەتی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکەیت؟ ئەمانە بەرنامەن، تەنیان دروشمی سیاسی نین**

# ـــێتە یەکێک لە خەمەکانی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی لە هەرێمـدا

پتەو وەستاوین، یاخود ئاماژەکردن بەوەی ئەوانەی لافی دیموکراسیبوون لێدەدەن، دەبێت ئامادەی قبوڵکردنی وەگەڕخستنی لۆژیکو میکانیزمو دەرهاویشتەکانی بکەن، وامان لێدەکەن نەتوانین تێگەیشتنێکی قوڵو هاوسەنگ بۆ واقیعی وڵاتەکەی خۆمانو هێزەکانی بینابکەین، لێرەشەوە دەبێت ئامانجێکی گـەورە لە کێبڕکێکە بە بەهێزکردنی پایەکانی دیمـوکراسـی لـە هـەرێـمو فراوانترکردنی پانتاییەکانی بەشداری سیاسیو یاساسالاریی بێت، واتە بەشێکی گرنگ لە وزەی گۆڕانخوازییو چاکسازیی لەم قۆناغەدا، ئاراستەی بەدیهێنانی ڕێساکانی گەمەکە بکرێت. بە دەربڕینێکی مارکسیستانە دەبێت بایەخدانی گەورە بە ژێرخانی دیموکراسی بێت، چونکە ئەو مۆدێلە حوکمڕانییەی ئێستا لە وڵاتەکەماندا لەئارادایە، بەرهەمی دۆخێکی دیاریکراوی سیاسیو کۆمەڵێک ڕێساو چوارچێوەیە. هەرێمی کوردستان لە هەندێک ڕووەوە لە قۆناغی ڕاگوزەریدایە بەرەو دیموکراسی، ئەو قۆناغەش لـەڕووی سۆسۆلۆژیای سیاسییەوە دەرهاویشتەو خەسڵەتو ئەرکی تایبەتی بەخۆی هەیەو دەبێت ڕەچاوبکرێن.

**ڕۆژنـامـە: ئەگەر لە کۆمەڵگایەکدا دیموکراسی پیادەنەکرێت، دەتوانرێت بەشێوەیەکی ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت؟**

*بێگومان نەخێر، چونکە لە کۆمەڵگایەکدا دیموکراسی حکوم نەکات، ئێمە لەبەردەم بوونی فرەحیزبیو هەڵبژاردنی ئازادو کێبڕکێی مەدەنیو دەستوورسالارییو بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، دابینکردنی مافو ئازادییە گشتیو تاکەکەسییەکاندا نابین، بە نەبوونی ئەو دۆخەش، هەموو باسکردنێک لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، دەبێت بە قسەکردنێکی پوچو بێمانا. ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات داهێنراوێکی سیاسیو ترۆپکو ڕۆحی دیموکراسیە، بەدیهێنانی لەئارادابوونی دیموکراسیەتێکی ڕاستەقینەو تارادەیەکی زۆریش لیبرالیزمی سیاسی دەخوازێت.

**ڕۆژنامە: ئەم تێکەڵاوییەی حیزبو حکومەت، هیوای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دەپوکێنێتەوە؟**

* گەر ئەو هیوایەش نەپوکێتەوە بە مانای پوکانەوە، ئەوا ڕێگرێکی گەورەیە، چونکە بێلایەنی دامەزراوە ڕەسمییەکان بەرامبەر هێزو پـارتو تەوژمەکان، مەرجێکی گرنگی بـوونـی دەوڵـەتـی یاسا، یاسا سـەروەریـی، دیموکراسی، سەرئەنجامی هێنانەدی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتە، لەبیرمان نەچێت تێکەڵاوبوونی حیزبو حکومەتو حیزبو دەوڵـەت (کە ئەمەی دواییان ڕاستترە)، لەڕووی مێژووییەوە ئاماژەیە بە مۆدێلی دیموکراسی میللی وڵاتە کۆمۆنیستییەکانی جاران، زۆرێک لە وڵاتانی جیهانی سێ لەسایەی سیستمی تاک حیزبی، یاخود حیزبی فـەرمـانـدەدا، حیزب بەوجۆرە تێکەڵاو بە دامودەزگا ڕەسمییەکان دەبێت، چونکە لەو مۆدێلانەدا دەوڵەتو حکومەت زۆرجـار دەبنە ڕووکـارو میکانیزمێکی حیزب.

**ڕۆژنـــامـــە: بـوونـی دووئـیـدارەیـی نەخۆشییەکی دیـکـەی کــوردە، ئەم دووئیدارەییە چی کاریگەرییەکی لەسەر بەرەوپێشچوونی ئەزموونی هەرێم دروستکردووە؟**

* ئـەم نەخۆشییەش کە لەسایەی دابەشبوونی هـەرێـمو دوو ئیدارەیی حوکمی دەڤەر، نوێنەبوونەوەی مۆدێلی حیزبایەتی، دیـاردەی میلیشیاگەریش تووشی جەستەی سیاسیو حوکمڕانیمان بووە، دەبێت چارەسەرکردنو سڕینەوەی پاشماوەو سیماو شوێنەوارو پێوەرەکانی، ببێتە یەکێک لە خەمە سەرەکییەکانی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیی لە هەرێمدا. دواخستنی کێبڕکێی مەدەنیش تەمەنی ئەم دیاردە دزێوە لە ژیانی سیاسیماندا درێژدەکاتەوە، ئەگەر حیزب بە شانەو خانەو ڕەگو دەمـاری دامەزراوەکانی حکومەتدا ڕۆچووبێت، ناوەندێکی بێلایەن لەئارادا نەمابێت، پێگەی دەسـەڵات لە دامــەزراوە دەستوورییەکان نەبێت، بەڵکو ئۆرگانو دامـەزراوە حیزبییەکان بن، چۆنو بە چ شێوەیەک هێزێکی دیکە دەتوانێت لەڕێی هەڵبژاردنەوە بچێتە سەر کورسی دەسەڵاتو ئەو بەرنامەیەی بۆ کۆمەڵگا خستوویەتیەڕوو، لەڕێی تواناکانی حکومەتەوە پیادەی بکات؟ پەرداخێک پڕبێت لە ئاو چۆن پەرداخێک ئـاوی دیکە لەخۆبگرێت؟ هەربۆیە بۆئەوەی پرسی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانە بێتە ئەگەرێکی ڕاستەقینە لەبەردەم هێزو پارتە سیاسییەکاندا، دەبێت بە یاسا ئەو پۆستانە دیاریکرابن کە حیزبی براوە دەتوانێت دەستکاریان بکاتو بیانگۆڕێت.

**ڕۆژنـامـە: تۆ لە چاوپێکەتنێکدا دەڵێیت «دەبێت حکومەتی بێلایەن بێتو بەبێ جیاوازیی خزمەتی خەڵک بکات»، لەکاتێکدا ئێستا حکومەتێکی موئەسەساتی بێلایەنمان نییەو دوو پارتی دەسەڵاتدار بەڕێوەی دەبـەن، ئیتر چۆن حکومەت جیاوازیی ناکاتو وەکـویـەک خزمەت دەکات؟**

* لـەوەبـەدەرو پەیکەری بنەڕەتی حـکـومـەت دەبـێـت لـەڕێـی مـەرجو بەرزبوونەوەی وەزیفییەوە پڕبکرێتەوەو پێکبێت، بۆئەوەی لە ڕوویەکەوە حکومەت خاوەنی بیرۆکراتیەتێکی چەسپاوبێتو تۆکمەییو سەقامگیرییو بەردەوامی بە کارەکانی ببەخشێتو کەڵەکەبوونی شارەزاییو کارگێڕی بۆ دەستەبەربکات، لەڕوویەکی دیکەشەوە ئەو ئاستە لە ئیدارە، ململانێی حیزبی تێدانەبێتو مۆرکی لایەنگری سیاسیی پێوەنەبێت، بێلایەن بێتو بۆ هەمووان بێت بێ جیاوازیی.

کەواتە دەبێت فشار بخرێتە سەر ئەم دیاردەیە، بۆئەوەی حکومەت لە هەموو ئەو جومگانەی کە نابێت حیزب تێیدا ئامادەبێت، لەدەست داگیرکاریی حیزبیی ڕزگار بکرێت، ئەوەش خزمەتێکی گەورە بە هـەردوو حیزبەکە دەکـات، چونکە ناچار بە نوێبوونەوەیان دەکات کە لەو ڕێیەوە دەتوانن لە ئایندەدا پارێزگاریی لە لانیکەمی توانای کێبڕکێی خۆیان بکەن، بەڵام لەم نێوەندەشدا کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بوونی دوو حیزبی گـەورە کە لەسایەی (١٠) ساڵ حوکمڕانیی دەڤەردا، بە کردەوە مۆدێلی حیزبی فەرماندەیان پیادەکردووە، ئێستا لە چوارچێوەی هاوبەشدا کاردەکەنو بەیەکەوە لەناو جومگەکانی دەسەڵاتدا ئـامـادەن لە ڕوویـەکـەوە دەرفـەت بۆ چاکسازیی زیاتر دەکـات، لە ڕوویەکی دیکەوە ڕەهەندی ئاڵۆزتر بۆ کێشەکە دروستدەکات، ئەمەش دەخوازێت لەکاتی شیکردنەوەو دیاریکردنی هەنگاوو ستراتیژەکاندا وێنەیەکی دیکە کتومت لەسەر واقیعە کوردستانییەکەدا نەپرژێت، بەڵکو تێورە سیاسیو کۆمەڵایەتیو نـمـوونـەکـانـی دیـکـە وەک ڕەگــەزی یارمەتیدەر لەم نێوەندەدا سەیربکرێن، لە هەموو حاڵەتێکیشدا ڕەشبین نەکرێت بـەو میکانیزمەی بـخـوازرێـت لەڕێی ئـەوەوە ڕەخـنـەی سیاسیو ئەخلاقی ئاراستەی واقیعی سیاسیو ئابووریو خزمەتگوزاریی بکرێت، چونکە ڕەشبینی ئەگەر پاڵ بە کەسو تەوژمێک نەداتەوە، ئەوا وزەی وێرانکردنی تێدا بەهێزدەکات، ستراتیژەکانی تێپەڕاندنو نوێکردنەوەی لەلا لاوازدەکات.

ئەوەی ئاماژەم پێکردووە باسکردنە لە دۆخی ئاسایی، ئەو هەموو مەرجەی کە پێویستە بێتەدی، بۆئەوەی زەمینە بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بەشێوەیەکی ئاشتیانە فەراهەم بکرێتو چارەسەرکردنی کێشەی دەسـەڵات، خوێنڕێژیی لێنەکەوێتەوەو هاوڵاتییانو هەندێک هێزی سیاسیو کۆمەڵایەتیش هەست بە جیاکارییو بێبەشیو پەراوێزخستن نەکەن، کە ئەگەر ئەمە ڕوونەدات، ئینتیمایان بۆ حکومەت لاوازدەبێتو بە ڕقو ڕەشبینییەوە سەیری دۆخەکە دەکەن.

**ڕۆژنامە: ئایا تاکی کـوردو نوخبە هێندە هۆشیارن کە بتوانن بەشێوەیەکی دیموکراسیانەو ئاشتیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکەن؟**

* سەرەتا ئەوە تاکی کوردی ئاسایی نییە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکات، بەڵکو نوخبەی سیاسی کۆمەڵگایە، بۆیە واباشترە پرسیارەکەو ئاستی ئامادەیی بۆ پرسێکی لەوجۆرە لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کـوردی، نوخبەی سیاسیو ئینجا هاوڵاتی ئاسایی بکرێت، لە شوێنی دیکەش وتوومەو لێرەشدا دەیڵێمەوە کە لەم وڵاتانەی ئێمەو لەوانەش کوردستان، نوخبە ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێتو هەر ئەویش چارەنووسی پرسو ئاراستەی ڕووداوەکـان دیاریدەکات، هەربۆیە بە پلەی یەکەم نوخبە لە قەیرانو تێکشکانو ئاڵۆزییەکان لێپرسراوە، نەک هاوڵاتی ئاسایی، ئەگەر هاوڵاتیش سلبییەو ڕۆڵی شایستە بەخۆی دیارنییە، بە پلەی کەم هەر ئەو لێپرسراوە. بوونی مێژوویەکی دووروودرێژ لە ستەمکارییو هەژارییو ژێردەستەییو جۆرەها هۆکاری دیکە، وایـانـکـردووە تاکی ئێمە بەگوێرەی پێویست هۆشیاریی نـوێ نەبێتەوە، یاخود بە مانایەکی دیکە بڵێین تائێستاش هاوڵاتی بەگوێرەی پێویست ناوەڕۆکی خۆی پەیدانەکردووە. لـەولاوە بەهۆی دواکەوتوویی سیاسییەوە، کەناڵەکانی بەشداریی سیاسی سستو لاوازنو تاک ناتوانێت ڕۆڵی سروشتی خۆی ببینێت، لە مێژووی سیاسیی ئێمەدا تاک یان سەرکوتکراوەو ڕێی بەشداریی لێگیراوەو لەبری ئەو بیرکراوەتەوەو بڕیاردراوە، یاخود لەمیانەی بەشدارییەکی ڕواڵەتیدا، ئیرادەی ساختەو زەوتکراوە، تەنیا وەک ئامرازێکی ڕەوایەتی بێ دانـی ڕەزیل سوودی لێوەرگیراوە، دەنا تاکو کۆمەڵگای ئێمە ئەگەر ڕێبەرایەتیەکی لێپرسراوانە بکرێتو بەشێوەیەکی خراپو بۆ مەرامی حیزبیو سیاسیی ناشایستەو سنووردار سوود لە زامە مادییو مەعنەوییەکانی جەستەو ڕۆحیان وەرنەگیرێت، دەتوانن پرۆسەیەکی شارستانی لـەوجـۆرە لەخۆبگرن، چونکە لەسەر ئاستی تاکی ئاساییو بنکە کۆمەڵایەتییەکە دەتوانین مـەسـەلـەی ئـاڵـوگـۆڕی ئاشتیانەی دەسـەڵات وردبکەینەوە، بە دەربڕینی سادەو ڕوونتر بیخەینەڕوو چارەسەری بکەین، وەک ئەوەی بپرسین ئایا تاکی ئێمە حەز بە ئاشتیو ئارامیو بێوەییو دوورکەوتنەوە لە شەڕو خوێنڕێژییو توندوتیژی دەکات؟ ئایا حەزدەکات لە وڵاتەکەیدا دەسەڵاتدارەکان بەگوێرەی خواستو ویستی خەڵکەکەو چاوەڕوانی کۆمەڵگا دەسەڵات بەڕێوەببەن؟ هەروەها پێویستییەکانیان بۆ بـەرژەوەنـدیـی نارەوای خۆیانو دەستو پێوەندەکانیان بەکارنەهێنن؟ دڵنیام ویژدانی ئینسانیو ئیسلامیو نەتەوەییو ئەخلاقیی تاکی کوردستانی، بە ئەرێنی وەڵامـی ئەو پرسیارانە دەداتەوە، چونکە تاکی ئێمەش وەک هـەر تـاکو مرۆڤێکی دیکە لە دۆخی ئاساییدا حەز بە ژیانێکی خۆشو خۆشگوزەرانو ئاشتیو ئازادی دەکات، حەزدەکات ئێستای ژیانێکی باشی هەبێتو لە ئایندەی خۆیو نەوەکانی نەترسێت. لێرەشەوە دەتوانین ئەو مافە بە خۆمان بدەینو بڵێین کە زۆرجار کاتێک بەناوی تاکەکانی کۆمەڵگاوە ڕەوایەتی بە هەندێک دۆخو هەلومەرجو سیاسەت دراوە، ناهەقی دەربارەی هاوڵاتییانو کۆمەڵگا کراوە، چونکە تاکی ئێمە با بەگوێرەی پێویستیش هۆشیارنەبێتو قوربانی مێژوویەکی ستەمکارانە بێت، بەڵام خۆ بەشی ئەوەندە هۆشیارییو ویژدانی هەیە کە شەڕخوازو شەڕەنگێزی پیشەیی نەبێت، هەڵبەت ڕاستە ئەگەر هاوڵاتی هۆشیارتربێت، دەتوانێت سنورو بۆ گەمە سەرشێتو نارەواکانی نوخبە دابنێت، بەتایبەتی ئەو بەشە نوخبەیەی کە چنگی خستووەتە جومگەکانی دەسەڵاتو سامانو دارایی گشتیو بڕیاری سیاسیو ئابووریو سـەربـازیو ئەمنی لەبەردەستدایە، دەتوانێت تێکشکانی مێژوویی تاکی ئێمە بە خراپ بەکاربهێنێت، هەروەها ئەوەش ڕاستە کە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هۆشیارییەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیی دیاریکراوو تایبەت بەخۆی دەخوازێت، بەڵام مەسەلەکە کە لەم ئاستەشدا بە پلەی یەکەم هەر پەیوەستە بە نوخبەوە، گەرچی نوخبە ئەوەی لەسەری پەکی کەوتووە، تەنیا هۆشیاریی نییە، بەڵکو هەست بە لێپرسراوێتیشە، چونکە ئـەم هـەسـتـەی دووەمـــە وادەکـــات هۆشیاریش نەبێتەوە ئامرازێکی دیکەی فریودانو فرتوفێڵو ملپێکەچکردنو چەواشەکردنو خۆدزینەوە لە یاسا، کە ئەوەش ڕووی دووەمی عەقڵی ئامێرییەو هۆشیاریش نەبێتەوە لەو بەرگەیدا، بە مانا ڕۆشنگەرییەکەی هۆشیارییەکی قەڵبو ساختەیە، بەڵام ئەوەی لێرەداو لە پەیوەندی بەم مەسەلەیەوە دەمەوێت جەختی لەسەربکەمەوە، بوونی ئیرادەی خێرو چاکسازییە لەنێو نوخبەدا بێئەوەی کەمکردنەوە بێت لە بایەخی هۆشیاریی تاکو کۆمەڵگا لە سەرەڕێی بەدیهێنانی خـواسـتـی ئـاڵـوگـۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات.

**بێلایەنی دامەزراوە ڕەسمییەکان بەرامبەر هێزو پارتو تەوژمەکان، مەرجێکی گرنگی بوونی دەوڵەتی یاساو دیموکراسی، سەرئەنجامی هێنانەدی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتە**

**دەبێت فشار بخرێتە سەر ئەم دیاردەیە، بۆئەوەی حکومەت لە هەموو ئەو جومگانەی کە نابێت حیزب تێیدا ئامادەبێت، لەدەست داگیرکاریی حیزبیی ڕزگار بکرێت، ئەوەش خزمەتێکی گەورە بە هەردوو حیزبەکە دەکات، چونکە ناچار بە نوێبوونەوەیان دەکات کە لەو ڕێیەوە دەتوانن لە ئایندەدا پارێزگاریی لە لانیکەمی توانای کێبڕکێی خۆیان بکەن**

**ڕۆژنامە: ئایا لە کوردستاندا زەمینە ڕەخسێنراوە بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات؟**

* بە بـڕوای من نەخێر، زەمینەی ئـاڵـوگـۆڕی ئاشتیانەی دەسـەڵات نەڕەخسێنراوە، چونکە ئەو پێشمەرجانەی لە وەڵامـی بەشێک لە پرسیارەکانی پـێـشـوودا باسمانکردن بـۆئـەوەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات ببێت بە ئەگەرێکی ڕاستەقینە لەبەردەم هێزەکاندا، هێشتا لەئارادانین، یاخود بەشێکی بەرچاویان بەدینەهاتوون، هەربۆیە وەک پێشتریش تیشکی خرایەسەر، یەکێک لە ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی هێزو لایەنو دامەزراوەکانو نوخبەی فیکریو سیاسیو دینیی کۆمەڵگا، بریتییە لە ئیشکردن بە ئاراستەی ڕەخساندنی ئەو زەمینەیەداو مەشقکردنە لەسەر ئەو چەمکو پرۆسەو ڕێوشوێنانەو خۆگونجاندنە لەگەڵیاندا، نابێت لەبیرمان بچێت دەسـەڵات تـوانـای ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی هەیە کە لە دەسەڵاتدارەکاندا ڕەنگبداتەوە، واتە شەخسی فەرمانڕەوا لە دەزگای فەرمانڕەوا جیابووبێتەوە، تێگەیشتن بۆ سروشتی دەسـەڵاتو ئەرکەکانی لە کۆمەڵگاداو پەیوەندی بە هـاوڵاتـیـیـانو سـەرچـاوەکـانـیو میکانیزمەکانی کارکردنی نوێبووبێتەوە، واتە حوکمی دامەزراوەکان لەئارادابێت، چونکە ئەگەر دەسەڵات هەروەک پێش مۆدێرنەی سیاسی یەکسان بێت بە کەسی فەرمانڕەواو بە پلەی دووەمیش داردەسـتـەکـەی، ئەوکاتە مەسەلەی دەسەڵات لێوەرگرتنەوە لە پرۆسەیەکی مەدەنیو ئاساییەوە دەگۆڕێت بە کێشەی تیرۆرکردنی مەعنەویی دەسەڵاتدارەکان یاخود هەر کوشتنیان بە کردەوە، چونکە کەسێک نابێت بە کەسێکی دیکە، بەڵام دەتوانێت جێگای بگرێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت لە جێگاکەدا بێت نەک لە کەسەکاندا.

## ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

# دەبێت سڕینەوەی شوێنەوارەکانی نەخۆشیی دووئیدارەیی، ببـ



ئەبوبەکر عەلی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو وەزیری هەرێم سەبارەت بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دەڵێت: پێش ئەوەی کار بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەین، دەبێت لە خەمی هێنانەدی ئەو زەمینەو هەلومەرجو پێشمەرجە یاسایی‌و سیاسی‌و دامەزراوەیی‌و کلتووریانەدابین کە ئەو ئامانجە لەخۆدەگرنو دەستەبەری دەکەن، دەنا دۆخەکە بەرەو گرژیی‌و ئاڵۆزیی دەبرێتو ئەگەری تەقینەوەش بەدوور نازانرێت.

سازدانی: پشتیوان سەعدوڵڵا

**ڕۆژنامە: تا چەند بوونی دەستوور گرنگە بۆ دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات؟**

* بوونی دەستوور لەمڕووەوە زۆر گرنگە، چونکە لــەدەرەوەی ژیانێکی دەستووریی‌و دەستوورسالاریی‌و بوونی ئەم ڕێککەوتنە مەدەنیە، کە شێوازو مۆدێلی حوکمرانی‌و جۆری پەیوەندی نێوان دەســەڵاتو هاوڵاتی‌و کۆمەڵگاو دەسەڵاتی ئۆرگانەکانی دەوڵەت، مافو ئازادییە گشتییەکان دیاریدەکات، بە پێشمەرجێکی بنەڕەتی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات دادەنرێت، بەڵام دیارە هەموو دەستوورێک ناتوانێت ئەوە بکات، واتە وشەی دەستوور لێرەدا تەنیا ئاماژە نییە بە دەقێکی نووسراو کە ناوی یاسای بنەڕەتی لێنرابێت، چونکە لەم سەردەمەدا دەوڵــەتــە زۆردارو دیکتاتۆرەکانیش دەســـتـــووریـــان هـــەیـــە، هـــەربـــۆیـــە ئەو دەستوورەی لێرەدا مەبەستە بریتییە لە دەستوورێکی مەدەنی‌و دیموکراسی.

**ڕۆژنـــامـــە: تائێستا لە کوردستاندا دەستوورێکی پەسەندکراو نییە، ئیتر چۆن ئاڵوگۆڕی دەسەڵات دەکرێت؟**

* نەبوونی دەستوور لە کوردستاندا تائێستا یەکێک بـــووە لـــەو ڕێگرانەی نەیهێشتووە ئـاڵـوگـۆڕی ئاشتیانەی دەســـەڵات دەستەبەر بکرێت، نەبوونی دەستووریش لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەیە بە دۆخێکی ڕێکنەخراوی سیاسی، بوونی قەیرانی دەســـەڵات، ناکۆکی سیاسی لە قۆناغی رابـردوودا، هەربۆیە ئەگەر دەمانەوێت زەمینەسازیی بـۆ هـێـنـانـەدی لـەحـزەی ئـاڵـوگـۆڕی ئاشتیانەی دەســـەڵات بکەین، دەبێت دەستوورمان هەبێت، لـەوەش گرنگتر هێزەکانمان لەو چوارچێوەیەدا خۆیان ڕێکخەنەوەو کەسیش نەتوانێت پێشێلی دەستوور بکات، یاخود مادەو بڕگەکانی پشتگوێبخات، بە (انتقاء)ی مامەڵە لەگەڵ دەقەکانیدا بکات، بە مانایەکی دیکە ئێمە لە پەیوەندی بە نوێکردنەوەی ژیانو کلتووری سیاسیمانەوەو ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، تەنیا پێویستمان بـە بـوونـی دەســتـــوور نییە، بەڵکو پێویستمان بە نەریتێکی دەستووریی‌و ڕۆحێکی دەستوورخوازانەو پابەندبوون بە دەســتـــوور، بە هێزی دامـودەزگـاو دامەزراوە دەستوورییەکان هەیە، چونکە ئەگەر ئەم شتانەمان نەبوو، ناتوانین بڵێین دەستوورمان هەیە، با دەقێکی پەسەندکراوو نووسراویشمان بەو ناوەوە هەبێت.

**ڕۆژنـــامـــە: بـــەڕای تـۆ دواکەوتنی پەسەندکردنی دەســـتـــووری هەرێمی کوردستان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا بۆ کەمتەرخەمیی دەسەڵات دەگەڕێتەوە، یان واقیعی هەرێم ئەوەی دروستکردووە؟**

*دواکەوتنی پەسەندکردنی دەستووری هەرێم زیاتر لە هۆکارێکی لەپشتەوەیە، لەوانەش دیاریکردنی ئەولەویاتی دیکەو مەسەلەی چارەنووسی ناوچە دابڕاوەکان، یاخود کێشە لەسەرەکان، مشتومڕی نێوان هێزە سیاسییەکان، نەبوونی پەرۆشی پێویست بۆ پەسەندکردنی هەستکردن بەو بایەخەی لە ژیانی سیاسیدا دەیگێڕێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو ڕەوتێکی ئیسلامی چ ڕەخنەو پێشنیازێکتان لەسەر پرۆژەیاسای دەستووری هەرێم هەیە؟**

* ڕەخنەو سەرنجو پێشنیازەکانمان کاتی خۆی گەیاندووەتە لیژنەی ئامادەکار، ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێستاشەوە هەیە، بە دەوری دوولایەندا دەخولێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە بەهێزترکردنی پێگەی ئیسلام لە مـــادەی (٧)ی دەســتـــووردا بەجۆرێک وەکـو دەستووری فیدراڵی لێبێت، یاخود لەو نزیکبێتەوە، لەگەڵ داوای گۆڕینی یاخود لابردنی (٣) بڕگەی مادەی (١٩)ی ڕەشنووسی دەستوور، کە تایبەتە بە مامەڵەکردن لەگەڵ هێزو لایەنە ئیسلامییەکانو داوادەکەین ئەم مەسەلانە بە یاسای ئاسایی ڕێکبخرێنو دەستوور تەنیا دەستەبەری ئـازادیـی چالاکیی حیزبی‌و سیاسی بکات.

**ڕۆژنامە: ئایا چەکداربوونی حیزبەکان، تاچەند ڕێـگـره لـەبـەردەم ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا؟**

* بێگومان ڕێگرێکی گەورەیە، چونکە تا حیزب چەکی پێبێتو کارتی پەنابردنە بەر هێزی لەبەردەستدا بێت، ناکرێت بیر لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکرێتەوە. لەو سۆنگەوە کە بوونی چەکی حیزبی لە ناوەڕۆکدا ئاماژەیە بە بوونی لاوازیی دامـودەزگـا دەستوورییەکان، لاوازیی نـاوەڕۆکـی حکومەتو حکومەتداریی، نەبوونی دۆخێکی مەدەنی‌و سەقامگیری سیاسیی وا کە گرەوی لەسەر بکرێت، بۆ لەخۆگرتنی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات.

**ڕۆژنامە: زۆربەی هێزە چەکدارەکانی هـەرێـم بـە حـیـزبـی‌و حکومییەوە بەشێوەیەکی نادەستووریی لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی‌و پارتیدانو هێزە چەکدارەکان تێکەڵاوکراون، بوونی ئەو هێزە چەکدارە زۆرەی ئەو دوو حیزبە تا چەند مەترسین بۆ ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەســەڵات؟ بە واتایەکی دیکە ئەو دوو حیزبە تا چەند بەشێوەیەکی مەدەنیانە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات قبوڵدەکەن؟**

* ئەو دۆخە ڕێگرییەکی ڕاستەقینە پێکدەهێنێت، هەربۆیە پێش ئەوەی کار بۆ هێنانەدی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەین، بەوجۆرەی لە سایەی دیموکراسیە دێرینەکاندا پەیڕەودەکرێت، دەبێت لە خەمی هێنانەدی ئەو زەمینەو هەلومەرج، پێشمەرجە یاسایی‌و سیاسی‌و دامـەزراوەیـی‌و کلتووریانەدا بین، کە ئەو ئامانجە لەخۆدەگرنو دەستەبەری دەکـەن، دەنـا دۆخەکە بـەرەو گرژیی‌و ئاڵۆزیی دەبرێتو ئەگەری تەقینەوەش بـەدوور نازانرێت. هەرچی پەیوەندی بە دوو حیزبەکەشەوە هەیە ڕوونە لەو سۆنگەیەوە، کە تائێستا هێزی چەکداریان هەیە، تێکەڵاوبوونی حیزبو حکومەت، بەڵکو لە هەندێک ئاستدا حیزبو نەتەوە لەئارادایە، پێناچێت لە دۆخێکدابن بەو ئاسانییە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات قبوڵ بکەن، بۆیە بەشبەحاڵی خۆم پێموایە لەم قۆناغەدا گۆڕان لە دەسەڵاتدا بە مانا فراوانەکەی قبوڵدەکەن، بەڵام ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات قبوڵناکەن، کە ئەمەش ئەگەر هەر بەوجۆرە درێژەبکێشێتو چاکسازیی لە ژیانی حیزبیاندا نەکەنو خۆیان لەگەڵ ئەرکە دیموکراسیەکان بەشێوەیەکی قوڵتر نەگونجێنن، بە هەڕەشەیەکی جدیی بۆسەر ئایندەی دیموکراسی لە هەرێمدا دێتە ژماردن.

**ڕۆژنامە: دەوترێت تائێستا عەقڵێکی شۆڕشگێڕانە حوکمڕانیی کوردستان دەکات نەک عەقڵێکی مەدەنیانە، ئەمە تا چەند ڕاستە؟**

* پێموایە ڕاستە، بەڵام بە ڕەهایی نا، ئەوەی لە کوردستان دەبینرێت، هەستی پێدەکرێت، شوێنەواری دیارەو ئاراستەی سیاسەتو ئابووریی‌و کۆمەڵگا دەکات، ئاماژەیە بە تێکەڵەیەک لە پاشماوەی عەقڵی شۆڕشگێڕیی‌و عەقڵی مەدەنی، دیـارە تا ئەو لەحزەیەی بە غەنیمەت سەیرکردنی دەسەڵات، فەرامۆشکردنی لۆژیکی دەوڵــەتو هەستی لەسەروو یـاســاوەبـوون، بە موڵکی تاکەکەسی سەیرکردنی دارایی گشتی، تێکەڵاوبوونی حیزبو حکومەت، نەگەڕانەوە بۆ مەرجەعە دەســتـــووری‌و یاسایی، شێوازەکانی ڕێگاچارەی ئاشتیانە لەگۆڕێدا بێت، لەکاتی سەرهەڵدانی کێشەو قەیرانەکاندا، ئێمە بـەجـۆرێـک لـەجـۆرەکـان لەگەڵ میکانیزمو دەرهاویشتەکانی عەقڵیەتی شۆڕشگێڕانەدا بەرەوڕوودەبینەوە، بـەڵام عەقڵی شۆڕشگێڕانەش جیایە لە هەناسەی شۆڕشگێڕانە، هەناسەی شۆڕشگێڕی دەتوانێت یارمەتیدەرمان بێت لەپێناو سنووردانان بۆ چاوچنۆکی، تێرنەخواردنی هەندێک لێپرسراو، بەگوڕترکردنی ڕەوتـی چاکسازیی‌و دابـەزانـدنـی کـێـرڤـی خـۆپـەرسـتـی، خـود بە سەنتەرکردنی لێپرسراوی حیزبی‌و حکومیی، بەپێچەوانەی عەقڵی شۆڕشگێڕانەوە کە لە جەوهەرداو لە چوارچێوەی حکومەتدا بە عەقڵێکی پـاوانـخـوازو نەفەس کـورتو ڕەخنە قبوڵنەکەر لەقەڵەمدەدرێت، بە بەشێکی بەردەمی کرانەوەو بە دیموکراتیزەکردنو چاکسازیی‌و نوێبوونەوەیە.


**ڕۆژنامە: تا عەقڵی شۆڕشگێڕانە حوکم بکات، چۆن باسی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات دەکرێت؟**

*عەقڵی سیاسی نوخبەی دەسەڵاتداری هـەرێـمـی کـوردسـتـان لەئێستادا نە بەتەواوی شۆڕشگێڕانەیەو نە پرۆسەی بەمەدەنیبوونیشی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئەو مۆدێلە لە عەقڵ تێپەڕێنێت، بەڵکو ئەوەی لەئارادایە عەقڵێکی تایبەتو تێکەڵاوە، کە ئەوەش ئاماژەیە بە دۆخی ڕاگوزەری هەرێمی کوردستان.

هەرچی پەیوەندی هەیە بە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەســـەڵات لـــە هەرێمداو لـەسـایـەی پـاشـمـاوەکـانـی عەقڵێکی شۆڕشگێڕیدا هەیە، کە لە هەندێک ڕووەوە گرەو لەسەر بوونی شەرعیەتی مێژوویی‌و شۆڕشگێڕانە دەکـات، من باسی ئەگەرێکی لەوجۆرەم بۆ ئەم قۆناغە نەکردووە، دیدی من لەم ڕووەوە ڕوونەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پێش ئەوەی باسی لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەین، دەبێت زەمینەسازیی بۆ بکەینو پێشمەرجەکانی بەدی بهێنین، پێش هەموو شتێک دەبێت دەسەڵات، دەسەڵات بێتو دەسەڵاتەکان لێک جیاکرابنەوە، ژیانێکی دەستووریمان هەبێتو هێزە چەکدارەکان (پاسەوانی سنوور)و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بە پیشەیی کرابن، حیزب چەکی بەدەستەوە نەمابێت، ئۆپۆزسیۆن بێتە دیـاردەیـەکـی سـروشـتـی‌و پایەیەکی سەرەکی ژیانو سیستمی سیاسی، حیزب لە حکومەت جیابووبێتەوەو دادگایەکی سەربەخۆمان هەبێتو دەبێت هەوڵو فشارەکان بە پلەی یەکەم ئاراستەی ئەم بوارانە بکرێت، چونکە ئەوسا دەتوانین باس لە ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات بکەین، تا کۆنگرە حیزبییەکان حوکمی لافاویان هەبێت، مۆدێلی حیزبایەتی بەمجۆرەی ئێستا بمێنێتو تازە نەبێتەوە، چەک لەبواری سیاسیدا بێلایەن نەکرابێت، کێبڕکێی مەدەنی‌و دەرهاویشتەکانی قبوڵ نەکرابن، کۆمەڵێک چەسپاوی نیشتمانی بۆ سەرجەم هێزەکان نەبێتو نەچەسپێت، ئاسان نابێت ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵاتەکە ڕووبدات.

**ڕۆژنامە: ئەوەی لە کوردستاندا ناوی لێدەنرێت دیموکراسی، دروستە؟ یاخود بە فیعلی دیموکراسی لە کوردستاندا بوونی هەیە؟**

* ئـەوەی لە کوردستاندا دەیبینیت مۆدێلێکی تایبەتی دیموکراسیە، یاخود بە واتایەکی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا هەندێک ڕواڵـەتو سیمای دیموکراسی هەیە، بـەڵام دیموکراسیمان بە مانا فراوانەکەی‌و وەک کۆمەڵێک پرەنسیپو دەستەبەرو چوارچێوەو میکانیزم، بۆ بەڕێوەبردنی دەســـەڵات، وەدەرنـانـی یەکجارەکی توندوتیژیی لەکایەی سیاسیدا، پێدانی دەرفەتی یەکسان بە هێزو لایەنەکانو بوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسی، زەمینەی ئاڵوگۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات، ڕوونی لە کارگێڕی‌و بواری داراییدا نییە، ئەمەش مۆدێلی دیموکراسی لە کوردستاندا دەکات بە دیموکراسیەتێکی ناتەواوی سنووردارو مەرجدار، ئەمەش شتێکی سەیرنییە، چونکە لـەڕووی مێژووییەوە دیموکراسی لە چوارچێوەی مۆدێلی (دەوڵـەت- نەتەوە)و لەسایەی لیبرالیزمی سیاسی‌و سەقامگیریدا، ڕەوتی گەشەکردنی خۆی بڕیوەو گەیشتووەتە ئەو ئاستە لە گەشەکردن کە ئێستا لە ئەزموونی هەندێک وڵاتـدا دەبینرێت. ئەم دۆخـەی باسکراو ئەم تێگەیشتنە ناتەواوەش بۆ دیموکراسی‌و سروشتی ئەم قۆناغەی کوردستان، بوونی گرفت لە دیاریکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لەنێوان ئەرکە دیموکراسی‌و ئەرکە نەتەوەییەکاندا، لە هێزو تەوژمەکان دەخـوازێـت، هۆشیارانە بجوڵێنەوەو بەرچاوڕوونانە میکانیزمو تاکتیکو ئامانجو ستراتیژە سیاسییەکانی خۆیان دیارییکەنو دابڕێژن، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هێشتا گۆڕەپانی یارییەکە بەتەواوی ئـامـادەنـەکـراوە، کاتێک بە ناچاری‌و لەبەر نەبوونی گۆڕەپانێکی دیکەی جێگرەوە، یارییە سیاسییەکەی لەسەر دەکەیت، نابێت لە تەواوکردنی پرۆسەی تەختکردنو ڕێکخستنو جوانکردنی یاریگاکە بێئاگابین، نەبوونی گۆڕەپانیش بە مەرجە پێویستەکانەوە، گرفت بۆ ڕێساکانی گەمەکە دروستدەکات، هەربۆیە کێبڕکێکردن لەسایەی ئەو بیرکردنەوەیەدا، کە ئێمە لەسەر زەمینەیەکی دیموکراسی



# دەستوورو پەرلەمانی ئێکسپایەر!!

کۆیار ڕەووف

یەکێک لە پایە گرنگەکانی هەر دەوڵەتێکو حکومەتێکو دەسەڵاتێک، بریتییە لە دەستوور، بەبێ دەستوور هیچ دەوڵەتێکو دەسەڵاتێک سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی کە لە هەموو کاتێکداو لەسەر هەر ڕووداوو کێشەو گرفتێکو لەسەر هەر پێشهاتێکو بڕیارێک، دەبێت دەسەڵاتو حکومەت بگەڕێتەوە بۆ دەستوور. بەبێ دەستوور هیچ یاسایەک جێبەجێ ناکرێتو دەسەڵاتی بێ دەستوور دەسەڵاتێکی پەشێوو پەراگەندەو پەرشوبڵاوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەستووری داڕێژراو لەلایەن چەند لایەنێکو حیزبێکەوە بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرجەم چینو توێژەکانی کۆمەڵگا، دووبارە دیکتاتۆریی بەرهەم دەهێنێت، هەر دەسەڵاتێک لە هەر وڵاتێکدا ڕووخا یان داگیرکرا، دەبێت پاش ڕووخانی ئەو دەسەڵاتەو پاش سەربەخۆیی وەرگرتنی ئەو وڵاتو هەرێمە، سەرلەنوێ دەستوور دابڕێژرێتەوە، داڕشتنی ئەو دەستوورەش لەلایەن پەرلەمانو حیزبەکانی ناو پەرلەمانەوە دەبێت، دەبێت زۆر بە وریاییەوە دەستوور دابڕێژرێت بەشێوەیەک کە ئەو دەستوورە هەموو بنەماکانی ژیانو یاساو دەسەڵاتەکانی تێدا باسبکرێت، هیچ شتێک نەبێت کە لە دەستووردا باس نەکرابێت، زۆرجار ئەوە دەستوورە بۆ ماوەیەکی زۆر دوورودرێژو چەند نەوەیەک پەیڕەوی لێدەکەن، وەکو دەستووری بەریتانیا کە ماوەی چەندین سەدەیە پەیڕەوی دەستوورێک دەکەن، ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

**یەکەم:** دەستوورێکیان داڕشتووە کە بۆ هەموو سەردەمو بارودۆخێک بگونجێتو سەرجەم لایەنەکانی ژیانیان تێدا پەیڕەوکردووە.

**دووەم:** لەلایەن پەرلەمانێکەوە داڕێژراوە کە خەڵک هەڵیبژاردووەو نوێنەری خەڵکە.

**سێیەم:** لەدوای داڕشتنی دەستوورەوە دووچاری هیچ داگیرکارییەکو کودەتایەک نەبووەتەوە.

لەبەرئەوە نووسینەوەی دەستوور دەبێت هەڵبگیرێت بۆ دوای هەڵبژاردنو دسەڵاتدارانی کوردستان نابێت پەلەبکەن لە نووسینەوەی دەستووردا، دەبێت خۆیان بە بەرپرسیار بزانن بەرامبەر چارەنووسی گەلەکەیان کە نووسینەوەی دەستوور، واتە نووسینەوەی چارەنووسی میللەتێک، بۆیە دەبێت سەرجەم چینو توێژەکان ئاگاداری ئەو دەستوورەبنو هەرکەسێک ڕەخنەی لێی هەبوو، دەبێت بەهەند وەربگیرێتو پێداچوونەوە بەو خاڵەدا بکرێت کە ڕەخنەی لەسەر هەیە، بەتایبەتی یاساناسانو ڕۆشنبیران دەبێت ئەو یاسایە بەتەواوی هەڵسەنگێنن، هەروەها خەڵکی ئاسایی دەبێت لە خاڵ بەخاڵی ئەو دەستوورە ئاگاداربکرێنەوە، هەروەها نابێت لە دەستووردا ئەوانە ڕەچاوبکرێت کە لەسەروبەندی نووسینی دەستووردا حوکمڕانی دەکەنو ئەو لایەنەو دەسەڵات مافی ڕەهای لە داڕشتنی دەستووردا هەبێت، بۆیە داڕشتنی دەستوور کاتێکی زۆری دەوێت، جاری وا هەیە کە بڕگەیەکی دەستوور مشتومڕی لێدەکەوێتەوە، زیاتر لە مانگێک دەخایەنێت تا ئەو بڕگەیە دادەڕێژرێتەوە، لەبەرئەوەی دەستوور پەیڕەوی حیزب نییە تا هەرکاتێک ویسترا گۆڕانکاریی بکرێت، هەر گۆڕانکارییەک بکرێت لەدوای پەسەندکردنییەوە بەبێ ئەوەی بخرێتە ڕاپرسییەوە بەبەڵێ پەسەندبکرێت، ئەوە ئەو دەستوورە دەستوورێکی ناتەندروستەو ناتوانرێت پشتی پێببەسترێت، لەکاتی ڕوودانی کێشەکاندا دەستوەردان لە دەستوور ڕوودەدات، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو عێراقدا کە هەموومان دەزانین لەبەرئەوەی کە دەستوور بەشێوەیەکی ناتەندروستو بەبێ ئاگاداری هەموو پێکهاتەکانی وڵات پەسەندکراوە، لەماوەیەکی کورتدا چەندین بەندو بڕگە تائێستاش جێبەجێنەکراونو هەندێکجار بەندی دیکە جێی گرتوونەتەوە، وەکو مادەی (١٤٠)، بۆیە دانانی دەستوور لە کوردستاندا کاتێکی زۆری دەوێت تا دەستوورێکی سەرکەوتوو بنووسرێتەوە، سەرجەم خەڵکی کوردستان بە هەموو چینو توێژو لایەنو حیزبەکانو ڕێکخراوە سڤیلەکان تێیدا بەشداربن، نووسینەوەی دەستووریش دەبێت لەلایەن پەرلەمانێکەوە بێت کە لەلایەن خەڵکەوەهەڵبژێردرابێتونوێنەرایەتی خەڵک بکات، لەبەرئەوەی کە ئەو دەستوورە بۆ بەڕێوەبردنی وڵاتو خەڵکە، بەبێ گەڕانەوە بۆ خەڵک، دەستوور هیچ شەرعیەتێکی نییە!!

نووسینەوەی دەستوور بۆ هەرێمی کوردستان لەم کاتەدا هیچ شەرعیەتێکی نییەو دەستوورێکی نایاسایی دەبێت، لەبەر ئەم هۆیانە:

**یەکەم:** پەرلەمانی کوردستان پەرلەمانی حیزبە نەک خەڵک، وەکو هەندێک لە ئەندام پەرلەمانەکانی یەکێتیو پارتی جەختیان لەوەکردووەتەوە کە ئەوان نوێنەری حیزبن نەک خەڵک.

**دووەم:** پەرلەمان ئێکسپایەر بووەو هیچ شەرعیەتێکی نەماوە، ئەگەر بەتەواویش لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێت، ئەوە شەرعیەتی نووسینەوەی دەستووری نییە.

**سێیەم:** ماوەی هەڵبژاردنی پەرلەمان نزیکبووەتەوەو ئەو ماوەیە بەشی ئەوە ناکات پێداچوونەوەی بکرێت، چجای ئەوەی کە بنووسرێتەوەو پێداچوونەوەی بکرێتو ڕەزامەندیی لەسەر بدرێت لەلایەن خەڵکەوەو سەرجەم چینو توێژەکان بەشداریی تێدا بکەن.

بۆیە نووسینەوەی دەستوور هەڵەیەکی گەورەیە لەم کاتەدا، نەک هەر خزمەت ناکات بە هەرێمی کوردستان، بەڵکو بەرەو هەڵدێر دەیبات.

بۆیە دەبێت هەموو لایەک دژی نووسینەوەی دەستوور بینو دەبێت ئەندام پەرلەمانەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو یاساناسانو ڕۆشنبیران، دژی نووسینەوەی دەستووربن لەم کاتەداو ئەو کارە بە پەرلەمانی داهاتوو بسپێرن لەگەڵ هەموو ئەو بنەمایانەی کە باسمانکرد.

# ((ئازادیی ڕادەربڕین))

سەردار کوردە ڕواندزی

هەڵبەت ئازادیی ڕادەربڕینو مەرجەکانی ئازادیی مرۆڤ بەمافێکی سروشتیو سەرەتایی هەر مرۆڤێک دادەنرێت، ئەم پرسە گرنگە لەسەرجەم وڵاتە پێشکەوتوو و دیموکراسیەکاندا بەشێوەیەکی یاسایی ڕێکخراوەو بەشێکی زۆری دەسەڵاتەکان ئەم جۆرە ئازادییەیان بۆ کۆمەڵگاکانیان دابینکردووەو لەمجۆرە شوێنانەدا مرۆڤەکان زۆرئازادانە دەتوانن گوزارشت لەخۆیانو لەدابو نەریتو بیروڕای خۆیان بکەن، یاخود ڕەخنە ئاراستەی بەرامبەرەکانیان بکەن، هەروەها لەکۆمەڵگا پێشکەوتوو دیموکراسیەکاندا هاوڵاتییان دەتوانن کاروچالاکی مەدەنیانە بەشێوەی کۆڕو سیمینارو خۆپیشاندانو مانگرتنو چەندین جۆری چالاکی دیکە ئەنجامدەدرێت، ئەمە شێوازی ڕادەربڕینە لەمجۆرە وڵاتانەدا، بەڵام لەعێراقو بەتایبەتیش لەم هەرێمەی ئێمەدا مرۆڤو تاکەکانی کۆمەڵ بەجۆرەها بڕوبیانووی بێمانا دەچەوسەنرێتەوەو ڕێگەی پێنادرێت کەگوزارشت لەخۆیو لەدابو نەریتو لەبیروڕاکانی خۆی بکات، لەم هەرێمەدا لەبەر سانسۆری بەردەوامی دەسەڵات لەسەرهاوڵاتیان هیچ کەسێک ناتوانێت ڕاستگۆیانە بیروڕای خۆی دەربڕێت، چونکە دەسەڵات کەبەتەنیا لەسەر کلتووری خۆسەپاندنو فێری زمانی هەڕەشەو توندوتیژی بووە، هەربۆیە بەم شێوازانە وەڵامی خەڵکی دەدەنەوەو بەهەڵسوکەوتێکی نەشیاو مامەڵە لەگەڵ چینو توێژەکانی کۆمەڵ دەکەن، بۆ نموونە زۆرجار لەکاتی خۆپیشاندانو ناڕەزایی دەربڕینی جەماوەر دەسەڵات بەئاگرو ئاسن وەڵامی هاوڵاتیانی داوەتەوەو خەڵکی لەسەر دەربڕینی بیروڕاکانیان لەزۆربەی کاتەکاندا خراونەتە کونجی زیندانەکانو ئازارو ئەشکەنجەو سوکایەتیان پێکراوە، یاخود هەرئەم دەسەڵاتە سیاسەتێکی دیکە پەیڕەو دەکات، ئەویش ناوو ناتۆر دۆزینەوەیە لەخەڵکو هەرجارەو ناوێک لەخەڵک دەنێتو پێشتر بەتۆمەتی خۆیان ئێستاش بەتۆمەتی (ئیسلامی-تیرۆرست) یان گێرەشێوێن هاوڵاتیو ڕۆڵەکانی ئەم وڵاتە دەستگیردەکەن، ئەمە کلتوورو یاسای ئەو دەسەڵاتەیە، بەڕاستی سەیرە ئەم گەلە خێر لەخۆ نەدیوە کەڕاپەڕینی کردو لەدەست ڕژێمێکی دڕندە ڕزگاری بوو، لەسەرووی ئەمانەشەوە، ئەوانەی کەهاتنە سەر حازرییو سەرماڵو حاڵی میللەت لەجێ دانەوەی پاداشتو چاکە بەم جەماوەرە کەچی بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان دەکەن، هەروەها لە زۆربەی کاتەکانداو زۆرجار ڕۆژنامەنووسان کەسەردانی داموو دەزگا حکومیو حزبیەکانیان کردووەبەدەستبەتاڵی گەڕاونەتەوەو نەیان توانیوە کەچاوپێکەوتنو بیروڕای کارمەندو فەرمانبەرەکان بکەن، لەبەر فشارو سانسۆری بەڕێوەبەرو بەرپرسەکانو لەترسی نانبڕانو فەسڵکردنو دەرکردن لەدامو دەزگاکاندا، ئەم دیاردەیە کە ئێستا تەواوی دەزگا ئەهلیەکانیشی گرتووەتەوە، لەم بارەیەوە سەردەمی بتپەرستیو کلتووری سەقەتی خۆسەپاندن ڕۆژ بەڕۆژ لەپەرەسەندندایەو تادێت کۆتو زنجیرو قفڵە ژەنگاویەکان زیاد دەکەنو هێڵی سوور بۆ دەزگای ڕاگەیاندنەکانو بۆ ڕۆژنامەنووسان دادەنێنو جارێکی دیکە دەیانەوێت خەڵک بەرەو دواوەبەرنو بیانخەنە ناو بازنە داخراوەکانی خۆیان، لەتەک ئەمەشدا دەسەڵات بەمەبەستی چەواشەکردنی جەماوەر لەڕێگەی کەناڵە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان سەرزمانو بن زمانیان هەر باسکردنە لەدیموکراسیەتو ئازادییو وەک وابێ کەئەوان ئازادییان بۆ خەڵکی دەستەبەرکردبێتو هەرجارەو بەجۆرێک نازوفیز بەسەر هاوڵاتییان لێدەدەنو هەرجارەو بەنرخێک بەخەڵکی دەفرۆشنەوە، ئاخر ئەمەکەی ئازادییە خۆدەسەڵات هیچی بۆئەم گەلە خێرلەخۆنەدیوە نەکردووە، ئەگەر مەبەستیشیان ئاوو هەوا بێت ئەوا هەموو کەس دەتوانێت ئەم مافە بۆخۆیو خەڵکی دابین بکات، چونکی ئازادیی بریتی نیە لەئاوو هەوا، بەڵکو لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبێت زەمینەی ئازادیی بەماناو مەفهومەکانیەوە بۆ میللەت دەستەبەر بکرێت، ئەوجا هەوڵی باشکردنی بارو ئاستی بژێوی هاوڵاتیان بدەن، لەپاڵ ئەمەشدا چارەسەری تەواوی کێشەکانی وەک(کارەبا - نیشتەجێبوون - بێکاری)و چەندین کێشەی دیکەش دەبێت چارەسەر بکرێن، ئینجا دەتوانن نازوفیز بەسەر خەڵکی دابکەنو ئەوکات دەتوانن بڵێن ئێمە ئازادیو ژیانمان بۆ کۆمەڵگا دەستەبەرکردووە، لەبەرئەوەی ئێستا هاوڵاتی کورد لەهەموو کاتەکان زیاتر هۆشیار بووەتەوەو هەست بەهەموو بابەتێکو درک بەهەموو جۆرە مەسەلەیەک دەکاتو هیچ لایەنو دەسەڵاتێک ناتوانێت چینو توێژەکانی کۆمەڵ چەواشە بکاتو بەدروشمی بریقەدار فریوی بدات، هێزو ئیرادەی لەبن نەهاتووی جەماوەر لەهەموو شتێک گەورەترەو هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت زاڵبێت بەسەر کۆستو گرفتەکانو بە بەربەستو کۆتو زنجیرو زیندان ورەی پۆڵاینی دانارمێ، بەڵکو بەهێزترو ڕقی ئەستوورتردەبێت بەرامبەر بەو لایەنانەی کەئازاری دەدەن، چونکە ئەم وتەیە دەڵێت: (ئەگەر گەل ڕۆژێک ژیانی ویست - ئەو چارەنووسەی هەر بۆ دێت)...!!

Sardar_kurda73@yahoo.com

# ئاسۆبینی

## مەترسی لەشەرعیەتی بێگیان



پارێزەر تەها عومەر ڕەشید

(ڕێزگرتنی یاسا بنەمای ژیانی مەدەنییە)
ئەرستۆ (السیاسە)

گومانی تێدانییە کە نەبوونی یاساوەکوەسیلەیەک بۆ ڕێکخستنی ژیانو دیاریکردنی مافو ئەرکەکانی هاوڵاتییان لەلایەک، ئەمانو دەسەڵاتی سیاسی لەلایەکی دیکەوە، بریتیە لەدۆخی فەوزاکە تێیدا شەرعیەتی هێز شوێنی شەرعیەتی یاسا دەگرێتەوە، تاکە گەرەنتی پارستنی مافەکانی مرۆڤ تەنیا هێزێکە کە جگە لە فەرمانڕەواکان کەس نییەتی، لەکاتێکدا دەرئەنجامی فەوزا، بەرقەراربوونی شەرعیەتی هێز بێت، ئەوا لەبارەی بوونی یاسا، بەڵام ڕێزنەگرتنیدا لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەهەمانشێوە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی حاڵەتێکی دیکەی فەوزا لە بەرگێکی بەناو مەدەنییداو بەرێژەیەکی کەمتر، بەڵام لە کاریگەریو بەرهەمیدا، لە شێوەی نەبوونی یاسادا، دۆخێک کە یاسا لەلایەن دەسەڵاتەوە بێنرخ بکرێت، مەترسییەکی گەورە لەسەر گەرەنتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە کۆمەڵدا دروستدەکات، چونکە ئەو گەرەنتییەی کە بریتییە لە هێزی یاسا لە بەرامبەر سنووردانان بۆ سەرکێشییەکانی دەسەڵات، لە مانا حەقیقییەکەی خۆی خاڵیی دەبێتەوە. پابەند نەبوونی دەسەڵات بە یاسا کاتێک دەگاتە ئەوپەڕی مەترسی، کە لەناو هەناوی کۆمەڵگاوە فشاری مەدەنیانە لەسەری لاوازبێت، چونکە پابەندبوونی دەسەڵات بە یاساوە، ئەگەر پابەندبوونێکی خودیی خۆی بێت، هەمیشە لەبەردەم ئەگەری پابەندنەبوونیشدایە پێوەی، بەتایبەتی ئەگەر بچووکترین مەترسی لەسەر دەسەڵات دروست ببێت، بۆیە گەڕان بۆ وەسیلەی پابەندکردنی دەسەڵات بە یاساوە تەنیا لەناو دەقە یاساییەکانەوە نییە، بەڵکو لە فشاری ئەو هێزە مەدەنیانەشەوە سەرهەڵدەدات، کە سنووربەزاندنەکانی دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە، بەواتایەکی دیکە هێزێکی گەورەی پابەندکردنی دەسەڵات لە دەرەوەی سیستمی یاساو دەسەڵاتەوەیەو لەناو کۆمەڵگادایە. ئێمە لەم پێشەکییە کورتەوە دەمانەوێت ئەوە بڵێین کە دەسەڵاتێکی سیاسی، وەک پەرلەمانی کوردستان کاتێک بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتی خۆی دەدات، بەبێ بوونی هیچ پاساوێکی یاسایی، بەبێ ئەوەی دەقێکی یاسایی هەبێت پشتی پێببەستێت، ئەوا ئەوەی پێیدەوترێت سەروەریی یاسا لەلایەن دەسەڵاتێکی یاساییەوە بە جۆرێک پێشێلدەکرێت، کە ترسناکترین شێوەی پێشێلی یاسایە، لە هەمان کاتدا بەم کارەی پەرلەمان شەرعیەتی سیاسی خۆی لە شەرعیەتی دیموکراسییەوە، کە بەرئەنجامی ئیرادەی خەڵکە دەگۆڕێت بۆ شەرعیەتی هێز، ئەم کارەی پەرلەمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە جیاتی ئەوەی خۆی بە نوێنەری ئیرادەی خەڵک بزانێت، خۆی بە خاوەنی ئەو ئیرادەیە دەزانێت. کە لەڕاستیدا چەندە مەترسی لە پابەندنەبوونی پەرلەمان بە یاساوە لەسەر ئازادییو مافەکان دروستدەبێت، ئەوا مەترسییەکی لەوە گەورەتر لەوەوە دروست دەبێت، کە پەرلەمان خۆی بە خاوەنی ئیرادەی خەڵک بزانێت، مەترسی ئەمەیان لەوەدایە کە تەنیا وەک حاڵەت دەرناکەوێت، بەڵکو دەشێت بچێتە خانەی (تیۆر)ێکەوە کە بۆ ئایندەی دیموکراسیو ئاڵوگۆڕی دەسەڵات تەبریری چەندین حاڵەتی یاساشکێنیو دیکتاتۆری پێبکرێت، لەمە خراپتر ئەوەیە کە ڕەوابیدان بەو کردەوانەی پەرلەمان (کە تێیدا وەک خاوەنی ئیرادەی خەڵک دەردەکەوێت) مەترسی ئەوە دروستدەکات، کە پەرلەمان بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕای هاوڵاتییانی وڵاتەکەی بە خۆی ڕەوا ببینێت دوابڕیار لەسەر هەموو مەسەلە چارەنووسسازەکان بدات، کە لەڕاستیدا تەنیا خەڵک نەک پەرلەمان مافی بڕیارلێدانیانی هەیە (بە نموونەش ڕاستاندنی دەستوور، ماوەی دەسەڵاتی پەرلەمانو جۆری سیستمی حوکمڕانی.....). بۆیە بۆ حاڵەتی ئێستای پەرلەمان نە حوکمێکی عەقڵانیو نە دەقێکی یاسایی نابینین جگە لە شەرعیەتدانی بەهێز بۆ ئەو ماوەیەی ئێستای. ئەم ناشەرعیەتبوونەش دوو پرسیار لەلای هاوڵاتی دروستدەکات. یەکەمیان ئەوەیە، کە دەبێت هاوڵاتی پابەند نەبێت بە یاسای پەرلەمانێکەوە کە شەرعیەتی نەماوە، چونکە شەرعیەتی سیاسی هەمیشە تەبریرە بۆ پابەندکرنی هاوڵاتی بە یاساوە... دووەمیشیان ئەوەیە، کە نەمانی شەرعیەتی سیاسی مافی بەرەنگاری دەدات بە هاوڵاتییان لە بەرامبەر دەسەڵات، چونکە ئەو پەیمانەی نێوان خەڵکو دەسەڵات بە کۆتایی ماوەکە هێزی یاسایی نەماوە.

### شۆڕشی سەوز ئێران دادەپۆشێت

# هەڵبژاردنەکانی ئێران دەرفەتەکانی بەردەم خۆرئاوا کەمدەکاتەوە



**جەمال ئیختیار**

لەگەڵ ئەوەی کە کێشەی ناوخۆیی لە ئێران لەسەر یەکلاییکردنەوەی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بەردەوامە، لە دنیای دەرەوەشـــدا جۆرێک لە چاوەڕوانی بۆ یەکلاییکردنەوەی مەسەلەکە هەیە، بــەڕای چاودێرانیش دەرفەتەکانی بەردەم خۆرئاواو ئۆباما کەمدەبنەوە.

ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ڕۆژی هەینی ڕابــردوو لە ئێران بە قازانجی ئەحمەدی نەژاد، نارەزاییەکی فراوانی لەناو خەڵکو دەنگدەرانی ئەو وڵاتەدا دروستکرد، کە تائێستاش بەردەوامەو ئێرانیان خستە بەردەم ئەگەری هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکە یان دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان کە بڕیارەکەی بەدەست (ئەنجومەنی پاراستنی دەستووری ئێران)ە.

قسەکەری ئەنجومەنی پاراستنی دەستوور، (عەباس عەلی کەدخۆدایی) ڕۆژی سێشەممە ڕایـگـەیـانـدەوە، لە چوارچێوەی یاساییدا پێویستە شوراکە بگاتە ئەو تێگەیشتنەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا ساختەکاریی کـراوە، بۆئەوەی فەرمانی دووبـارە ژماردنەوەی دەنگەکان دەربکات.

کەدخۆدایی بە ئاژانسی هەواڵی ڕەسمیی ئێرانی (ئیرنا)ی وتووە، کە کڕینی دەنگ بە ناسنامەی تەزویر، یەکێکە لەو پێشێلکارییانەی کە دەبێتە هۆی پێویستی دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان. قسەکەری ئەنجومەنەکە، ئەوەشی وتووە، کە تەنیا دەنگەکانی ئەو شوێنانەی کە ناکۆکیان لەسەرە دەژمێردرێنەوە، تەلەفزیۆنی واشنتۆن بـڵاویـکـردووەتـەوە کە لە کۆتاییدا شوراکە ئەو بڕیارەی دەرکـردووە، بەڵام دووبارە ژماردنەوەی دەنگەکان نەیتوانیوە نارەزاییەکان دابمرکێنێتەوە.

هەردوو کاندیدی ریفۆرمخواز میر حوسێن موسەوی‌و مەهدی کەروبی داوایــان کـردبـوو، کـە ئاکامەکانی هەڵبژاردن هەڵبوەشێنرێتەوە، دەڵێن لە زۆربەی شوێنەکان ڕێگا نەدراوە چـاودێـرەکـانـی ئـەوان ئاگایان لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکە بێت، لەبەرئەوەش بە مافی خۆیان‌و دەنگدەرانی دەزانن کە ئەو ئاکامانە قبوڵ نەکەن، داوای هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام شوراکە تەنیا ڕەزامـەنـدی داوە دەنگەکان لـەو شوێنانەی ناکۆکیان لەسەرە بژمێردرێنەوە.

مـوسـەوی وتـوویـەتـی، ئامادەیە جارێکی دیکە بەشداری هەڵبژاردن بکات، هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردنەکەی بە «باشترین» ڕێگا لەقەڵەمداوە بۆ چـارەسـەری گرفتەکانی ئەنجامی هـەڵـبـژاردن. لـەبـەرئـەوەی ئەگەری ئەوە هەیە «بەهۆی ساختەکاریی ئەم هەڵبژاردنەوە، متمانە لەنێوان خەڵکو حکومەتدا نەمێنێت، ئەوەش دەتوانێت گەورەترین زیان بە وڵات بگەیەنێت».

پێشتر ئاکامەکە وا ڕاگەیەنرابوو ئەحمەدی نـەژاد بە جیاوازییەکی گەورەوە براوەی هەڵبژاردنەکە بووە، بـەڵام زانیارییە تـازەکـان کە وردە وردە دزەدەکەن، ئاماژە بەوەدەدەن کـە «سـاخـتـەکـاریـی زۆر کـراوە، وەزارەتـی ناوخۆی ئێرانیش تائێستا دەستپێشخەرییەکی گەورەی نەکردووە بۆ ڕووناککردنەوەی ئەو گومانانەی کە کەوتوونەتە سەر هەڵبژاردنەکان».

لە ئاڵۆزییەکاندا تائێستا کوژرانی حـەوت کـەس پشتڕاستکراوەتەوەو بەپێی سەرچاوەکانی هەواڵ ئاڵۆزیی گەیشتووەتە شـارە کوردییەکان‌و سەرچاوە کوردییەکان، باس لەوە دەکـەن لـە شـاری سنە یـەک کەس کوژراوە، بەڵام تائێستا لەلایەن ئاژانسە سەربەخۆو نێودەوڵەتییەکانەوە پشتڕاست نەکراوەتەوەو حکومەتی ئێرانیش ئابڵوقەی بـەردەم میدیا قورستر دەکات.

لەگەڵ بەردەوامبوونی ئاڵۆزییەکان لـە نـاوخـۆی ئـێـران، دەوتـرێـت کە پلانەکانی خـۆرئـاواو ئۆباماش بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئێران تووشی کێشەی جدیی بـوون‌و هەڵبژاردن‌و دەرفـەتـی کەمتر لـەبـەردەم ئەواندا ماوەتەوە.

ئـاژانـسـی (ئـێـن بـی ئـار نیوز) بـڵاویـکـردەوە، واچـاوەڕوانـدەکـرا کە کاندیدی ریفۆرمخواز بەسەر ئەحمەدی نـەژاددا سەربکەوێت، واشنتۆن‌و برۆکسل لەگەڵ کەسێکی تارادەیەک نەرمتر لە ئەحمەدی نەژاددا مامەڵەبکەن، بەڵام «دووبارە هاتنەوەی نەژاد دەرفەتەکانی بەردەم ئەورووپاو ئەمریکا سنووردار دەکات».

(ڤی ئۆ ئەی نیوز) دەنووسێت، کە ئۆباما وەکـو کەسێک دادەنـرێـت کە لەبەرەی ئەوانەدایە کە ئاکامەکان ڕەتدەکەنەوە، شتی لەوجۆرە لە ئێران خێرا ناوی دەستێوەردانی دەرەکی لێدەنرێت، لەبەرئەوە ئۆباما کەوتووەتە هەلومەرجێکەوە کە لە هەردوو لاوە نالەبارە بۆ دەستپێشخەرییەکەی ئەم دواییەی ئەو بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئێران.

ئەمریکا، بەشێوەیەکی توندتریش ئەوروپا داوایان لە ئێران کردبوو کە لێکۆڵینەوە لەئاکامی هەڵبژاردنەکان بکات، ئێران هەڵوێستەکەی ئەوروپای بـە «بـێ تـەربـیـەتـی» ئـەوروپـاو دەسـتـێـوەردان لە کـاروبـاری ئەو وڵاتەدا وەسفکردبوو.

لەسەرەتای دروستبوونی ناکۆکی لـەسـەر ئاکامەکانی هـەڵـبـژاردن، واشـنـتـۆن کـاردانـەوەی نەرمی هەبوو لەسەر هەڵبژاردنەکان‌و بە مەسەلەیەکی ناوخۆی ئەو وڵاتەی دەزانـی، بـەڵام لـەدوای توندبوونی کێشەکان لـە نـاوخـۆی ئـێـرانـدا، هەڵبژاردنەکانی بەردەم ئەمریکاش دژاوارتر بوون.

مـەسـەلـەی نـاکـۆکـی لـەسـەر هەڵبژاردنەکان تەنیا کێشەی نێوان دوو کاندیدی ڕکابەر یان ئاسۆی مامەڵەکردنی داهـاتـووی نێوان واشنتۆن‌و تاران نییە، بەڵکو چاودێران پێیانوایە کە ئەوە سەرەتایەکە بۆ سستبوونی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی ڕێبەری باڵا، عەلی خامنەیی لە ئێران.

ڕۆژنـامـەی نـیـویـۆرک تایمز دەنووسێت، کە بۆ دوو دەیە عەلی خامنەیی بەپەلە وەسفی ئەحمەدی نەژادی کرد بە بۆنەی بردنەوەی لە هەڵبژاردندا، داوای لە خەڵکی ئێران کرد کە لەپشت سەری ئەو ڕاوەستن، بەڵام دواتر خەڵکی تووڕە ڕژانە سەر شەقامەکان بەپێچەوانەی حەزی ئەو.

# لەدوای هەڵبژاردنەکان، لوبنان گەشەدەکات

**ڕۆژنامە**

ناوەندە نێودەوڵەتییەکان پێیانوایە کە لوبنان گەشەدەکات‌و حیزبوڵڵاش داوای کـردووە حکومەتی هاوبەش پێکبێت. ئەمە ســەرەڕای ئــەوەی ئەمریکاش پشتیوانی خۆی بۆ پرۆسەی سیاسی لوبنان نیشانداوە.

پیاوی ژمارە دووی حیزبوڵڵای لوبنان، (شێخ نەعیم قەسام) داوایکردووە کە حکومەتێکی نیشتمانیی هاوبەش پێکبێت، هەموو لایەنەکان هەوڵبدەن بـۆ بـەرەوپـێـشـچـوونـی پـرۆسـەی سیاسی ئەو وڵاتە لەدوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەمدواییە لە لوبنان، کە تێیدا هاوپەیمانێتی لایەنگری خـۆرئـاوا بە سەرکردایەتی سەعد حەریری سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئاژانسی ئەسۆشیتێد پرێس، نەعیم قەسام، کەسی دووەمـی حیزبوڵڵا، دەڵێت ئەو بۆچوونە هەڵەیە کە پێمانوابێت حکومەتی حیزبوڵڵاو لایەنگرانی ئەوە جێبەجێدەکەن کە ئێران دەیەوێت‌و حکومەتێکی لـە جـۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران دروستدەکەن، ئەو هۆشداریی دەدات دەربارەی هەرجۆرە بایکۆتکردنێکی حیزبوڵڵاو دەڵێت «حکومەتەکانی خۆرئاوا دەڵێن کە لەگەڵ حکومەتی نوێ لە لوبنان گفتوگۆ دەکەن، بەبێ ئەوەی گوێبدەنە ئەوەی کە کێ لە هەڵبژاردندا براوەبووە».

پێکهاتەی لوبنان بەجۆرێکە کە وا پێویست دەکات حکومەتی ئەو وڵاتە لە هەموو لایەنەکان پێکبێت، ئەگەرچی هاوپەیمانێتی لایەنگری خۆرئاوا حەفتا کورسی هێناوە، بەڵام ناتوانێت بەبێ حیزبوڵڵا کە خاوەنی (٥٨) کورسییە، حکومەت پێکبهێنێت‌و ئـەگـەری پەراوێزخستنی هەرکام لە لایەنەکان دەتوانێت ببێتە هۆی نەزۆکبوونی پرۆسەی سیاسی لەو وڵاتە.



ڕۆژی دەنگدان بۆ پەرلەمانی لوبنان

بەڕێوەبردنی حکومەت لەلایەن حیزبوڵڵاوە، ئەو ئەگەرە دەخاتە بەردەم کە لەوانەیە حکومەتێکی لەوشێوەیە لەلایەن (کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە) پەراوێزبخرێت، حیزبوڵڵا هەر جۆرە ئەگەرێکی لەوجۆرە ڕەتدەکاتەوە، چـاودێـرانـیـش پـێـیـانـوایـە، بە لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی لوبنان، لە قازانجی کەس نییە کە هیچکام لە لایەنەکان پەراوێزبخرێن.

ناسەقامگیری سیاسی لە لوبنان لە (٢٠٠٥)دا دەستیپێکرد، دوای ئەوەی کە سەرۆک وەزیری پێشووتری لوبنان، ڕەفیق حەریری تیرۆرکراو ئۆباڵەکەی خرایە ئەستۆی حکومەتی سوریا، کە دواتر لەپاش (٢٩) ساڵ داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن دیمەشقەوە، هێزەکانی سوریا لەو وڵاتە پاشەکشەیان پێکرا.

ئەمریکا، حیزبوڵڵا بە گروپێکی تیرۆریستی دەزانێت کە مێژوویەکی درێژی لە شەڕو ناکۆکی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە، لە بەرامبەردا حیزبوڵڵاش پێیوایە کە خاوەنی شەرعیەتی هەڵبژاردنەو نوێنەرایەتی بەشێکی زۆر لە پێکهاتەی لوبنان دەکات.

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، باراک ئۆباما پشتیوانیی خۆی بۆ حکومەتی نوێی لوبنان دەربڕیوەو ڕایگەیاندووە کە بـەردەوام دەبێت لەسەر پشتیوانیی حکومەتێک لە لوبنان کە خاوەن سەروەریی بێت‌و هەوڵ بۆ ئاشتی‌و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بدات.

ڕۆژنـامـەی دەیـلـی سـتـار بڵاویکردووەتەوە، لوبنان ڕوو لە گەشە دەبێت‌و سەقامگیریی ئەو وڵاتە لەڕووی سیاسییەوە دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە لە ئاوەدانبوونەوەدا بگێڕێت، دەبێت لایەنەکان هەوڵبدەن کە بەو ئاراستەیەدا کاربکەن کە ئاراستەی بەرژەوەندیی هەموو دانیشتووانی لوبنانە.


ڕۆژنامەکە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بـڵاوکـردووەتـەوە، کە ئاماژەکانی ئابووری‌و گەشەسەندن زۆر باشن‌و پێویستە حکومەتی ئەو وڵاتـە بە ئاراستەی چاکسازیی‌و ریفۆرمدا هەنگاوبنێت، بۆئەوەی لـەسـایـەی ئـەو سەقامگیرییە سیاسییە تـازەدا، لوبنان بتوانێت لە گەشەسەندنێک کە هەموو هاوڵاتییانی ئـەو وڵاتـە لـێـی سـوودمـەنـدبـن، بەردەوامبێت.

# کێشەکان لە چاوەڕوانی گۆڕانکارییدا

**کارمەند باخەوان قەڵادزێی**

لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە گۆڕانکاری هەیە، بەهۆی نەبوونی سیستمێکی سیاسیی ئابووری شەفافو بەهێز کە لەئێستادا خەڵکی کوردستان لەناویاندا پەرلەمانو رای گشتیی، بەشدارنییە لە بڕیارە چارەنوسسازەکاندا، چ لەئاستی دەرەوەو ناوخۆدا کە ئێمە لەوەتەی هەین قوربانی سیاسەتین، نەمانتوانیوە بەپێی پێویست مافە رەواکانمان بەدەست بهێنین، کە لەمرۆدا بەشێکی سەبەبەکە بەرپرسانی خۆمانن، ئەگەر چاوێک یان سەیرێکی سیاسەتەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، لەڕێی دوو کەسی دیاریکراو لە چوارچێوەی دوو حیزبدا ئاراستە دەکرێت، کە لە زۆر کاتدا ناکۆکن، هەریەکەو بەوشێوەیەی خۆی دەیخوازێت، لە سەرکردایەتی حیزبەکانیانەوە درێژە بە دوو جۆر پەیوەندیی حیزبیی دەدرێت لەئاستی دەرەوەو ناوخۆدا بە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، دوعابکەین ئەگەر جارێکی دیکە کوردستان نەکرێتە قوربانیی حیزبو بنەماڵە، تائێستا لەئاستی دەرەوەدا نەتوانراوە بەشێوەیەکی یاساییو بەرنامە بۆ دارێژراو بگونجێت لەگەڵ دنیای پێشکەوتووی ئەمرۆدا، سیاسەتەکانی حکومەتی هەرێم بە وڵاتانی دەرەوە بگەیەنێت، هەر لە هەوڵدان بۆ حکومەتێکی شەفافو کراوە لەبوارەکانی ژیاندا، بە دیموکراسیکردنی راستەقینە کۆمەڵگا پێشکەشکردنی نموونەیەکی جوان بۆ دەرەوە، چونکە لە دواجاردا بە پشتگیریی نێودەوڵەتی سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین، بەپێچەوانەوە لەمرۆدا لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو پاشەکشەکردن لە دیموکراسی، ئاگاداردەکرێینەوە، لە بەرامبەردا رۆژانە گوێبیستی ئەوە دەبین لە سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لە ئەنجامی بڕیاری تاک لایەنەو نەگەڕانەوەیان بۆ پەرلەمانو رای گشتیی، شکستەکانیان دەردەکەوێت کە دەڵێن فلان سەرۆک یان فلان جیران یا فلان دەوڵەت دژی خواستەکانی کوردە، بەڵێنەکانیان جێبەجێناکەنو بێوەفابوون لەئاست بەڵێنەکانیاندا، لەکاتێکدا ئەو سەرۆک دەوڵەتانەی باسدەکرێت گۆڕانیان بەسەر دادی ئەمان هەر لەجێیخۆیاندانو هەر دەیلێنو دەیلێنەوە، بۆ تەنیا جارێک دان بە هەڵەکانی خۆیاندا نانێن کە لەڕاستیدا بەشێکی خۆیانن خەڵکی کوردستان نائومێد دەکەن، نازانن کە نە سیاسەت وایە کە ئەوان دەیکەن، نە سۆزو عەتفو بەڵێنە، بەڵکو سووربوون لەسەر مافەکانو گەڕانەوە بۆ پەرلەمانو رای گشتی، کۆمەڵگایەکی بەهێز لە ناوخۆدا مەرجی سەرکەوتنی هەر دەوڵەتێکە، لەماوەی رابردوودا چەندین هەڵوێستی سەیروسەمەرەو دژبەیەک لە سەرکردایەتیی کوردی روویدا کە ناچێتە چوارچێوەی دیبلۆماسیەتێکی سەرکەوتوو و کاریگەر شایەنی قسە لەسەرکردنەوە، سەرکردایەتی سیاسی کورد لە میدیای دەرەوە دەڵێت ئێمە پێشوازیی لە ئازادییو ئیرادەی خەڵک دەکەین کەچی لە ناوخۆدا دوورە لە راستییەوە، دیسان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لێدوان دەداتەوە دەڵێت ئەمریکا پشتی تێکردوینو بەڵێنەکانیان جێبەجێ ناکات لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، پشتگیریمان ناکات بۆ گەڕانەوەیان لەناویاندا کەرکوک، یان سەرکردایەتیی سیاسیی کورد لێدوان دەدەنەوە یەکی ناکەنە برای یەک، دەڵێن ئێمە ئامادەنین پشیلەیەکیش تەسلیمی تورکیا بکەینەوەو هەڕەشەی دەستوەردانە کاروباری تورکیا دەکەن، بێئەوەی بزانن کە تورکیا چ سەنگو قورساییەکی هەیە لە ناوچەکەو جیهاندا، بۆ ئەم گرفتانە تەنیا ئێوە هۆکارەکەین، دواتر بەپێچەوانەی سیاستەکانی رابردوویان سەرکردایەتی سیاسی کورد دەستدەکەنەوە بە سیاسەتکردن کە بەبڕوای من لە بازنەی نەزانیندا دەسوڕێتەوە، لە سەردانێکی بەرپرسێکی ئێرانیدا سەرکردەیەکی کوردی لەکاتی پێشوازیدا لە بەغدا پێی دەڵێت، تۆ گەورەترین نیعمەتی بۆ گەلانی عێراق، لە سەردانیدا بۆ تورکیا دەڵێن دەوڵەتی کوردی خەونی شاعیرانە، دەتوانین لێرەدا بڵێین لەکۆی سێ هێزی گرنگو کاریگەر لە ناوچەکەو جیهاندا، نەمانتوانی سوودیان لێوەرگرین، چونکە ئێمە هەمووکات مانەوەمانو پێشکەوتنمان تارادەیەکی زۆر بەندە بە پشتگیریی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەش لە ئەنجامی نەبوونی سیاسەتێکی گشتگیرو بەهێز، بەڵکو لە بڕیاری تاک لایەنەو نەگەڕانەوە بۆ پەرلەمانو رای گشتی، ئەوەی خولقاندووە ئاسەوارەکانو باجەکەی لەمرۆدا لە کەشێکی چەقبەستوو سیاسیدا دەژین بێدەنگی دایگرتووین لەئاست مافەکانماندا دەرناکەوێت، ئەمە لەکاتێکدا نەمانتوانیوە لە ناوخۆ لەگەڵ بەغدا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەدەست بهێنین، کە گرنگترینیان کێشەکانی ناوچە کێشە لەسەرەکانو نەوتو غازو پێشمەرگە، یەکتر تۆمەتبارکردن لەلایەن بەغداو هەولێر بە پێشێلکردنی دەستوور، کە هەریەکە بە چەند خاڵێکی دەستوورییەوە بەرگری لەخۆی دەکات، نازانرێت کامیان دەستوور پێشێل دەکات، بەهۆی نەبوونی سیاسەتێکی روونکراوە، ئەگەرچی کورد بەشێکی گرنگی لە حکومەتی عێراق بەدەستەوەیە، بەڵام نوێنەرانی کورد لە بەغدا زۆرجار هەڵوێستیان پێچەوانەیان بێدەنگیان هەیە، لە ئەنجامدا کێشەکان گەیشتنە ئاستێک کە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقی لەگەڵ هەرێمی کوردستان گەیشتنە بنبەست بەرەو حیزبو تاکەکەس هەنگاودەنێت، هەر لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق سەرکردەکانی ئێمە حکومەتەکەی جەعفەرو مالیکی تۆمەتبار دەکەن کە دژی هەرێمی کوردستانن، ئەمە لەکاتێکدا جەعفەری لەسەر کار نەماوەو مالیکیش بەرەو تەواوبوونە، کەچی سیاسەتی ئێمە لەیەک بازنەدا دەخولێتەوەو ئەوانەی ئێمە هەر لەجێی خۆیان بۆ تەنیا جارێک خۆیان بە تاوانبار نازاننو لە سیاسەتکردنداو حکومەتی بەغدا ناشیرین دەکەن، کە لە زۆر شتدا لەپێش ئێمەوەیە، کە لەڕاستیدا دەبێت دەستەیەکی بێلایەنو پسپۆڕ هەڵیسەنگێنن، نەک ئێوە بۆ پەردەپۆشکردنی شکستەکانتان بەکاربهێنن، هەرچی بۆ بەرژەوەندیی خۆتانو حیزبەکەتان ئەوجار حکومەت نەبێت دەیکەن بەدوژمنی خەڵکی کوردستان کە لە زۆر کاتدا وانییە، دەبێت ئەو راستییە بزانن کە حکومەتی عێراقی بە چ قوربانییو پشتگیرییەکی زلهێزەکان هاتووەتە بەرهەم، بەغدا حوکم دەکات، ئەو سیاسەتانە قبوڵ ناکات کە زۆرترین نارەزایی لەناو شەقامی کوردیدا هەیە، دەربارەی بەڕێوەبردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەر لە نەبوونی سیستمێکی سیاسیی ئابووری شەفافو یەکسانو دەستاودەستنەکردنی دەسەڵات، بەهەدەردانی داهاتی کوردستان، بەغدا ئەو راستییەی بۆ روونبووەتەوە کە لە چوارچێوەی رێککەوتنی ستراتیژی یەکێتیو پارتی کایەکانی کۆمەڵگای کوردییان داگیرکردووە بۆ بەرژەوەندیی خۆیانو سیاسەت لەگەڵ حیزب ناکات، بۆیە کێشەکان بۆ پەرلەمانی داهاتوو بەجێدەهێڵێت کە هەڵقوڵاوی خەڵکی کوردستانە بەشێوەیەکی یاسایی، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر هەر بابەتێکی گرنگو چارەنووسساز بگەڕێتە بۆ بەر لە مانای گشتی، ناکرێت چیتر یاریی بە چارەنووسی میللەتێک بکەن، کە تائێستا بەدەست سیاسەتی دوو کەسی دیاریکراوەوە دەناڵێنێتو قوربانیی دەدات، کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئێوەن، بۆیە لێرەدا پێویستە کۆمەڵگای کوردی بەشداریی لە بڕیارەکاندا بکاتو گۆڕان لەو سیاسەتانەدا دروستبکەین، چیتر لە ژوورە داخراوەکاندا بڕیاری تاکلایەنە لەسەر خەڵکی کوردستان نەدرێتو مێژوو خۆی دووبارە نەکاتەوە.

# یاسا سەرسوڕهێنەرەکانی جیهان



**هەژار واحید خۆشناو**

یاسا لەناو هەر کۆمەڵگایەکدا رۆڵی گرنگی هەیە لە رێکخستنی ژیانی تاکەکانو بەردەوامیی دەزگاکانی دەوڵەت، هەروەها هەستکردنی هاوڵاتییان بە ئینتیمای نیشتمانیو هاوڵاتیبوون، لەسەر ئەو بنەمایەش مافو ئەرکی تاک دیاریکراوە.

هەر لەدێر زەمانەوە یاسا هەرهەبووە، بەڵام بەتایبەتی لە سەردەمی رۆمانییەکاندا یاسا گەشەکردنێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی کە هەندێک ماف بۆ کەسانی بێگانەش دیاریکرا، کە تا ئەو سەردەمە کەسی بێگانە پارێزگاریی یاسایی لێنەکراوە.

بێگومان هەموومان حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی جیهانمان بیستووە، بەڵام رەنگە کەم کەس لە ئێمە یاسای سەرسوڕهێنەری بیستبێت، ئەگەرچی لەڕاستیدا ئەمجۆرە یاسایانە هەیە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە یاسا رەنگدانەوەی پێویستییەکانی هەر کۆمەڵگایەکە، لە هەر سەردەمێکدا کە یاساکەی تێدا دەردەچێت، هەربۆیەش بەردەوام لە گۆڕانکاریدایەو هیچ یاسایەک هەتاهەتایە نامێنێتەوە.، بۆ نموونە لە بەریتانیا قەدەغەیە لە کۆشکی (وێست مینیستەر) بمریت، خۆ ئەگەر ئەمە روویدات، دەبێت بەرلەوەی وەفاتنامە دەربهێنرێت، ئەم لاشەیە لە کۆشکەکە دووربخرێتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم کۆشکە کۆشکێکی شاهانەیە، ئەوکاتە ئەم مردووە مافی بەخاکسپاردنی رەسمیی دەبێت، هەروەها تائێستا لە بەریتانیا قەدەغەیە پەرلەمانتاران بە جلی دژە تیرو شمشێر بێنە ناو پەرلەمان.

ئەگەرچی لە بەریتانیا لەماوەی (٤٠) ساڵی رابردوودا زیاتر لە (٢٠٠٠) یاسا رەتکراونەتەوە، بەڵام تائێستا زیاتر لە (٤٠٠٠) یاسا ماون کە بەر لەساڵی ١٨٠١ دەرچوون، دیارە ئاشکراشە کە یاسا تا ئەوکاتەی بە یاسا رەتنەکرێتەوە، هەر هێزی یاسایی خۆی دەمێنێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە یەکێک لەمجۆرە وڵاتانە دادەنرێت کە ئەمجۆرە یاسایانەی تێدایە، بۆ نموونە:

لە نیڤادای ئەمریکا قەدەغەیە کە حوشترەوانی بکرێت لەسەر رێگا خێراکان.

لە ئالاباما قەدەغەیە شوفێران لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا چاویان ببەستنەوە.

لە باکووری کارۆلینا پێویستە ئەو کەسەی گۆرانی دەڵێت لە شوێنە گشتییەکان، شتێک بزانێت لەو بوارەدا، خۆ ئەگەر گۆرانی بڵێتو تۆنەکەی دەرنەهێنێت، دەبێت سزای مادیی بدرێت.

لە فلۆریدا منداڵان بۆیان نییە بێ رەزامەندیی نووسراوی دایکو باوکیان، رۆمانی هاری پۆرتەر بخوێننەوە، چونکە هەندێک شتی تێدایە کە پێچەوانەی ئاینی مەسیحیەتە.

لە ئلینیۆس پێویستە هەمیشە لانیکەم دۆلارێکت پێبێت، ئەگەر نا، دەکرێت دەستگیر بکرێیت.

ئەگەر نیازت هەبوو لە فلۆریدا فیلێک لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل ببەستیتەوە، دەبێت پارەی پارکی ئۆتۆمبێل بۆ ئەویش بدەیت.

دیارە ئەمجۆرە یاسایانە لەکاتی ئێستادا مانایان نەماوەو کەس پێویستی پێی نییە، باڵام تائێستا هەر ماون.

بەڕاستی ئەمە یاسای جگەرەکێشانی پەرلەمانی کوردستانی بیرخستمەوە، ئێمە تائێستا یاسایەکی کارامان نییە دژی گەندەڵیو بەهەدەردانی سامانی میللەت، ئەمە جگە لەوەی زۆر لە یاساکانی سەردەمی پێشوو، ئێستا پێویستیان بە گۆڕانکاریی هەیە، بەڵام لەجیاتی ئەمانە پەرلەمانەکەی ئێمە خەریکی یاسای جگەرەکێشان بوو، راستە ئەم یاسایەش گرنگە، بەڵام زۆر یاسای لەوە گرنگتر ماوە کە دەربچێت.

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی دوکان

ژمارە/٢٦٣/ب/٢٠٠٩
رۆژ/ ٦/٧/ ٢٠٠٩

[ئاگانامە]

داواکار (ئالیان رمضان مولود ) دوکان
داوالێکراو : راستگری تۆماری باری شارستانی لە (سورداش) وێڕای کارەکەی
داواکار (ئالیان رمچان مولود) داوای سەرەوەی لە دادگاکەمان تۆمار کردووە بۆ گۆڕینی ناوی لە (ئالیان ) بۆ ( ئالان ) بۆیە بڕیارماندا بە بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەیەکدا بە پێی مادەی(٢١) لە یاسایی باری شارستانی جاهەر کەسێ مافی رێگرتنی (رعتراچ) ی هەیە لە ماوەی (١٠) رۆژدا لە دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیەوە سەردانی دادگاکەمان بکات بە پێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بە پێی یاسا.

دادوەر
کامەران حسن فەرەج

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادنووسی سلێمانی/ دووەم

ژمارە: ت
بەروار: ٢٠٠٩/٦/١٤

«ئاگاداریو بڵاوکردنەوە»
تۆمارکردنی ئامێری کارگەی (هەڵاڵە) بۆ دروستکردنی بتڵی غاز
بە گوێرەی داواکاری لەلایەن بەڕێز (أبوبكر غريب محمد أمين) ناوچەی پیشەسازی/٢
لە رۆژی (٢٠٠٩/٦/١١) کە تیایدا داوای کردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بەناویەوە بۆ تۆمار بکەین. جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامانو بەڵگەنامەی رەسمی بهێنێت تا ماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییەوە لە رۆژنامەدا تاوەکو کارەکە رابگرین وە بەپێچەوانەوە ئێمە ناچار ئەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بە ناویانەوە بە گوێرەی یاسای تۆمارکردنی ئامێر، ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢)وە بڕوانامەی تۆمارکردنی ئەدرێتێ.

دادنووسی سلێمانی/ دووەم
ئاواز محمد وهاب

ئامێرەکان:
١ ـ پریس بۆ خوارکردنەوەی پلێت جۆری/ TLeFF ـ رێگالی بەهێزی ـ ٥٠٠ گن ـ ژمارە ـ ٣٦٢٠ تایپ ـ RP١٦٠.
٢ ـ پریس بۆ دروستکردنی جێگەی صمامی بگل، ژمارە ـ ٠٠٣١٢١ ـ تایپ ـ ٢ – ٧– ١.

دادگای بەرایی سلێمانی/ ٤

ژمارە/ ٦٦٧/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٦/١٧

ئاگاداری

داواکار/ ئازاد محی الدين كريم
بۆ داوالەسەرکراو/ فريدون شريف قادر ناسراو بە فريدون رحمن ويوقی
دادگاکەمان لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٨ بڕیاری لە داوای ژمارە ٦٦٧/ب/٢٠٠٩ دەرکردووە بە نائامادەیی بەرامبەرت بە پابەندکردنت بە دانی بڕی ٧٥٠٠ حەوت هەزارو پێنج سەد دۆلاری ئەمریکی ئەگەر نەکرا بە دیناری عێراقی بەپێی بەهای گۆڕینەوەی دۆلار بە بەرواری ٢٠٠٩/٣/١٢ ئەمە سەرەڕای سوودی یاسایی (فوائد القانونيه) لە بەرواری ئاماژە بۆکراوەوە لەگەڵ لەئەستۆگرتنی مەسرەفی داوا بڕیارێک بە نائامادەیی دەرچووە بەرامبەرت هەڵپەسراو لەسەر نکولی کردنت لە سوێند لەکاتی نارەزایی (اعتراض)و انکاری کردندا سەبارەت بە سەلماندنی واقعەی بڕی بدلی بەشەکەت لە کۆمپانیای ئاوێزە بڕیارێک شیاوی نارەزایی گرتنو تێهەڵچوونەوەو پیاچوونەوەیە لەبەرئەوەی ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت لەکاتی ئێستادا نادیارە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی جیاوازەوە بۆ تانەدانت لە بڕیاری ئاماژە پێکراو لە ماوەی یاساییدا بەپێچەوانەوە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بە گوێرەی یاسا.

دادوەر
سالار رئوف محمود

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـەی نووسـەران
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# سەردەمی هەڵوەرینی حیزبەکان

ئاکۆ مەجید/ بەریتانیا

ئەو دەمــەی سەرسفرەی حیزبەکان چـۆڵـدەبـێـتو هـێـواش هـێـواش ڕیـزو خۆشەویستیان لەناو میللەتدا کەمدەکات، ئیتر پارە بەخشینەوەش ناتوانێت هەیبەتیان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو دەمەی حیزبی کوردی پیردەبێتو لە پایزی تەمەنیدا تلدەدات، ئەو دەمەی حیزبی کوردی لەجێی خۆی دادەڕزێت لەپای ناعەدالەتی، ئەو دەمــەی هەڕەشەی نانبڕینو دەرکردنی فەرمانبەرانی دەزگا حکومییەکانیش ناتوانێت دەنگە نارازییەکان کپ بکاتەوە، ئەو دەمەی گەنج لە گێژاوی کێشەکانی خۆیدا دەتلێتەوەو حیزبیش بەدەم شانازیی کۆنەوە چارەسەری کێشە هەنووکەییەکانی نەوەی نوێی پێناکرێت، ئیتر لێرەوە وەرزی هەڵوەرینی حیزبو بەرپرسو سەرۆکە کلاسیکەکان دەستپێدەکات، وەرزی گەڵاڕێزانی تەمەنیان نزیکدەبێتەوەو هێواش هێواش سۆزی هاوڵاتییانو متمانەی ئەندامو لایەنگرانیان لێ هەڵدەوەرێت.

بەسەرچوونی حیزبی کلاسیکو قۆرغکار، ئەو ڕاستییەیە کە هیچ سەرکردەو حیزبێکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست نایخوازێتو نایەوێت بـڕوای پێبکات کە ڕۆژێـک دێـت دەبێت دەرفەت بۆ خەونو نەوەی نوێ چۆڵبکات، کە ڕۆژێک دێت بومەلەرزەی نارەزایی میللەت عەرشی دەسەڵاتیان دەلەرزێنێتو لەژێرەوە هەڵیاندەتەکێنێت.

کاتێک شـۆڕشو خەباتێکی گـەورەی نەتەوەیی بچووک دەبێتەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتیو پڕکردنی باخەڵێک، کاتێک کەسایەتی هەڵگرانی بیروباوەڕێک ئەوەندە نزم دەبێتەوە بۆ بەدەستخستنی تەنیا عانەیەک، کاتێک فیکرو ئایدۆلۆژیای چەند کەسانێک چەق دەبەستێتو لە بێتفاقی بەرامبەر شاڵاوی نەوەی نوێدا دەگاتە سەر ناووناتۆرە دروستکردنێک، ئیدی نەوەی نوێ بەوە ڕازی نابێت چیتر کەسانی بێمتمانەو بێویژدانو بێوەفا حکومڕانیان بکات، چیتر بەوە ڕازی نابێت مرۆڤگەلێکی مشەخۆرو گەندەڵو هیچ لەباردانەبوو، خۆیان بەسەر میللەتەدا رادەنو هەرکات ویستیان نانیان بدەنێو هەرکاتێکیش ویستیان لێیان بگرنەوە، کاتێک هەڵگرانی پەیامی حیزبێک نەتوانن بچنە ژێرباری پەیامەکەی خۆیانو کار بۆ کوشتنی هەر جوڵانەوەیەکی نوێ بکەن، گەلۆ... بە من ناڵێی چۆن جارێکی دیکە متمانە بەو کەسانە بکرێتەوە؟! کاتێک هەر جوڵانەوەو داهێنانێکی نوێ کە خۆیان دروستیان نەکردبێتو بێ هەڵسەنگاندن سەرلەبەری ڕەتبکەنەوەو هەوڵی خنکاندنی بدەن، چ هیوایەکم بە مژدە بێ ناوەڕۆکەکانی ئـەوان بمێنێت، لەکاتێکدا ئـەوان هیچ کات داهێنانێکی دەرەوەی حیزبیان پێ قبوڵ نەبێت، گەنجی دەرەوەی حیزب چۆن بتوانێت لەگەڵ حیزبدا هەڵبکات کە ئەو گەنجی پێ هەرس نەکرێتو بە بوونی گەنج گرژ ببێت!! لەکاتێکدا حیزب دەستی بۆ بچووکترین تایبەتمەندیی ژیانی خەڵک دەبات، تا سەرلەبەری ژیانیان کۆنترۆڵ بکاتو هەموو بۆچوونو داهێنانو خەونێکیان تەنیا هی حیزب بێتو هەموویان کۆیلەی حیزب بکەن.

مرۆڤ چییە ئەگەر ویـژدانو ئەخلاقی تێدا نەبێت؟! ژیان چییە ئەگەر مرۆڤەکان هاوسۆزیی لەگەڵ دەوروبەرەکەیان دروست نەکەن؟! حیزبو هەر بیروباوەڕێکی دیکە چییە ئەگەر خۆی بە نوێنەری خەڵک بزانێت، بەڵام هاوخەمو هەڵگری خەمەکانیان نەبێت؟! حیزبو ئایدیا چەند بچووکن کاتێک هەڵگرانی پەیامەکەی بێویژدانانە دەسـت دەخەنە تایبەتمەندیی ژیانی ڕۆژانـەی خەڵکەوەو هەستیان بـریـنـداردەکـەن!! کاتێک حیزب مانایەک بۆ جوانی ژیان ناهێڵێتەوەو هەموو شتێک بێبەهاو بێ نرخ دەکات، ئەوە نەوەی نوێیە پێی دەڵێت تۆ لە پایزی تەمەندایتو وەرزی هەڵوەرینت دەستپێکردووە.

Ako_majeed@yahoo.com

# بۆچی لیستی هیوا دەرهێنرا، ئەی بۆ حکومەت بێدەنگە؟



مەهدی کاوانی

پێموانییە ئـەو بێدەنگییەی حکومەتی هەرێم بۆ وەدەرنانی لیستی هـیـوا لـە پێشبڕکێی هەڵبژاردنی ٧/٢٥، لەبەرئەوە بێت کە چەند کورسی پەرلەمان لێیان کەمبێتەوە، ئەوان لەو هەڵبژاردنەدا زیاتر ئاراستە دژەکانیان لەگەڵ لیستی گۆڕانو چوار حیزبەکەیە، کـە بـەهـۆی ئـەوانـەوە ژمـارەی کورسییەکانی پەرلەمانیان کورت بهێنێت.

دەبوایە کە یەکێتیو پارتیش لەو وەدەرنانە بەبێ هەڵوێست مانەوە، قەوارە سیاسییەکانی دیکە جۆرە کاردانەوەیەکیان دژی ئەو کارە نادیموکراتیەی کۆمسیۆنی باڵا لە بابەتی بایەکۆت یان کاردانەوەی دیکەیان نیشاندابایە.

هەڵوێستی کۆمسیۆنی باڵا کە لەژێر گوشاری لایەنە عێراقییە عەرەبەکاندا کراوە، کاردانەوەیەکی نامۆ نییەو پەرچەکرداری وەهاش مەبەستی سیاسی بـەدواوەیـە، ئـەگـەر تـەمـاشـای ڕاگەیاندنی کـوردیـش بـەدیـوی حکومەتو ڕاگـەیـانـدنـی ئـازادبـکـەیـن، ئەو کۆبەندە دروستبووە کە دەسەڵاتی بەغدا نەک پەرچەکردار لەدژی هەر پەرەگرتنێکی بزاڤی کوردی دەکات، بەڵکو لـەو نێوەندەدا دەیەوێت تورکیاو ئێرانو سوریاو جیهانی عەرەبیش بەناوی دروست نەبوونی دەوڵەتی کوردی، تێیان بئاڵێنێت.

هێز لە یەکێتیو یەکبووندایە، دەســەڵاتــی بـەغـدا ویـــڕای ئەو هەموو دژایەتیەی نێوانی خۆیان، وێڕای ئەوەی کە زۆر لە لایەنەکان هـەریـەکـەیـان بـە بـۆنو ڕەنگی خۆیەوە هەڵوێست چ بە نا یان ئەرێ لە وڵاتانی دەوروبەر وەردەگرن، کەچی لەئاستی ناوخۆو دەرەوەش لـەدژی پەرەگرتنی بزاڤی کورد یەکنو بە پێکەوەش هەڵوێستەکانیان لەدژمان، یەکدەخەن.

حکومەتی هەرێم نەهات ئەگەر هـەر نەبێت با بۆ بـەرژەوەنـدی خۆشیان بێت، وەک هەڵوێستی دەوروبەر بە ئاراستەی پێچەوانە سوود لە بزاڤی پەکەکەو پەژاک وەربـگـرێـتو وەکـو کارتێکی گوشار دژی هەر پەرەگرتنێکی کە لەدژیانەوە دەکرێت، بەکاری بهێنن، ئەوان هەموو هێلکەکانیان خستە ناو سەبەتەی خواستەکانی ئەمریکاو دەوروبەرو حکومەتی عێراق.

ڕەنگە پرسیاری لەو بابەتانە بکرێتو پێیەوە دەسەڵاتی کوردی پاساوی بۆ بهێنێتەوە کە ئێمە توانای بەرەنگاربوونەوەی دەوروبەرمان نییە، با ئەوەندەی هەشمانە ئەویش لەدەست نەدەین، وەک بوترێت ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع خوێندنەوەکان وەهــا خۆیان نیشان نـادەن، با لە دەتەپە دەستپێبکەین، ئەوانە لە هەموو لایەکەوە هەندێکجار حکومەتی هەرێمیش دەخرێتە پاڵ، دژایەتی دەکرێن. دەسەڵاتی تورکی ویــڕای ئــەوەی دەتەپە بە سیستمگەلی دیموکراتیەتی تورکیو پەرلەمانتاریزم هەبوونی خۆیان پاراستووەو پێشڤەچوونیش وەدەســـت دەهــێــنــن، کەچی تورکەکان ئێستاشی لەگەڵدابێت، ئەوان بە ڕووی سیاسی پەکەکە دەیـخـوێـنـنـەوەو نــاوە نــاوەش سـەرکـردەکـانـیـان بـە تۆمەتی پەکەکە ڕاپێچی زیندان دەکـەن، کەچی دەتەپە لەو هەڵبژاردنەی شارەوانی سنووری دەسەڵاتی کوردیان بە گەمەی دیموکراتی لە (٥٣) شارەوانی بۆ نزیکی (١٠٠) شارەوانی بەرزکردەوەو خەریکە لـەسـەر ئــەرزی واقـیـع شتێک بەرجەستە بکەن کە تورکەکانو ئەمریکاو ئەوروپاشی لەگەڵدابێت، وا لێبکەن کە حەقیقەتی کوردی حەقیقەتێکی حاشاهەڵنەگرەو ئەمڕۆ یان سبەی دەبێت تورکەکان دانی پێدابنێن، ئەدی ئەگەر حکومەتی هـەرێـم با بۆ خاتری کوردانی ئەوێندەریشیان نەبوایە، با بۆ خاتری خۆیان بوایە، خۆ دەبوایە وەک کارتی گوشار مەسەلەی وەها لەبەردەم ئەمریکییەکانو تورکیاو عێراقدا کێلیان کردبایەوە، عەیبەیە بۆ ئەو هەموو لێدوانانەی دەسەڵاتی کـوردی لەمەڕ داکۆکیکردن لە سـەروەریـی خاکی عێراقو ئەو هەموو دووپاتکردنەوانە، پاراستنی سەروەریی خاکی عێراق لەسەر نیشتمانی باپیرە گەورەکانمان چ مانایەک دەگەیەنێت. عەیبەیە بۆ ئەو ئاخاوتنەی بە دوایەی عیماد ئەحمەد لە گۆڤاری ئاوێنە بەناوی حکومەتی کـــوردیو بڵێت بۆ پاراستنی سەروەریی عێراق، هێزی پێشمەرگە بۆ سەرسنوورەکان ئێرانییەکان، تورکەکان، دەوەرن دەســت هەڵگرن لە بۆردومانی کوردستانی باشوورو کاولکردنیو کوشتنی خەڵکی بێدیفاعی گوندە سەرسنوورییەکان، ئینجا وەرن داوای پاراستنی ئاسایشی نیشتمانی عێراقمان لێبکەن، دەسەڵاتی بەغدا دەوەرە ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە لەمەڕ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بیکە، ئاوارەکانی کەرکوک بگێڕنەوە، ئاساوارەکانی پاکتاوی ڕەگەزیی ڕژێمەکانی پێشوو بەسەرمان ڕەشکەنەوە، ئینجا وەرە لێدوان بدە لەسەر دەرکردنی پەکەکەو پەژاک لەسەر خاکی عێراق.

حکومەتی کوردی باشترنەبوو بە حکومەتی عیراقیتان وتبایە چیتان لە پەکەکەو پەژاکدایە، کوا ئەوان سەربازێکی ئەمریکی یان عێراقی یان پێشمەرگەیەک یان پاسەوانێکی کـوردیـان لەسەر سنوورەکان کوشتووە، ئەوان نەک کاری وەهایان نەکردووە، بەڵکو بۆ لێدانی جاروباری ئەرتەشی تورکیو ئێرانیش سەد حسابی بۆ دەکـەن، کە ئەو شوێنەی چالاکی لێبکەن دەبێت زۆر دووربێت لەسەر سنوورەکان، زیاد لەوەش ئەوان نەک سەروەریی خاکی عێراق پێ ئاسایشی نەتەوەییمان دەپارێزن نەک ئەو بانگەشانەی حکومەتی هەرێم لەدژیان.

پارتی چارەسەی کوردستان لە خولی هەڵبژاردنی پێشتری پەرلەمانی کوردستاندا ڕێگایان پێدرا کە بە ئازادانە بکەونە ناو پێشبڕکێی هەڵبژاردن، بەغدا ئەگەر بۆ خاتری ڕازیکردنی ئەنقەرە نەبێت، بە چ پاساوێکەوە ئێستاکە ئەو ڕێگرییە دروستدەکات، پارتی ناوبراو هەمان ئەو پارتەی ئەوکاتی بـوو، ئـەو پێچەوانەکردنەوەی هەڵوێستوەرگرتن لەسەر بەشداری پێنەکردنی پارتی چـارەسـەری کوردستان، تەنیا ئەو چەند مانایەت دەداتـە دەست کە بۆ قبوڵکردنی ئەوکاتیان لەبەر گڵۆپی سەوزی ئەمریکیو لاوازیـی حکومەتی عێراقی ئەوکات بووبێت، ئێستاکەش هەندێک بەهێزبوون بە خۆیان شک دەبەنو دەڵێن لێناگەڕێین دۆزی کورد گەشەبکات.

پارتی چارەسەری کوردستانیش پارتێکی کـوردی بـاشـوورەو لە هەموو ڕاگەیاندنەکانیشیاندا وەک پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی دیکە، زیاتر دەیانەوێت ئەجێندای ئـەزمـوونـی حکومەتی هـەرێـم

> **پارتی چارەسەری کوردستانیش پارتێکی کوردی باشوورەو لە هەموو ڕاگەیاندنەکانیشیاندا وەک پارتە کوردییە بەرهەڵستکارەکانی دیکە، زیاتر دەیانەوێت ئەجێندای ئەزموونی حکومەتی هەرێم ببەنە پێشەوە، لیستی هیوا مافی خۆیانە شانبەشانی پارتەکانی دیکە لەناو پێشبڕکێی هەڵبژاردندا بەشداریی بکەن لەو پرۆسیسەو بەرقەرارکردنی داخوازیی زۆرینەی خەڵک**

دەنێرین، با لە ڕێگاشیەوە شەڕو پێکدادان لەگەڵ گەریلا ڕوووبدات. بڕۆن ڕاپرسی بکەن ئاخوا ئەوەتان بـۆ دەرنـاکـەوێـت کـە بەشێکی هـــەرەزۆری جـەمـاوەری کـورد، شەق لە جۆرە لێدوانی وەها نادات. دوو پارتی کـوردی دەسەڵاتدار دەڵـێـنو دەڵـێـنـەوە ئـەو شـەڕە ناوخۆیانەی لەنێوانماندا ڕوویدا، لە بە کوشدانی کوردان هیچی دیکەی لێ شین نەبووە، باشە کەوایە بۆ لە شوێنێکی دیکە بە بیانووی نابەجێ دیسان ئاگری خوێنڕشتن دووبارە هەڵدەگیرسێننەوە، کوێی خاکی کوردستان نیشتمانی عێراقە، با بڵێین ئەو واقیعە خۆی چەسپاندووە کە لێرەش قسەگەلی پێچەوانە هەڵدەگرێت، کوا ئەو نیشتمانە عێراقییە شوێنی بـۆ کـــوردان کـردووەتـــەوە. دەســەڵاتــی بەغدا هاتووەتە پێش بۆ جێبەجێکردنی بچووکترین داخوازیی کـــوردان، کورد چیان بۆ مادەی (١٤٠) کردووە، خۆزگەو خۆزگە دەسەڵاتی هەرێم هـەر ئـەوەنـدەی بە تورکەکانو دەسەڵاتی بەغداو ڕژێمی ئێران بوتبایە کاکینە فەرموون مادەی (١٤٠) بە ئـەرێ بەسەرمانەوە ئاوابکەن، ئینجا داوامـان لێبکەن سەروەریی خاکی عێراق بپارێزین، شێڵ ناکەن، بەڵکو هەڵکەوتەی تەواجودی ئەوان لەو شوێنانە وای لێهاتووە کە ئەوان وەک پاسەوانێک بن بۆ پاراستنی ئاسایشی کوردانو عێراق کەوتووەتەوە، ئەگەر جۆرە تەواجودێکی وەک ئەوان بە هەر ناولێنانێکەوەش بووبێت کە هەیە، مانای ئەوەیە ناوچەکەیان لە هاتنە ژوورەوەی قاعیدەو توندڕەوی ئاییینی پاراستووە.

لیستی هیوا لەژێر ناونیشانی پارتی چارەسەری کوردستان بێت، بۆنو ڕەنگی پەکەکەی پێوەبێت یان نا، نەیارتان بن، نەبن، ئەوان بۆنی کوردو کوردینەیان لێدێت، ئـەوان نـەک نابنە ڕێگر لەمەڕ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کوردی باشوور، بەڵکو هەڵکەوتەی هاوتاکانیان وا هەڵکەوتووە کە کۆلەگەیەکی قایمی ئاسایشی نیشتمانیان لـەکـۆڵ حکومەتی هەرێم کردووەتەوە، ئەگەر ئەوان نەبن، قاعیدەو توندڕەوی دینی بە فیتی ئەمو ئەو شوێنەکانی ئەوان دەگـرنـەوەو بـەدواشـیـەوە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ بۆ ناوەوەی کوردستان شۆڕدەکەنەوەو ئەزموونەکەمان دەڕووخێنن، لە هەر شوێنێکەوە قسەی پێوەبکەین، بە مانەوەی ئـــەوان لـەسـەر سـنـوورەکـان ببەنە پێشەوە، لیستی هیوا مافی خۆیانە شانبەشانی پارتەکانی دیکە لەناو پێشبڕکێی هەڵبژاردندا بەشداریی بکەن لەو پرۆسیسەو بـەرقـەرارکـردنـی داخـوازیـی زۆرینەی خەڵک، لەپێناو گۆڕانی بـنـەڕەتـیو باشکردنی ئـەدای حکومەتی داهاتوو، لەسەر ئەرزی واقیعیش با بەو پارتەش بوترێت بۆنی پەکەکەو پەژاکی لێ دێت، بـەڵام کـاروکـاردانـەوەی ئـەوان لـەمـەڕ مامەڵەکردنیان لەگەڵ پەکەکەو پـژاک، ڕەنـگـدانـەوەی بەشی هـەرەزۆریـنـەی شەقامی کوردی باشوورەو لەو نێوەندەدا تــەواوی هـێـزە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکانو ڕاگەیاندنی ئازاد، هاوڕایە لەگەڵیانداو حەزیشدەکەم کەرەستەکانی گـۆڕانو نوێنەرە سیاسییەکانیان پشتگیریی تــەواوی لیستی هیوا بکەن کە بە ڕێگای یاسایی، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ناچاربکەن کە پێداچوونەوە لەو بایکۆتپێکردنەی لیستی هیوا بکەنو ئەوانیش وەک لیستەکانی دیکە بەشداربن لەو پرۆسە هەڵبژاردنە بێوێنەیەی ئەمجارەی هەرێمی کوردستان.

mahdikawani@yahoo.co.uk

www.netewe.com

NEW Sirwan Mineral Spring Water

زیاد لە 25 ساڵ ئەزمون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا

ئاوی کانزایی سیروان
لەکانیاوی بانی خێڵان




From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ

مژدە مژدە ...
DRR Co.
RENAULT

کۆمپانیای الدرر مژدە دەدات بە هاوڵاتیانی خۆشەویست کە نرخی سەیارەی ڕینۆی فەرەنسی و BYD صینی و کرۆنی کۆری
داشکاند بەهەموو قەبارەکانیەوە بەشێوەی قیست بۆماوەی (٣) ساڵ لەرێگای بانکی ( دیجلەوفرات ) ەوە




ناونیشان / سلێمانی . شەقامی مەلیک محمود . بەرامبەر چێشتخانەی کەبابی محسن E-info.drr@gmail.com 07701462292 - 07480158777

گوندی ئەڵمانی 2
nalia co.
کۆمپانیای نالیا

ئێستا شوقەی 145مەتردوجا بە 80 000دۆلارو بە قیستی 5ساڵ
تەنها 20 000دۆلار پێشەکی و بێ هیچ زیادەو قازانجێک






ئێستا دەتوانیت باشترین (ڕوو و نهۆم) هەڵبژێریت
بەدڵی خۆت تا دوا ڕۆژ ناچار نەبیت شوێنی تر هەڵبژێریت کەبەدڵی خۆت نیە
( جگە لە شوقە ڤێلامان هەیە )
(( ڤێلای گوندی ئەڵمانی دوو بە باشترین مەوادی جیهان و جوانترین دیزاین ))
ڤێلای ( 360 558 742 1410) مەتردوجا
هەموو ڤێلاکان هۆڵی میوان - هۆلی دانیشتن - هۆڵی نانخواردن - پێنج تا هەشت ژوری نوستن -
شەش تا دە تەوالێت وحەمام - مەلەوانگە - ساونا- شوێنی بلیارد و شوێنی جیم -
گەراجی ئوتومبێلی داخراو باخچەی گەورە - ژوری شۆفاژو میکانیک -
چێشتخانەو چێشتخانەی یاریدەدەر - گەنجینەو شوێنی یاری منداڵان .



چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩


ژمـاره (493) پێنجشەممە 2009/3/18

PIRD
رۆژنامەی پرد
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان - دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی



فۆتۆ: فازڵ نەجیب





جێگری بەڕێوەبەری گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی:

# کێبڕکێی یەکێتی و پارتی لە کەرکوک ژیانی لەهەموو کەس تێکداوە

**"سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەبارەی کەرکوک فاشیلە"**

ل ٢،٣،٤،٥

# ...ەتێکی فاشیلانەبوو سەبارەت بە کەرکوک

بدۆزنەوە، ئەگەر ئەمە نەکەن، دەبێت شەڕ بکەن، ئەمەش یەکێکە لە ئیختیارەکان، بەڵام من پێموانییە ئیختیارێکی باش بێت، بەڵام لە کۆتاییدا یان دەبێت چارەسەرێکی ئاشتیانە لەرێی وتووێژەوە بدۆزنەوە یان شەڕ بکەن.. هەڵبژێرن.

**پرد: بەڵام لەکاتێکدا حکومەتی ناوەندی ئامادەنییە گوێ لە کورد بگرێت، کورد دەڵێت حکومەتی ناوەندیو زۆرێک لە لایەنەکانی دیکە گوێمان لێناگرن...**

هیلتەرمان: بەڵام ئەوانیش هەمان شت لەبارەی کوردەوە دەڵێن، دەبێت گوێ لە قسەی ئەوانیش بگرین.

ئێمە وەکوو گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی گوێ لە هەموو لایەنەکان دەگرینو لایەنگری کەس ناکەین، ئێمە تەنیا چارەسەرێکی ئاشتیانەمان دەوێت، ئەگەر ئێوە بڕیاربدەنو مادەی (١٤٠) بە چارەسەری گونجاوو ئاشتیانەی کەرکوک دابنێن، ئێمەش دەڵێین زۆرچاکە، ئێمەش پاڵپشتیتان دەکەین، بەڵام دەبێت کاریگەربێت، ئەگەر بێئەنجام مایەوە، دەبێت ئەلتەرناتیڤ بدۆزنەوە.

جاری یەکەم وادەی جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بەسەرچوو، دووەم وادەش بەسەرچوو، کەواتە کاریگەر نییەو کاری پێناکرێت، بۆیە دەبێت بەدوای بەدیلدا بگەڕێن، من نازانم باشترین بەدیل چییە، رەنگە بتوانین پێشنیاز پێشکەش بکەین، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە ئێوەن بڕیاردەدەن، ئێوەی خەڵکی کەرکوکو ئەو لایەنانەی پەیوەندیان بە کەرکوکەوە هەیە وەکو حکومەتی ناوەندیو حکومەتی هەرێم، دەبێت ئێوە بڕیار بدەنو رێگایەک بۆ ئەوە بدۆزنەوە، ئەگەر توانیمان لەوەدا یارمەتیتان بدەین، ئەوا یارمەتیتیان دەدەین.

**پرد: پێتوایە کە مادەی (١٤٠) بەسەرچووبێتو کاریگەریی نەمابێت؟**

هیلتەرمان: شتەکە لەوە ئاڵۆزترە، بەڕای من بۆچوونو لێکدانەوەی کوردی بۆ مادەی (١٤٠) بەسەرچووە، بەڵام وەکو وتم دەتوانیت مادەی (١٤٠) بە رێگای جیاجیا لێکدانەوەی بۆ بکەیت، ئەگەر سەیری راپۆرتی تازەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەیت کە رەنگە خەڵکی هێشتا نەیاندیبێت، بەڵام پێموابێت بەمزووانە بڵاودەبێتەوە، لەگەڵ بڵاو بوونەوەیدا هەموو کەسێک دەتوانێت بیخوێنێتەوە.

دەیبینن کە (UN) دەڵێت پێشنیازەکانیان لەگەڵ دەستووردایەو لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)دایە، بەڵام چونکە لێکدانەوەی ئەوان بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم جیاوازە لە لێکدانەوەی کوردی، لێکدانەوەی عێراقی نا، بەڵکو لێکدانەوەی کوردی، کوردەکان دەڵێن دەبێت ریفراندۆمەکە لە خەڵکی بپرسیت، ئایا دەتانەوێت بچنە سەر کوردستان یان نا؟

بەڵام دەستوور ناڵێت کە پرسیاری ریفراندۆمەکە دەبێت چی بێت، بەڵام وەکوتر دەتوانن رێککەوتن لەنێوان هەموو لایەنەکاندا بکەنو ناکۆکییەکان بەلاوە بنێن، ئەوکاتە ریفراندۆمێک ئەنجام بدرێتو بە خەڵکی کەرکوک بوترێت ئایا بەم رێککەوتنە رازین یان نا؟ بەڵێ یان نەخێر؟ ئەوکاتە خەڵک دەنگ بە بەڵێ دەدات، چونکە بێگومان ئەگەر چارەسەرێکی ئاشتیانەت دانا، خەڵکی بۆچی رەتی دەکەنەوە، ئەمەش ریفراندۆمەو ئەمەش لە چوارچێوەی دەستوورو مادەی (١٤٠)دایە.

**پرد: لە وتارێکدا بۆ رۆژنامەی شەرقولئەوسەت وتتان بەرپرسە کوردەکان سەرکەوتوونەبوون تا بۆ لایەنە عێراقییەکانی دیکەی روونبکەنەوە بۆچی گرنگە کەرکوک بچێتە سەر کوردستان، بە چ شێوەیەک دەیانتوانی ئەم کارە بکەن؟**

هیلتەرمان: پێموابێت ئەمە شتێکەو خەڵکی کوردستان وادەڵێت، شتێک نییە لەخۆمەوە دروستم کردبێت، من هەمیشە رەنگدانەوەی بۆچوونەکانی خەڵک بوومە.

من لە کوردستاندا گوێبیستی خەڵکی بووم دەیانوت ئێمە لە کەرکوکدا هەڵەمان کردووە، لەجیاتی ئەوەی لایەنەکانی دیکە رازی بکەین کە بێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، نەمانتوانی لە ساڵی ٢٠٠٣و ٢٠٠٤دا مادەی (١٤٠) جێبەجێبکەین، لە ساڵی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨یشدا ئەم کارەمان پێنەکرا.

کوردەکان لە کوردستاندا دەڵێن هەڵەمانکرد نەمانتوانی قەناعەت بە نەتەوەکانی کەرکوک بکەین کە بۆچی باشترە بۆ ئەوان ئەگەر بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان، لەبری ئەمە ئێمە وامان لێکردن متمانە بە کورد نەکەن، لەڕاستیدا ئێمە وەکو کورد لە کەرکوک تەواوی پۆستە سەرەکییەکانی ئەو شارەمان بۆخۆمان برد، بەوشێوەیەی کە خۆمان ویستمان کردمان، لە بەرامبەریشدا عەرەبو تورکمانەکان دەڵێن ئەمە چییە؟ ئێمە ئەمەمان ناوێت.

لێرەدا کێشەکە هەر ئەوە نییە کە ئێوەی کورد تەنیا (٦) ساڵی رابردووتان لەدەستداوە، بەڵکو ئێستا متمانەکە نەماوەو هەرگیز ناتوانن بڕوا بە عەرەبو تورکمانەکان بهێنن کە ئێوە هەڵەتان کردووەو نیەتتان باشە بەرامبەریان، هیچی دیکە ئەوان بڕواتان پێناکەن.

**پرد: با بێینە سەر دەستێوەردانی دەرەکی، تا چ رادەیەک تورکیا رۆڵێکی خراپ لەم پرسەدا دەگێڕێت؟**

هیلتەرمان: هەموو وڵاتانی دراوسێ رۆڵی سلبی دەگێڕن لەم پرسەدا بەتایبەتی تورکیا، بۆ نموونە ئێرانیش دژی ئەوەیە کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام ئێران دەڵێت تورکیا تۆ خەریکی ئەم بابەتەبە، کەواتا تورکیا هەموو کارە دیپلۆماسیو ئەرکەکان دەگرێتە ئەستۆ، بێگومان تورکیا بەرژەوەندی لە کەرکوکدا هەیە، چونکە ئەگەر کەرکوک بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، تورکیا پێیوایە کە هەرێمی کوردستان لەڕووی داراییەوە بەهێز دەبێتو بۆی هەیە سەربەخۆیی رابگەیەنن، تورکیا ئەمەی ناوێت، بۆ تورکیا، کەرکوک پرسێکی نیشتمانیی زۆر گرنگە، کەواتا ئەوان هەموو شتێک دەکەن بۆئەوەی رێگا لە روودانی ئەم شتە بگرن.

پێموابێت ئێستا ستراتیژیەتی ئەوان وایە کە لەگەڵ بەغدا کاربکەنو رێککەوتنیان لەگەڵ بەغدا هەبێت. بەمدوایانە هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوە، کە ئەمەش خاڵێکی ئیجابییە، تورکیا پێیوایە ئەگەر بتوانێت هەرێمی کوردستان کۆنترۆڵ بکات، ئەوکاتە گرنگ نییە ئەگەر هەر شتێک رووبدات.

**پرد: بەڵام بەمدواییە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستانو تورکیا بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینیوە، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە کورد لەسەر مەسەلەی کەرکوک سازشی کردبێت؟**

هیلتەرمان: جاریێ نا، هێشتا نازانین دوا رێککەوتن چی دەبێت، رەنگە کەس نەزانێت چی دەبێت، بەڵام چەندین بەرژەوەندی لەو نێوەندەدا هەن، تەنیا کەرکوک نییە، هەروەها نەوتو گازیش گرنگە کە تورکیا لە هەرێمی کوردستانو لە کەرکوکی دەوێت، هەروەها پرسی پەکەکە، بێگومان ئەم پرسانە هەمووی لە ئەجێنداکەدان کە دەبێت چارەسەر بکرێن، کەرکوک یەکێکە لەوانە. رەنگە لە کۆتاییدا رێککەوتنێک لەسەر هەموو شتەکان بەیەکەوە بکرێت، رەنگە بڵێیت باشە کەمێک لەوەیان بۆ منو هەندێکی ئەوەی دیکەیان بۆ تۆ، بەمجۆرە زەمینەیەکی ناوەند بدۆزرێتەوە، بەڵام من دڵنیانیم کە ئەو شتانە چی دەبن، ئەگەر من تورکیابم، بێگومان دەموت دەمەوێت کوردەکان سازش لەسەر کەرکوک بکەن، چونکە ئەوە لە بەرژەوەندیی تورکیادا نییە کەرکوک ببێتە بەشێک لە هەرێمی کوردستان، پێموایە لە کۆتاییدا سازش لەسەر کەرکوک دەکرێت، چونکە تورکیا زۆر پێداگریی لەسەر دەکاتو پێموانییە هەرێمی کوردستان ئەوەندە بەهێزبێت بەرپەرچی ئەوە بداتەوە.

**لێرەدا کێشەکە هەر ئەوە نییە کە ئێوەی کورد تەنیا (٦) ساڵی رابردووتان لەدەستداوە، بەڵکو ئێستا متمانەکە نەماوەو هەرگیز ناتوانن بڕوا بە عەرەبو تورکمانەکان بهێنن کە ئێوە هەڵەتان کردووەو نیەتتان باشە بەرامبەریان، هیچی دیکە ئەوان بڕواتان پێناکەن**

**ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەنی یەک دەنگ بوونایە لەسەر کەرکوک، لەسەر ئەمری واقیعو بواری کرداریدا لە کەرکوک بەیەکەوە کاربکەن، دەکرا پێشکەوتنی زیاتر بەدی بکرایە، هەرچەندە لە کەمێک مەسەلەدا هاوڕابوون، بەڵام لەڕاستیدا پارتیو یەکێتی لە کەرکوکدا مونافەسەی یەکتر دەکەنو ئەمەش زیانی لە هەموو کەس ناخۆش کردووە**



## جێگری بەڕێوەبەری گروپی پەیرانی نێودەوڵەتی:

# حکومەتی هەرێم هەر لەسەرەتاوە خاوەنی سیاس

پرد عەبدوڵڵا

**جێگری بـەڕێـوەبـەری قەیرانی نێودەوڵەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باوەڕی وایە کە کێبڕکێی یەکێتیو پارتی لە شاری کەرکوک، ژیانی لە پێکهاتەکانی ئەو شارە تێکداوە. یۆست هیلتەرمان لە چاوپێکەوتنێدا لەگەڵ (KNN)و (پرد) باس لە دوایین پێشهاتەکانی کێشەی کەرکوک دەکـاتو یۆست هیلتەرمان سیاسەتی حکومەتی هەرێم لەبارەی کەرکوک بە فاشیل وەسفدەکات.**



**پرد: چۆن بارودۆخی ئێستای کەرکوک هەڵدەسەنگێنیت؟**

هیلتەرمان: دوو ڕۆژ لەمەوبەر لە کەرکوک بـووم، تائێستاش بارودۆخەکە دوورە لەو حاڵەتەی کە دەبێت تێیدابێت، بەڵام هەروەک دەزانیت لە (٢١)ی مانگی ئایاردا تەقینەوەیەکی خۆکوژیی تێیدا روویدا، کە من ئەو ڕۆژە لەوێبووم.

کەواتە هێشتا توندوتیژیی بەردەوامە، پێمواببێت ئەمە بەردەوام دەبێت تا دۆزینەوەی چارەسەرێکی سیاسی بۆ ناکۆکییەکانی ئەو شارە دەدۆزرێتـەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا توندوتیژییەکە لەئاستێکی سنووردارداپە، بۆ نموونە تائێستاش بارودۆخی کەرکوک هێندەی بەغدا خراپ نییە، هیوادارم لەمە کەمتربێتو توندوتیژییەکە زیادنەکات.

ئـەوەی جێگای خۆشحاڵییە هێشتا سیاسییەکانی کەرکوک گفتوگۆ لەگەڵ یەکتردا دەکـەن. ڕاستە چەندین وادەی چـارەسـەر بـەسـەرچـوون، بـەڵام هێشتا وتووێژەکان کۆتاییان پێنەهاتووە، دەبێت هەمیشە هیوامان هەبێت.

**پـرد: باسی توندوتیژیت کـرد لە کەرکوک، پێتوایە ئەگەر چارەسەرێکی سیاسی بۆ کەرکوک دۆزرایـەوە، ئەوا بارودۆخی ئەمنیش باشتر دەبێت؟**

هیلتەرمان: پێموایە ئەگەر چارەسەرێکی سیاسی بێتە ئـاراوە، مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی ئەمنی زۆر ئاسانتر دەبێت، چونکە ئەوان ئێستا سوود لەو دابەشبوونەی لایەنەکان وەردەگـرنو خۆیان دەخزێننە ناو کێشە نەتەوەییو تەنانەت ئاینییەکانی شارەکە، بەمشێوەیە دەتوانن گروپێک لەوی دیکە توڕەبکەن، بەڵام ئەگەر هەموو لایەنەکان گەیشتنە چارەسەرێک، ئەوا ئەم لایەنانەی جا قاعیدە بێت یان هەر لایەنێکی دیکە، ڕێگای نانەوەی دووبەرەکیان لێدەگیرێت.

**پرد: بەڕای تۆ کام لایەن لە هەمووان زیاتر دژێ گەیشتنە بە ڕێککەوتن سەبارەت بە کێشەی کەرکوک؟**

هیلتەرمان: بەڕای من هەموو نەتەوەکانو سەرکردە سیاسییەکانیان دەیانەوێت بگەن بە ڕێککەوتنێک، بەڵام ناکۆکن لەسەر ئەوەی کە دەبێت ڕێککەوتنەکە چۆن بێت، ئەمەش شتێکی ئاساییە، لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا کە ململانێ بوونی هەبێت، ناکۆکی ڕوودەدات، بۆیە دەبێت چارەسەری ئەم کێشەیە لە ڕێگای گفتوگۆوە بکرێت، لە هەمانکاتدا هەندێک گروپی بچووکیش هەن کە توندڕەونو هیچ چارەسەرێکیان ناوێت، پـلانو مەبەستیان کەرکوک نییە، بەڵکو شتی دیکەیە، بەڵام سوود لە دابەشبوونی لایەنەکانی کەرکوک وەردەگـرن بۆئەوەی پێگەی خۆیان بەهێزبکەن، پێویستە ئەمانە ڕێگای لێبگیرێت.

**پـرد: بـا بچینە سـەر سیاسەتی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە کەرکوک، بە بۆچوونی تۆ ئایا حکومەتی هەرێم خاوەنی سیاسەتێکی سەرکەوتووبووە لە مامەڵکردن لەگەڵ پرسی کەرکوکدا؟**

هیلتەرمان: نەخێر پێموانییە، پێموایە حکومەتی هەرێم هەر لە سەرەتاوە خاوەنی سیاسەتێکی فاشیلانە بووە سەبارەت بە کەرکوک، پێموایە بەشێکی ئەمە هۆکارکەی دەگەڕێتەوە بۆ مادەی (١٤٠)، ئەم مادەیە زۆر بە لاوازیی نووسرایەوەو هیچ شتێک روون ناکاتەوە، بەشێوەیەک نووسراوەتەوە کە هەر لایەنێک دەتوانێت بە ویستی خۆی لێکدانەوەی بۆ بکات، کەواتا ئەگەر ناکۆکی لەسەر لێکدانەوەی بەندێکی دەستووری هەبێت، چۆن دەتوانیت ئەو مادە دەستوورییە بەمشێوەیە جێبەجێ بکەیت؟ بەغدا شتێک دەڵێت، حکومەتی هەرێمیش باس لە شتێکی دیکە دەکات، بۆ نموونە باسی ریفراندۆم دەکـەن، چ جـۆرە ریفراندۆمێک؟ باس لەوەناکات کە ئایا ریفراندۆمەکە لە پارێزگای کەرکوک دەکرێت، یان لەناو شاردا یان لە قەزاو ناحیەکاندا دەکرێت، روونەکراوەتەوە، چۆن بڕیار لەسەر ئەمە دەدەیـت؟ ئەمە پێویستی بە ڕێککەوتنی پێشوەختە هەیە.

بێگومان ئەگەر یەک لایـەن نەیەوێت مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکات، وەکو هەمیشە من وتوومە حکومەتیش مادەکە جێبەجێ ناکات، کەواتا چۆن دەتوانیت فشاریان بخەیتە سەر کە مادەکە جێبەجێ بکەن، لەکاتێکدا ئەوان لەسەر تەنیا پێناسەیەکی لەمجۆرە ناکۆک بن؟

**پـرد: بـەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستاش جەخت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو مادەیە دەکاتەوە، پێتوایە ئەمە کارێکی هەڵەیە؟**

هیلتەرمان: دروستە تۆ دەتوانیت بڵێیت ئەم مادەیە دەستوورییەو دەبێت جێبەجێبکرێت، بەڵام کە من بڵێم ئەمە هەڵەیە، مەبەستم لەوەیە ئەم کارە واقیعی نییەو ئەنجامنادرێت، دەکرێت لەلایەک تۆ بڵێیت یاساو مافمان هەیە، لەلایەکی دیکەش سیاسەت بریتییە لە بەدەستهێنان، بۆیە لە گۆشەنیگایەکی ریالیستانەوە ئەم کارە واقیعی نییە.

**پرد: لە راپۆرتەکاندا لەساڵی ٢٠٠٧دا ئاماژەتان بەوەداوە کە پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێت هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبێت سەبارەت بە کەرکوک، پێتوایە ئەوان یەک دەنگ نەبوون لەسەر کەرکوک؟**

هیلتەرمان: نەخێر، بێگومان نەخێر، ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان خاوەنی یەک دەنگ بوونایە لەسەر کەرکوک، لەسەر ئەمری واقیعو بواری کرداریدا لە کەرکوک بەیەکەوە کاربکەن، دەکرا پێشکەوتنی زیاتر بەدی بکرایە، هەرچەندە لە کەمێک مەسەلەدا هاوڕابوون، بەڵام لەڕاستیدا پارتیو یەکێتی لە کەرکوکدا مونافەسەی یەکتر دەکەنو ئەمەش ژیانی لە هەموو کەس ناخۆش کردووە.

بـەڕای من ئەگەر هەریەکێک لەم دوو لایەنە هەلی لاوازیی یەکتریان لەدژی یەکتر ئیستغلال نەکردایە، ئەوسا دەیانتوانی لەگەڵ عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکاندا دانیشنو گفتوگۆ بکەن، بەڵام ئێستا من ئەمە نابینم، ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە پارتیو یەکێتی مونافەسەی یەکتر دەکەن.

**پرد: بەڵام پارتیو یەکێتی دەڵێن ئێمە گوتارێکی یەکگرتوومان هەیە لە کەرکوکداو ئێمە دەمانەوێت مادەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت، باشە پێم بڵێ ئەم دوو حیزبە لە چ مەسەلەیەکدا یەکگرتوو نین؟**

هیلتەرمان: ئەوان یەک دەنگیان هەیە سەبارەت بە داهاتووی کەرکوک، تەنیا لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا یەکگرتوون، بـەڵام ئـەوان هەمیشە شـەڕو ململانێیانە لەسەر دامودەزگاکانی کەرکوکو هەمیشە لـەڕووی سیاسییەوە شـەڕی دەسـەڵات دەکەن، ئەمەش یارمەتیی کەس نادات.

**پرد: پێتوایە ئەگەر ئەوان هەڵوێستێکی یەکگرتوویان هەبوایە، گوڕانکاریی رووی دەدات؟**

هیلتەرمان: ئەگەر یەکگرتوو بوونایە، ئەوا لایەنی کـوردی لە کەرکوکدا پێگەی بەهێزتر دەبوو، کە ئێستا لاوازە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە دەتوانن مادەی (١٤٠) جێبەجێبکەن، چونکە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) دەبێت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی دیکە گفتوگۆ بکەن، ئەگەر گفتوگۆیان لەگەڵدا نەکەیت، بۆچی ئەوان دەبێت یارمەتیت بدەن لە جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)دا؟

دەبێت زەمینەیەکی هاوبەشو لەبار



کەرکوک داهاتوویەکی ئاڵۆز

# ...ەتی کورد ئەوەیە متمانەیان لەدەستداوە
# ...ک دەخەینەوە سەر کوردستانو هەر نەیانکرد



فۆتۆ: فاوڵ نەجیب

**پرد: بچینە سەر چارەسەری (UN)، پێتوایە راپۆرتی بڵاونەکراوەی یۆئێن چارەسەری کێشەکان بکات؟**

هیلتەرمان: (UN) چارەسەری کێشەکە ناکات، کە راپۆرتەکە دەخوێنیتەوە دەبینیت کە هیچ پێشنیازێکی تێدانییە، نەتەوەیەکگرتووەکان دوو شت دەکات، بۆ کەرکوک چوار سیناریۆی داناوە دەڵێت رەنگە ئەمانە سیناریۆی واقیعی بن، دەبێت ئێوە بڕیاربدەن چی لەوەبکەن. سیناریۆ پێشنیاز نییە، دەتوانن وەلایان بنێنو سیناریۆی دیکە بهێننە جێی، بۆناوچە جێناکۆکەکانی دیکەش هیچ پێشنیازێکی تێدانییە، تەنیا دەڵێت دەبێت لە هەر قەزاو ناحیەیەکدا میکانیزمی دروستکردنی متمانە بدۆزنەوە، بۆئەوەی پەیوەندی نێوان نەتەوەکان پێشخەن، چونکە ئەوکاتە ئەمە دەبێتە هۆی دۆزینەوەی چارەسەر، ئەمە راپۆرتی (UN)، دەبێت لەکاتی بڵاوبوونەوەیدا زۆر بەوریاییەوە دیراسە بکرێت، زۆر دووورودرێژە. کۆپییە عەرەبییەکەی لە (٥٠٠) لاپەڕە زیاترە، دەبێت بە جوانی بیخوێنرێتەوە، خەڵکی لێی نارازی دەبن، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، ئەمە دیموکراسییە، دەبێت نارەزایی خەڵکی تێدابێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە دەبێت گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت.

**پرد: لە میدیادا ئەوە بڵاوکرایەوە کە دیمستۆرا پێشئەوەی راپۆرتەکەی بداتە سەرکردە عێراقییەکان، داویەتی بە تورکیا، چی لەمبارەیەوە دەڵێیت؟**

هیلتەرمان: هیچ لەمبارەیەوە نازانم، گوێبیستی شتی لەمجۆرە نەبووم، دەبێت ئەمە لە نەتەوەیەکگرتووەکان بپرسیت.

**پرد: بەڵام ئەمە روویداوە**

هیلتەرمان: ئەمەیان نازانم، بەڵام ئەوەی من لێی دڵنیام ئەوەیە کە (UN) سەرکردەکانی تورکیایان ئاگادارکردووەتەوە، هەروەکو سەرکردەکانی دیکەی هەرێمەکەیان ئاگادارکردووەتەوە لەگەڵ حکومەتی ئەمریکاو حکومەتی عێراق سەبارەت بە راپۆرتەکە، ئەمە یەکەمجارە گوێبیستی ئەوە دەبم کە (UN) سەرەتا راپۆرتەکەی داوەتە تورکیا پێش ئەوەی بیداتە عێراقییەکان، دەبێت لەوانی بپرسیت، بەڵام من زۆر لەمە بەگومانم.

**پرد: پرسیاری کۆتاییم سەبارەت بە سەرکردە کوردەکانو پرسی کەرکوکە، مەسرور بارزانی، سەرۆکی دەزگای پاراستنی هەرێمی کوردستان، بە لۆس ئەنجلس تایمزی راگەیاند کە ئەمریکا دەتوانێت کێشەکە چارەسەربکات، پێتوایە ئەمریکا ئەمەی پێبکرێت؟**

هیلتەرمان: من پێموانییە ئەمریکا بتوانێت هیچ شتێک چارەسەر بکات، ئەمەشی سەلمێنراوە بەوەی کە شەش ساڵە لە عێراقدایەو نەیتوانیوە هیچ چارەسەر بکات، بەڵام دەتوانێت ناوبژی بکات، دەتوانێت لایەنەکان هانبدات دانوستان بکەن تا دەگەنە چارەسەرێکی ئاشتیانە، بەڵام لە کۆتاییدا دەبێت لایەنەکان خۆیان بڕیاری ئەوە بدەن بگەنە چارەسەری ئاشتیانە، ئەگەر وانەکەن، ئەوکاتە ئەمریکاو تورکیا ئەمەو ئەوەیان پێدەکرێتو هیچ جیاوازییەک روونادات، کەواتا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی فیدراڵی لە بەغدا کە کوردەکان بەشێکن تێیدا، دەبێت بڕیاربدەن.

## پۆست هیلتەرمان:

# گەورەترین گرفتی سەرکردای
# چونکە چەندین جار وتیان کەرکوک

**پرد: پێتوایە هەر بەرەوپێشچوونێکی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێم تا چەندە پەیوەستە بە سازشکردنەوە لەسەر کەرکوک؟**

هیلتەرمان: کەرکوک تاکە مەسەلە نییە...

**پرد: بەڵام لەبارەی یەکەکەوە حکومەتی هەرێم دەڵێت ئێمە هیچی دیکە یارمەتیی یەکەکە نادەین، پشتگیریان ناکەین، هەروەها هەرێمی کوردستان دەیەوێت لەرێی تورکیاوە نەوتی بنێرێتە دەرەوە بەڵام پێموابێت سەرەکیترین پرس پرسی کەرکوکە، تۆ دەڵێیت چی؟**

هیلتەرمان: بەڵێ خۆی لە چەندین پرسدا دەبینێتەوە، بەڵام منیش هاورام لەگەڵتدا کە دەڵێیت کەرکوک لە هەموویان گرنگترە، بەڵام تائێستا هیچ رێککەوتنێک نەکراوە، پێموایە لە هەر دانوستانێکدا لە هەر سوچێکی جیهاندا سەبارەت بە هەر ناکۆکییەک، تاکە رێگا بۆ گەیشتن بە چارەسەر، یان بەزاندنی لایەنی بەرامبەرە لەرووی سەربازییەوە، یان سازشکردنە، ئەمە سیاسەتە، کەواتا ئەگەر ئەمە هەڵبژێریت، دەبێت بزانن سازش لەسەر چی دەکەن، ئێستا دەتوانن رێگاچارەی جیاوازتان هەبێت بۆ کەرکوک، مەرج نییە کەرکوک رەش بێت یان سپی، ئەگەر سەیری راپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەیت، دەبینیت کە چوار سیناریۆیان هەیە، تەنانەت ئەوەش دەکرێت زیادبکرێت، دەتوانیت ئاوێتەی یەکتریان بکەیت، دەتوانیت لەیەکتریان بدەیت.

من نازانم چارەسەرەکە چی دەبێت، بەڵام هەمیشە ئاکامەکە سیاسی دەبێتو سیاسەتیش دەگۆڕێت، کەواتا ئێوە دەبێت بڕیاربدەن یان شەڕبکەن یان بە رێگاچارەی سیاسی چارەسەری بکەن، ئەگەر رێگاچارەی سیاسیتان هەڵبژارد، دەبێت سازش بکەن، ئەوکاتەش دەبێت بزانن سازش لەسەر چی دەکەن.

**پـرد: دەتوانیت بڵێیت کە کورد کەرکوکیان لەدەستدا، یان تازە کەرکوک نایەتەوە سەر هەرێمی کوردستان؟**

هیلتەرمان: نا ناتوانم وابڵێم، نازانم دوارۆژ چی لە هەگبەدایە، بەڵام بۆ ئێستا پێموایە بۆ کورد ئێستا بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، هەلیان لەدەستداوە، ئەگەر لە ساڵی ١٩٩١دا پەنجەرەیەکی ئومێد بۆ کوردەکان کرابێتەوە، ئەو پەنجەرەیە لە ساڵی ٢٠٠٣دا فراوانتربوو، بەڵام ئێستا رووی لە داخرانە، کەواتا ئێستا ئێوە گەیشتوونەتە ئەوپەڕی ئەو قۆناغەی کە لەم ماوەیەدا دەتوانن بیگەنێ، بەڵام من نازانم (١٠-٢٠) ساڵ یان پەنجا ساڵ دوای ئەمرۆ چی روودەدات، رەنگە شەڕێکی گەورە لە هەرێمەکەدا رووبدات، من هیوادارم شتی وا روونەدات، بەڵام با وای دابنێین، رەنگە سنوورەکان بگۆڕێن، هەموو شتێک قابیلی گۆڕانەو لە بەرامبەریشدا باری کەرکوکیش دەگۆڕێت.

**پرد: ئەم پرسیارەم تایبەتە بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان بۆ ئاژانسی (AP) ئاماژەی بەوەدا ئەگەر ئەمریکا پێش چارەسەرکردنی ئەم پرسە، هێزەکانی لە عێراقدا بکێشێتەوە پێدەچێت تا ٢٠١١ شەڕی نێوان کوردو عەرەب هەڵبگیرسێت، ئایا ئەگەری روودانی ئەمە نزیکە؟**

هیلتەرمان: ئەگەری رووداندانی هەموو شتێک هەیە، بەڵام ئایا پێدەچێت رووبدات، ئەمە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەگەر باسی ئەگەری شەڕ دەکەیت، بەڵێ ئەگەر هەیە، بەڵام ئاشکرانییە کە روودەدات یان نا، هیوادارم شتی وا روونەدات، بەڵام پێناچێت شتی وا رووبدات، چونکە سەرکردەی سیاسییەکان هێندە هۆشیارن نەهێڵن ئەمە رووبدات، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە چی دەکەن کاتێک ئەمریکییەکان عێراق جێدەهێڵن، ئەمە پرسیارە گەورەکەیە، پێموابێت ئەمریکییەکان جدین لە بەجێهێشتنی عێراق، رەنگە هەندێک سەرباز لەدوای خۆیان جێبهێڵن، بەڵام پێناچێت بەشی بەرگریکردن بکات لە هەرێمی کوردستان، لە هەلومەرجێکی وادا چی دەکەن؟ ئەوکاتە دەبێت پەیوەندییەکانتان لەگەڵ هەموو دراوسێکانتان باشتر بکەنەوە هەروەها لەگەڵ بەغدا، دەبێت لەرووی ئابووریو دیپلۆماسییەوە پەیوەندییەکانتان پێشبخەن، ئەمانە لەرێی دانوستانو سازشەوە دەکرێن.

بەمجۆرە هەرێمی کوردستان کە من لە هەموو گەشتێکمدا پێشکەوتنی تێدا بەدیدەکەم، زیاتر بەرەوپێش دەچێت، ئەمە شتێکی گرنگە، رەنگە شتی زۆر لەدەستدەن ئەگەر بەپێچەوانەوە بێت.

لە ساڵی ١٩٩٢دا دەکرا ئازادیتان لەدەست بدەن، کە ئەمە کارێکی خراپەو بارودۆخی ئابووریشتان خراپبوو، بەڵام ئەمرۆ رەنگە باری ئابووریتان تێک بچێت، کە ئەمەش دەبێتە کێشە.

من ناڵێم هەموو شتێک زۆرباشەو لەجێی خۆیەتی، کەموکوڕی زۆرنو هەموو کەسێک دەیزانێت، وەکو گەندەڵیو کەمیی خزمەتگوزارییەکانو بێکاریی، بەڵام سەرەڕای ئەمانەش هەرێمەکە ئارامەو ئاسایشی تێدا بەرقەرارەو هەموو شتێک تێیدا بە تێپەڕبوونی کات بەرەو باشی دەچێت، ئێوەش دەتانەوێت ئەم دەستکەوتانە بپارێزن، ئەمە زۆر گرنگە، کەواتا زۆر گرنگە بۆ سەرکردایەتی کوردی کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دراوسێکان باشتربکەن، راستە دراوسێی سەختتان هەیەو هیچ یەکێکیان بەرژەوەندیان لە دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆدا نییە، بەڵام هێشتا بواری هەوڵدانی تێدایە.

**پـرد: بـەرای تۆ ئەمریکا لە پرسی کەرکوکدا پشتگیریی لە کورد دەکات یان بەغدا؟**

هیلتەرمان: پێموابێت ئەمریکا لەم پرسەدا لایەنگری کەس نییە لەسەر حیسابی لایەنەکەی دیکە، هێندەی هێزەکانی لە عێراقدایە، ئەمریکا دەیەوێت چارەسەرێکی ئاشتیانە بێتەدی، ئەمریکا دەیەوێت دانوستان لەبارەی کەرکوکەوە بکرێت، چیدی باسی مادەی (١٤٠) ناکات، لەبری ئەوە دەیەوێت لایەنەکان دانوستان بکەن، بەڵام لەگەڵ رۆیشتنی ئەمریکییەکان ئەمە دەگۆڕێت، چونکە بارودۆخەکە دەگۆڕێت، رەنگە توندوتیژی بێتە ئاراوە، رەنگە شەڕی ناوخۆ دروستبێت یان ئێران بێتە ناوەوە، نازانین، کەواتا لەوانەیە هەموو شتێک بگۆڕێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین، بەڵام بۆ ئێستا پێموابێت ئەمریکا دانوستانی بێت باشترین چارەسەرە.

**پرد: هەندێک نووسەر پێیانوایە کە ئەمریکا پێی باشە کە تورکیا رۆڵی سەرەکی ببینێت لە عێراقدا لەبری وڵاتانی دیکەی وەکو ئێران؟**

هیلتەرمان: بەڵێ ئەمە راستە.

**پرد: کەواتا ئەگەر بیەوێت تورکیا رۆڵ ببینێت، لە بەرژەوەندیی کورددا نابێت؟**

هیلتەرمان: بەڵێ وایە، هەربۆیە وتم پەنجەرەی ئومێدی کورد خەریکە دادەخرێت، ئەوە لەبەر ئەم هۆیە بوو، چونکە کاتێک کە ئەمریکییەکان دەڕۆن، کوردەکان کەسیان نامێنێت، راستە لە چیاکان زیاتر کەسمان نییە، بەڵام نامانەوێت بچینەوە چیاکان، دەمانەوێت لێرە بمێنینەوە، راست دەکەیت.

کەواتا دەبێت مامەڵە لەگەڵ دراوسێکاندا بکەن، ئایا تورکیایە، کەس حەزی بە تورکیا نییە، بەڵام رەنگە تورکیا لە ئێرانو سوریاو بەغدا باشتربێت، من نایزانم، ئەوە بڕیاری ئێوەیە، هەرچۆنێک بێت ئەم لایەنانە لە ئێوە بەهێزترن، بەڵام ئێوەش فاکتەری بەهێزتان هەیە، نەوتو گازتان هەیەو شوێنێکتان هەیە کە دەتوانرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت، کەواتا فاکتەری بەهێزتان هەیە.. بەباشی بەکاریان بهێنن.

**پرد: بەرای تۆ باشترین شت چییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمکاتەدا لەبارەی کەرکوکەوە بیکات؟**

هیلتەرمان: ئەگەر کەرکوک تاکە شت بێت کە ئێوە بیری لێبکەنەوە، تەنانەت لەباری ئاسایشی هەرێمەکەشتان زیاتر بیری لێبکەنەوە، کە بەرای من ئەمەی دووەمیان گرنگترە، کەواتا بۆچی دانوستان لەگەڵ تورکیادا دەکەن بۆ کەرکوک، بڕۆن بەدەستی بهێنن، چانسێکی باشە، بەڵام بەدەستی ناهێنن.

بـەڵام ئەگەر ئێوە گرنگی بە باری ئەمنیی کوردستان بدەن، ئەوکاتە ئەگەری رووداندانی هەموو شتێک هەیە، دەتوانن پەیوەندی باشترتان لەگەڵ دراوسێکانتاندا هەبێت، هەروەها بەردەوامیی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەتان بدەن، بەڵام رەنگە ناچاربن سازش لەسەر کەرکوک بکەن، رەنگە حەزتان لێی نەبێت، بەئازار بێت، رەنگە شتێکی گرنگ بێت، بەڵام ئەمەتان لەبیربێت، هەرگیز بێئومێد مەبن، رەنگە دواتر باشتربێت، رەنگە دوای بیست ساڵ بارودۆخەکە بگۆڕێت، هەروەها لەیادتان نەچێت کە خەڵکی کەرکوک بە کوردو عەرەبو تورکمانەوە دەیانەوێت بەیەکەوە بژین، من هەر جارێک بچمە ئەوێ، قسەیان لەگەڵدا دەکەم، دەزانم دەیانەوێت بەیەکەوە بژین، لێیانگەڕێن بەیەکەوە بژینو خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بەمجۆرە دەتوانن بارودۆخەکە بەرەوپێش بەرن لە کەرکوک.

هەرچەندە کوردەکان ئێستا لە کەرکوکدا بەهێزترن، ئەمە کێشە نییە، یارمەتیان بدەن رەنگە لە کۆتاییدا کوردەکان بتوانن کەرکوک ببەنەوە، چونکە لەوانەیە لە کۆتاییدا ئەو راستییەیان بۆ ئاشکرابێت

**پرد: کە سەرکردایەتیی کوردی جەختی لەسەر ئەوە دەکەنەوەو دەڵێن کەرکوک دەبێت بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان، ئایا ئەمجۆرە گوتارانە کێشەکەیان چارەسەردەکات یان ئاڵۆزتر؟**

هیلتەرمان: پێموایە دەتوانن ئەم گوتارانە بەکاربهێنن، بەڵام کە زانیتان کاریگەرنین، دەبێت وازیان لێ بهێننو گوتارێکی دیکەی بەسوودتر بدۆزنەوە، چونکە مادەی (١٤٠) جێبەجێنەکرا.

کە ئێوە گوتارێکی سەرنەکەوتووتان دووبارەو سێبارەکردەوە، ئەوکاتە راستگۆییو پێگەی خۆتان لەدەست دەدەن، من پێموایە گەورەترین گرفتی سەرکردایەتی کوردی ئەوەیە کە متمانەیان لەدەستداوە، چونکە چەندینجار وتویانە کەرکوک دەخەینەوە سەر هەرێمی کوردستانو هەر نەیانکرد.

**پرد: رەنگە کەسانێک بڵێن کە دەکرا جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆماری عیراق رۆڵێکی باشتر بگێڕێت لە گێڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام وانەبوو، پێتوایە رۆڵێکی کارای هەبووبێت؟**

هیلتەرمان: ئەمە مەسەلەیەکی شەخسی نییە، ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو سەرۆکی عێراقە، مەسعود بارزانیش سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، سەرکردایەتی کوردی بریتییە لە کاک مەسعودو مام جەلالو کەسانی دیکەی ناو حکومەت، نێچیرڤان بارزانیو وەزیرەکانو پەرلەمانو حیزبەکان، ئەمە حکومەتە.

سەرکردایەتی هەموویان بەیەکەوە یەک پێگەیان هەیە، ئەگەر سەرکردایەتی نەیتوانی بەڵێنەکانی جێبەجێبکات، ئەوە هەڵەی تەواوی سەرکردایەتییە، مەسەلەکە مام جەلالو کاک مەسعود نییە، مەسەلەکە شکستێکی جەماعییە.

**پرد: بەڵام کوردەکان دەبینن کە نوری مالیکی زۆر لایەنگری شیعە دەکاتو سەرکردە سوننییەکان لایەنگری سوننە دەکەن، ئەوان دەڵێن مام جەلال زۆر بێلایەنەو لایەنگری کورد نییە.**

هیلتەرمان: بەڵێ مام جەلال سەرۆکی عێراقەو دەبێت بەرژەوەندییەکانی عێراق بپارێزێت، ئەمە کاری ئەوە، ئەو لە پۆستێکی زەحمەتدایە، کاک مەسعود ئەم کێشەیەی نییە، کەواتا ئێوەی کورد ئەگەر بەغدا هەڵبژێرنو بتانەوێت بەشێک بن لە حکومەتی فیدراڵی، ئەمە نرخەکەیەتی، ئەمە شتێکە هەڵتانبژاردووەو دەبێت نرخەکەی بدەن، بەڵام ئەگەر دەڵێن کاری مام جەلالو د.بەرهەمو هۆشیار زێباریو هەموو سەرکردە کوردەکانی بەغداتان پێ باش نییە، کەواتا بیانهێننە دەرەوەو بیانگەڕێننەوەو بڵێن تەواو، ئێمە لەگەڵ بەغدا تەواوبووین، رێگای دیکە نییە، رەنگە یەک بڕیارتان هەبێت لە کوردستانەوە، بەڵام لەوانەیە کاریگەر نەبێت.

کێشەکە ئەوەیە کە کورد لە عێراقدا کەمینەیەو لە بەغداش هەمیشە کەمینە دەبێت، کەواتا هێزتان سنووردارە، کورد لە ٢٠٠٣دا لە هەموو کاتێکی دیکە بەهێزتربوو، بەڵام هەر سنووردار بوو.

# وەزیرێکی بەریتانی بۆ پرد دەدوێت

سازدانی: لوقمانی حاجی کەریم

**خاتـوو سـارا مەکارپی (Sarah McCarthy)، ژنـە پەرلەمانتاری بەریتانیو سـەر بە حیزبی حاکمی بەریتانیا (لەیبەر پارتی)، کە گۆردن براونی سەرۆک وەزیران سەرۆکایەیتی دەکـات، ئێستا جگە لەوەی ئەندامێکی کارای پەرلەمانی بەریتانیایە، وەزیری پەروەردەشە بۆ کاروباری خوێندکارانو قوتابخانەکان.**

**خاتوو سـارا مەکاپی بەمەبەستی چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانی لەگەڵ رۆژنامەی رۆژنامەدا لەناو هۆڵی پەرلەمانی بەریتانیا لە لەندەن پێشوازیی لێکردین.**

**پرد: سەرەتا لە پرسیاری سەردانەکەت بۆ کوردستان و ئاشنایت بە کێشەی کورد دەستپێبکەین؟**

– کە یەکەم جار هەندێک لە ئەندامانی کۆمەڵگای کـوردم بینی، ئەوکاتە بوو کە هەوڵیاندەدا خزمەتگوزاریی باشتر بۆ گەنجەکانیان پەیدابکەنو بنکەیەکیش بۆ کۆمەڵگاکەیان لە پۆرتسمس دابنێن، لەم رێگایەوە زۆریانم ناسیوەو بۆم دەرکەوت کـە زۆر رووخـۆشـبـنو لەڕاستیشدا سەرمایەبوون بۆ پۆرتسمس، ئەمە سەرەتای پەیوەندییەکەمان بووە، کاتێک کە لە پەرلەمان بووم لەگەڵ دووان لە هاورێکانم، کە ئەوانیش (دەیڤ ئەندسن) ئەندامی پەرلەمانە بۆ ناوچەی بلەیدن لە باکووری خۆرهەڵات، (گاری کند) کە لێکۆڵەرەوەیەو کار بۆ دەیڤ دەکات، بەوانم وت کە چەند ئەندامێکی کۆمەڵگای کوردم ناسیوەو زۆر چالاکن لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، داوایان لێکردبووین کە ئێمە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆببینەوە کە بنکەکەی لێرەیە لە بەریتانیا، بڕیاری ئەوەشماندا کە گروپێک لە هەموو پارتەکانی ناو بەریتانیا دابمەزرێنین بۆ ئەو مەبەستە، تا بتوانین کوردستانی عێراق باشتر بناسێنین لە پەرلەمانی بەریتانیادا، ئەمەش وایکرد کە من بتوانم زانیاریی زیاتر رابگەیەنم بە کۆمەڵگای کوردی لە بەریتانیاداو بانگهێشتیشیان بکەم بۆ هەندێک لە کۆبوونەوەکانمان لە پەرلەمان، هەر لە رێگای ئەم کۆمەڵە کوردییەوە بوو کە من توانیم وەکو ئەندام پەرلەمانێکی بەریتانی سەردانی کوردستان بکەم، من زۆر دڵخۆش بووم بەوە، هەروەها هۆیەکی دیکەش کە من کوردی لە رێگاوە دەناسم، کێشەی پەناهەندەییە، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە رەفزکراون یان چاوەڕێی وەڵامن، لەو رووەشـــەوە زۆر کـەس تائێستا دێـن بۆ نووسینگەکەمو چاوەڕێی وەزارەتی ناوخۆ دەکەن تا بەسەر ئەو کێشە کەڵەکەبووەدا زاڵبنو بڕیاریان لەسەر بدەن، چالاکوانانی کوردم ئاوا ناسی.

**پرد: بە پێی زانیارییەکان سەردانی ناوچە کێشەدارەکانیشت کردوە ئایا تۆ چۆن دەڕوانیتە ئەو کێشەیە؟**

– سـەبـارەت بـەو ناوچانە هەڵبەتە پرۆسەیەکی زۆر گرانە! کوردەکان دەڵێن ئەمە خاکی ئێمەیەو ئێمە لە سەرەتاوە لێرەبووین، پاشان بەعەرەب کراوە، بەڵام خەڵکەکەی دیکە چەند نەوەیەکیان بۆ ماوەیەکە لەو جێگایانەدا نیشتەجێبوون، ئەگەر ئەمە بڕیاری لێبدرێت لە رێگای تەوافوقەوە لەجیاتی بەزۆر دەرکردنی خەڵک، بەدڵنیاییەوە باشترە، هەرچەندە ئەم کارانە قەت ئاسان نییە، بەبۆچوونی من ئەمە شتێک نییە کە هێزێکی دەرەکی خۆی تێهەڵقورتێنێت، ئەمە کێشەیەکە دەبێت لەلایەن خەڵکی عێراقەوە چارەسەربکرێت.

کاتێک سوپای بەریتانیا لە باشووری عێراق دەردەچێت، بێگومان چەند کێشەیەک رووبەڕووی عێراق دەبێتەوە، بەڵام دەبێت عێراق خۆی بەرپرسیاربێت لە سەقامگیریی یاسایی، وابزانم تۆ مەبەستت کەرکوکیشە، ئەمە یەکێک لە کێشەکانە کە رووبەڕووی ئێستاو داهاتووی عێراق دەبێتەوە، پێویستە بزانێت چۆن چارەسەری دەکـات، چونکە جگە لەوەی کورد خۆی بەخاوەنی دەزانێت، هەستێکی قوڵیش لەلای لایەنەکەی دیکە هەیەو دەڵێن ئەمە خاکی ئێمەشە، جا ئەگەر سامانە سروشتییەکان لە هاوکێشەکە دەربهێنێت، کە زۆر باس دەکـرێـتو من باوەڕناکەم ئەمە هۆکەی بێتو کێشەکە لەسەر سامانی سروشتی بێت. من باوەڕم وایە ئەم کێشەیە پەیوەندی بەو هەستە قوڵەوەیە کە لەناخی خەڵکدا هەیە سـەبـارەت بە نیشتمانو خاکەکەیانو جێگای نیشتەجێبوونیان، چونکە من خۆم ئەوەم تێدا بەدیکردن، بۆ چارەسەرکردنیش شتێکی باش دەبێت کە خەڵک بگەنە ئەو باوەڕەی بتوانن بەیەکەوە بژین کە ئومێدی منە لەوبارەیەوە.

پێش ئـەوەی خـەڵـک بگەڕێنەوە بۆ کەرکوکو ناوچەکانی دیکە، من لەنزیکەوە دواندمن، ئەوانەی لە کۆمەڵگا نزیکەکانی شاری هەولێر نیشتەجێ ببوون، هەوڵمدا بیاندوێنمو قسەیان لەگەڵدا بکەم، لە گفتوگۆکانیاندا دەیانویست بگەڕێنەوە بۆ خاکەکەی خۆیانو لەسەری کارو گوزەران بکەن، بەڵام باوەڕناکەم کە هێشتا بەتەواوی باوەڕ بەوەبکەن کە بیانەوێت لەگەڵ خەڵکی دیکەدا بە یەکسانی بژینو ئامادەبن بۆ ئەو ژیانە. خەرجکردنی ئەو هەموو پارەیەش لـەو رێـگـایـەدا کـە بـۆ چـارەسـەرکـردن دانراوە، باوەڕناکەم باشترین رێگابێت کە پارەوپولێکی زۆری وڵاتی لە رێگادا خەرج دەکرێت. بە بـاوەڕی من ئەو پارەوپولە لە خزمەتگوزارییەکانیاندا خەرج بکرێت باشترە، ئەوەشت لەبیرنەچێت کە زۆرێک لەو خەڵکە راگوێزراوەی ناوچە دابڕاوەکان، لە ناوچەکانی خۆیان نەژیاون، بەڵام ئەو پەیوەندییە قوڵەی ناخیان وایکردووە بەو ناوچانەوە بیانبەستێتەوە، بۆیە پێویستە ئەم هاوکێشەیە هاوسەنگ بکرێت.



**پرد: لـەدوای سەردانەکەت چۆن لە ئایندەی کورد دەڕوانیت؟**

– وابزانم ئێستا گەیشتووینەتە ئەو جێگایەی کە کاتی ئەوە هاتووە بۆ عێراق نەخشەی داهاتووی خۆی بکێشێت، بەباوەڕی من ئـەوەی لە کوردستاندا کـراوە وەکو هەرێمێک، نموونەیەکە بۆ عێراق، باوەڕم وایە بۆئەوەی سەربەخۆیی ئەنجام بدرێت، پێویستە ژێرخانی ئابووریتان ببوژێننەوەو ببنە هێزێکی ئابووریی بەهێز لە ناوچەکەدا، چونکە پاشماوەی عێراق وێـران بووە بەهۆی جەنگەوە، خەڵکی ئەوێش دەیانەوێت ئابوورییەکەیان بەهێزبکەن، بۆئەوەی لەو رێگایەوە خەڵک پێداویستییەکانیان دابین بکەن، وابزانم ئێوە ئەوەتان سەلماند کە ئەم کارەتان بۆ دەکرێت. ئێمە بەدڵنیاییەوە هەرچی لە تواناماندا هەبێت دەیکەین بۆئەوەی یارمەتیی ئەم پرۆسەیە بدەین، هەوڵدەدەین یارمەتی بوژاندنەوەی ئابووری بدەین لە کوردستاندا.

نابێت ئەوەتان لەبیربچێتەوە کە فڕگە گەورەکەی هەولێر دەرگایەکی بازرگانیی گەورەتان بۆ دەکاتەوەو ئیتر پشت بە رێگای تورکیاو ئێران نابەستن، چونکە سەربەخۆ دەبنو ئەم فڕگەیە سەربەخۆیی ئابووریتان دەداتێو پێگەکەتان زۆر بەهێز دەکات.

**پـرد: پەیوەندییەکانی حکومەتی بەریتانیاو هەرێمی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

– ئێمە گروپێکی هەمەلایەنەمان هەیە لە پەرلەماندا، ئەم گروپە لە تەواوی حیزبە بەشداربووەکانی بەریتانیا پێکهاتووە، پێشتر من ئەندامی ئەو گروپە بوومو بە گرنگیشی دەزانم کە ئەم گروپە هەمەلایەنەمان هەیە، بـۆئـەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەرووی بەرنامەکەیەوە دابنێ، ئەمەش لە رێگای کۆبوونەوەی بەردەوامەوە دەبێت لە پەرلەماندا، هەروەها بە بوونی پەیوەندی بـــەردەوام لەگەڵ وەزارەتـــی دەرەوەو رێکخراوی گەشەپێدانی نێودەوڵەتی.

بەداخەوە من ئێستا وەزیرم لە وەزارەتی خوێندن، بۆیە بۆم نییە ئەندامبم لەم گروپەدا، ئەو گروپە بۆ ئەو ئەندامانی پەرلەمانە کە کـاری وەزارەتو کارەکانی دیکەی حکومەتیان لەلا نییە، بەڵام لەنزیکەوە ئاگام لێیانەو هیچ هۆیەکیش نییە کە رێگام لێبگرێت کە ئامادەنەبم لە کۆبوونەوەکانیاندا، چونکە بۆم هەیە بەشداریی کۆبوونەوەکانیان بکەم.

بەباوەڕی من کوردەکان لەو جێگایانەی نیشتەجێن لە سەرانسەری بەریتانیادا، پێویستە پـەیـوەنـدی بکەن بـە ئەندام پەرلەمانەکانیانەوەو داوایـان لێبکەن کە پەیوەندی بکەن بەم گروپە هەمەلایەنەوە، بۆئەوەی مەسەلەکە بە زیندوویی لەناو پەرلەماندا بهێڵنەوە.

جگە لـەم یارمەتیانە لـە مەسەلەی هەڵبژاردنەکاندا پێویستە بە جدیی کاری بۆ بکرێتو پرۆسەکەش بخرێتە ژێر چاودێرییەوە، گرنگترین شت ئەوەیە کە چاودێریکەری نێودەوڵەتی بانگهێشت بکەن تا چاودێریی پرۆسەکە بکەن. لەکاتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا پێویستە تەواوی ئەو بەڵگانە کۆبکرێتەوە، کە گلەیی یان رەخنەی لەسەرە یان ناڕەزایەتیان لەبارەیەوە دەربـڕیـوەو بخرێتە بـەردەم چاودێریکەری نێودەوڵەتی.

بەئومێدم ئەم هەڵبژاردنانەی ئێستا بەڕێوەیە، ئەنجام بدرێتو سەربەخۆو ئازادبێت.

**پرد: لەبارەی ئەو بەڵگە مێژووییانەی کە حکومەتی ئەوکاتی بەریتانیا تاوانبار دەکـات بە دابەشکردنی کوردستانو ژێرپێخستنی مافی گەلی کورد هیچ قسەیەکت هەیە؟**

– هەرچەندە من بەتەواوی بە دەوڵەتی سەربەخۆی کورد رازیـم، بەڵام ناتوانین بیروبۆچوونی خۆمان بەسەر وڵاتانی دیکەدا بسەپێنین. هەموو کەسێک دەڵێت بەریتانیا ئەمەی بەسەر کورد هێناوەو هەر ئەویش دەبێت چارەسەری بکات، بەڵام لە جیهانی ئەمڕۆدا ناتوانین بڵێین ئەمە چۆن روویداوە.

تورکیا دەیەوێت ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا، لەم رێگایەشەوە دەتوانین بیروڕا بگۆڕینەوەو جۆرێک لە ئۆتۆنۆمی دابین بکەین بۆ خەڵکی کورد. پێش ئەوەی ئەو جۆرە قسانە لەگەڵ ئێراندا بکەین، پێویستە لەپێشەوە پەیوەندیمان هەبێتو باشی بکەین، ئەوکاتە دەتوانین بچینە گفتوگۆوە لەوبارەیەوە لەگەڵیدا، پێویستیش ناکات کێشەکانی دیبلۆماسی بە تۆ بڵێم، چونکە بۆخۆت دەزانـیـت ئـەو کەیسانە چەندە قورسن.

هەرچەندە ئێمە باوەڕمان بە کێشەکەت هەبێت، بەڵام لەڕووی پراکتیکییەوە زۆر دوورین، ناشتوانین بەهێز ئەوە بسەپێنین، بۆیە دەبێت لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا کاربکەین بۆ ئەو مەبەستە.

من نامەوێت زۆر لەسەر رابردوو بدوێم (بەپێکەنینەوە)، چونکە من لەوکاتانەدا لەدایک نەبووبووم، ئێستا ئێمە لێرەداین نەک لە رابردوودا. باوەڕم وایە بەهۆی ئەو مێژووە نادادپەروەرەی کە ئێوەی بەیەکەوە بەستووەتەوە، لە هەندێک رێگاو لە هەندێک لاوە بەرەوپێشچوونتان لێدەگرێت، بۆیە هەندێکجار باشتروایە بڵێین ئێمە لێرەداین، لێرەوە چی بکەین؟ نەک چیمان بکردایە لەوکاتەدا کە نەکرا، چونکە ئێمە ناتوانین رابـردوو بگۆڕین، بەڵام دەتوانین لێرەوە دەستپێبکەین.

## بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی لە تورکیا:

# تورکیا نزیک نەبووەتەوە لە چارەسەری کێشەی کورد

سازدانی: یۆنجا پۆیراز دۆگان

**سێدات لێچنەر دەڵێت: «تائێستا تورکیا بە هیچ جۆرێک نزیک نەبووەتەوە لە چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام تورکیا وریایە بەوەی کە مەترسیی هەیە بەهۆی کارە تیرۆریستییەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان».**

**سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەماوەی رابردوودا ئاماژەی بەوەدا کە هەنگاونراوە بۆ دۆزینەوەی چارەی کێشەی کورد، چونکە کێشەی کورد یەکەم کێشەی گەورەی تورکیایە، هەروەها گویل ئاماژەشی بەوەدا کە پێویستە خەڵکی رۆشنبیرو خەڵکی مەدەنی لایەنەکان گفتوگۆی کراوە دەستپێبکەن، لەناو ئەو بابەتانەدا لە ناوچەی هەکاری لەسەر سنووری نێوان عێراقو تورکیا کە ئەو سنوورە چەکدارانی پەکەکەی لێیە هێرشکرایە سەر سوپای تورکیاو شەش سەرباز کوژران.**



**سێدات لینجەر، بەڕێوەبەری دامەزراوەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی نێودەوڵەتی بۆ فیکر لە ئەنقەرە، بڕوانامەی لە زانکۆی شاهانەی لەندەنو زانکۆی شیفیلدی تورکیا بەدەستهێناوە، لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، مامۆستا بووە، کۆرسی وتووەتەوە لەبواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانو پەیوەندییە ئەمنییەکان لە چەندین زانکۆی جۆراوجۆر لە ئەنقەرە، خاوەنی چەندین پەرتوکی جۆراوجۆرە سەبارەت بە سیاسەتی تورکیاو پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەو وڵاتەو کەیسی تیرۆرو شەڕی عێراق.**

*** هەڵسەنگاندنی تۆ چییە سەبارەت بە ئاماژەکردنی گویل بۆ کێشەی کورد وەک کێشەی سەرەکیی تورکیا؟**

– سەبارەت بەم پرسیارە دەمەوێت باس لەوەبکەم کاتێک سلێمان دیمرێل، سەرۆک وەزیر بوو، جارێکیان وتبووی پێویستە لە حەقیقەتی کێشەی کورد تێبگەین، ئەو قسەیەی دیمرێل تورکیای هەژاند، ئەوکات تەنیا ناوهێنانی کورد کێشەیەکی گەورە بوو، ئێستا بارودۆخەکە گەیشتووەتە حاڵەتێک کە سەرۆک وەزیران بڵێت کێشەی کورد گەورەترینو گرنگترین کێشەی تورکیایە، هەروەها ئەو کێشەیە گرنگترە لە هەڵاوسانی ئابووریو تەندروستیو پەروەردە، ئەم قسەیە بۆخۆی شۆڕشێکە، لە ئێستادا خەڵک بیر لەوەدەکاتەوە دەبێت چارەسەر چی بێت بۆ کێشەکە.

*** پێویستە چی بکرێت بۆ ئەو کێشەیە؟**

– لەڕاستیدا حکومەت هەنگاوی یەکەمی هاویشتووە، ئەویش ئاماژەدانە بە کێشەکە یا ناوهێنانی کێشەکە، بەڵام لێرەدا حکومەت نە ئەزموونو نە مەعریفەی چارەسەری کێشەکەی پێیە، بەڵکو تەنیا ئازایەتییەکی نیشاندراوە ئەویش داننانە بە بوونی کێشەکەدا، ئێمە لە رێکخراوەکەی خۆمان راپۆرتێکمان پێشکەش بە حکومەت کرد سەبارەت بە کێشەکە، هەروەها هەندێک رێکخراوی دیکەش بە هەمانشێوەی ئێمە راپۆرتی لەوجۆرەیان پێشکەش بە حکومەت کردووە، بەڵام نەک هەر ئەو دامەزراوانە، بەڵکو بەشی رۆشنبیری، پۆلیس، سوپا، وەزیرەکان، ئەندامانی باڵای حیزب، خەڵکی جۆراوجۆر رازیبن بە چارەسەری کێشەی کورد، ناتوانن بگەنە ئەنجام.

*** بۆ؟**

– چونکە کۆدەنگییەک نییە لە هەرێمەکەدا، هەروەها نەبوونی متمانە لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگاشدا کێشەیەکی دیکەیە، حاڵەتەکە وایە نە حکومەت متمانەی بە هەرێمەکە هەیە، نە هەرێمەکە متمانەیان بە حکومەت هەیە، هەروەها دەتوانین باشتر لە حاڵەتەکە تێبگەین کە سوپا پلانی خۆی ئاشکراکرد لەماوەیەکی نزیکی داهاتوودا، لەمجۆرە حاڵەتانەدا ئازایەتیی حکومەت بەس نییە بۆ ئاماژەدان بە کێشەکان، چونکە پێویستە وریایی ئەوەبین هەموو هەنگاونانێکی لەوجۆرە، دوو هەنگاو دەمانباتەوە دواوە.

*** هەستدەکەیت ئێستا چی گۆڕاوە کاتێک دەبینیت لەجیاتی ئەوەی حکومەت دەستبەرداری کێشەکە بێت، سوورە لەسەر چارەسەر؟**

– ئێمە ئەگەر بیرمان نەچێت لەکاتی لێکۆڵینەوەکانی گرووپی ئەرگەنەکۆندا، زۆر کەس ترسی گەورەی لێنیشت، چونکە کێشەکە کارەکەیان نەبوو، بەڵکو پلەوپایەی ئەندامەکانی گرووپەکە گرنگ بوو، ئەوانە بۆ تاوانکردن چوونەتە ناو ئەو گرووپەوە، هەروەها لە رابردوویەکی نزیکدا بینیمان کە ویسترا سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکانی دادگایی بکرێن، هەروەها بەیاساییکردنی سوپاو ترسو تۆقاندنی خەڵک، لەناو ئەم گرفتانەدا باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرێت، لەو باسەدا گرنگ نییە سوپاو حکومەت چ بیرکردنەوەیەکیان هەیە بەرامبەر کێشەکە، بەڵام ئەوە گرنگە کە شتەکان تاک لایەنەن، ئایا بەرامبەریش ئەوشتەی دەوێت؟ لەکاتێکدان سەدان تیرۆریستو خەڵکی چەکدار لە شاخەکانن. پێموایە هیچ کەس ناتوانێت رێگربێت لەسەر چارەسەری کێشەی کورد، جگە لە ئەوان خۆیان، چونکە ئەگەر چارەسەرەکەیان بەدڵ نەبوو، کێ دەتوانێت رێگربێت لە کارە تیرۆریستییەکانیان؟

*** پێتوایە سوپا رازی بێت بەم هەنگاوانەی حکومەت؟**

– ئەگەر سەیربکەین لەگەڵ ئەوەی زۆرشت روویداوە بەدڵی سوپا نەبووە، بەڵام سوپا رازی بووە، کێشەی قەدەغەبوونی زمانی کوردی چارەسەرکرا لەگەڵ سوپا، ئەگەرچی تەرەتە شەش هەندێک کاردەکات کە سوپا نایەوێت، هەروەها پێویستە بیریشمان نەچێت رۆژ تیڤی ئەو شتەی دەکرد کە پەکەکە نەیدەتوانی بیکات، واتا هەنگاوەکە گرنگە، ئێستا دەوترێت پێویست بوو لە ساڵی ١٩٩٤دا ئەو هەنگاوە بهاویشترایە، هەروەها بێگومان رازیبوونیش هەیە لەنێوان سوپاو حکومەتدا.

*** پلانی چارەسەری کێشەی کورد لەکوێوە هات؟**

– فیکری چارەسەرەکە لەوەوەهات کە هەریەک لە حکومەتو سوپا بیریانکردەوە کە رێگریی بکرێت، ئیتر سنوورێک دابنرێت بۆئەوەی چیتر خەڵک پەیوەندی بە شاخەکانەوە بکاتو نەچێتە رێزەکانی پەکەکە، هەروەها پێویستە رێگاچارەیەک بەکاربهێنرێت بۆ هێنانە خوارەوەی تیرۆریستان لە شاخەکان، هەروەها ئێستا بڕوایان وایە پێویستە بەرەوپێشچوونی ئابووریو کۆمەڵایەتی روو لە ناوچە کوردنشینەکان بکات.

*** ئایا هۆکاری دیکەی شاراوە هەیە، یان بۆچی سەرۆک وەزیران بەو گەشبینییەوە باس لە رێگاچارەی کێشەی کورد دەکات؟**

– بەڵێ هۆکاری دیکە هەیە، بەڵام پەکەکە بواری هیوای بۆ هیچ کەسێک نەهێشتووەتەوە، ئەو سەربازانەی کە دەکوژرێن لە ناوچەکانی سەرسنوورو لە باکوور، زیاتر ئەو سەربازە کوردانەن کە لەناو ریزەکانی سوپادان، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی ئەو شەڕو ناکۆکیانەی نێوان پەکەکەو سوپا بەدرێژایی چەندان ساڵ، وایکردووە کە ئابووری ئەو ناوچانە بەتەواوی بەرەو هەرەس بڕوات، کەواتە خەڵکانی کورد لە دوولایەنەوە بوونەتە قوربانیی ئەو بابەتە، بۆیە دەکرێت سەرۆک وەزیر دڵخۆشبێت لەوەی کە ئێستا کوردەکانیش مەیلێکی راستەقینەیان هەیە بۆ چارەسەری کێشەکەو هاوکارو یاریدەدەر دەبن.

*** دوای ئەوەی سەرۆک وەزیران ئاماژەی بۆ کێشەی کورد کرد، هەست دەکرێت سوپا تەواو نارازی بوو، ئایا هێزی سوپا یان لێدوانەکانی سەرۆک کامیان بەهێزترن؟**

– لەڕاستیدا لەم ساڵانەی دواییدا سوپا گۆڕانی تێکەوتووە، هەروەها ئێستا لە دامەزراوەکانی هێزی سوپادا خوێندن هەیە، ئەگەری مەودای بیرکردنەوەی سوپا لە چوارچێوە توندەکەی هاتبێتە دەرەوە. لە تورکیادا هەندێک حاڵەت دەرکەوتن لە چینە باڵاکان، ئەو چینە نوخبەیەی کە لەگەڵ دامەزراندنی سوپای تورکیا دروستبووە، وەک چینی ئەندامانی پارتی گەلی کۆماری (CHP)، ئەم چینە خاوەنی چەندین ئەکادیمیا بوون، خاوەنی زانکۆ بوون، چەندین خەڵکی پسپۆڕو کاریگەریان بۆ دروستبوو کە گرنگتربوون لە بیرواچەقبەستووەکانی سوپاو کاریگەریشیان زیاتربوو، بۆیە هەستناکەم ئەو نارازیبوونانەی سوپا لەشێوەی فۆرمی پێشوویدابێت.

*** لەماوەی رابردوودا سەرکردەی پەکەکە، موراد قەرەیلان بانگەشەی ئاشتیو ئاگربەستی کرد، بەڵام وەک بینیمان لە هەکاری هێرش کرایە سەر سەربازانی تورکیاو ژمارەیەک سەرباز کوژران، ئایا قەرەیلان سەرکردەیە؟**

– قەرەیلان راستگۆ نەبوو لە بەڵێنو قسەکانی، لەلایەک بانگەشەی ئاشتی دەکاتو لەلایەک هێرش دەکات، هەروەها ئەو دەڵێت من ئاگاداری ئەو هێرشانە نیمو خەمبارم لە بەرامبەر قوربانییەکان، ئەمە ناگونجێت، ئەگەر ئاگاداری ئەو هێرشانە نییە ئەوا قەرەیلان سەرکردەی پەکەکە نییە، ئەگەر ئەو سەرۆک بێت، کەواتە ئەو راست ناکات ئەگەر بڵێت ئاگادارنیم، ئەو هێرشانەی ئەمدواییەی پەکەکە وەڵامێک بوو سەبارەت بە ئەگەری پرۆسەی ئاشتی، هەروەها بەوجۆرە بێت ئەو مێزە گفتوگۆیەی کە پارتی کۆمەڵگای دیموکرات بۆ ئاشتی پێشبینی کردووە، جێگای پەکەکەی تێدا نابێتەوە، پەکەکە جیاوازە لە بزووتنەوەی ئیتای هەرێمی باسک، جیاوازە لە هێزی یاخیبووی سکۆتلەندا، بەڵکو پەکەکە پابەندنابێت بە بەڵێنەکان، هەرکاتێک رووناکی ئاشتی بەدیکرا، ئەوا ئەو هەوڵی کوژاندنەوەی دەدات، پەکەکە یاریی لەگەڵ تورکیا دەکات، وەک دەزانرێت لەماوەی رابردوودا گفتوگۆی ئاشتیانە هەبوو، کەچی ئەو هێرشانەیان ئەنجامدا، هەر ئەو حاڵەتانەشە کە تورکیای بێهیوا کردووە.

*** پێشنیازەکانی دینز بایکاڵت پێ چۆنە بۆ چارەسەری کێشەی کورد؟**

– لەڕاستیدا درەنگ بوو بۆ ئەو پێشنیازانە، دەبوو زووتر ئەوە خرابایەڕوو، بەڵام ئێستاش درەنگ نەبووە، کاتێکی باش بوو، چونکە ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر کێشەی کورد لە تورکیا پێشکەوتووە، ئەو وتانەی بایکاڵ هیوایەک دەبەخشنە ئاشتی.

**سەرچاوە: سایتی تودەی زەمان**
**و. لە ئینگلیزییەوە: ئارام شێخ وەسانی**

## ناڕەزاییەکانی خەڵکی ئێران دژی ئاکامی هەڵبژاردن درێژەی هەیە

# خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی تارانن

سۆران پالانی



دوای ڕاگەیاندنی ئاکامی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار لە ئێران، شاری تارانی پایتەختی ئەوولاتە تووشی کۆمەڵێک خۆپیشاندان بووەوە، تەنانەت تائێستا حەوت کەس لە لایەنگرانی میر حوسێنی موسەوی کە لەئاکامی پێکداهەڵپژان لەگەڵ هێزە ئەمنییەکان کوژراون.

د.سالحی نیکبەخت، پارێزەرو کەسایەتی سیاسیی کوردی ئێران کە لە تاران دادەنیشێت، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە نەک چاوەڕواننەکراو بوو، بەڵکو خەڵک لە سەرتاسەری ئێران دەنگی زۆرینەی بە موسەوی داوە، بۆیە ئەمە کودەتایەک بوو».

جەلال جەلالیزادە، کەسایەتی ریفۆرمخوازی کوردی ئێران، لەو بڕوایەدایە «ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە بەپێچەوانەی ویستی خەڵک بووە، خەلکیش لەوە گەیشتووە بەو بەشدارییە مەزنەی کە کردویەتی بەمەبەستی گۆڕانکاریی لە ئێراندا سوکایەتی پێکراوە، بۆیە دەستیان داوەتە ناڕەزایی دەربڕین و خۆپیشاندان».

خالید تەوەکولی، کەسایەتی ریفۆرمخوازی کوردی ئێران، لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «موسەوی لەو بڕوایەدایە کە هەڵبژاردنەکان دەستی تێوەردراوە وساختەکاریی تێدا کراوە، سندوقەکان گۆڕاون، چاودێرەکانیان وەدەرناوە، بۆیە ئەو هەڵبژاردنە ئاکامەکەی قابیلی قبوڵ نییە بۆ ریفۆرمخوازان».

دوایئەوئاکامەچاوەڕواننەکراوەی کە لە هەڵبژاردنی ئێرانەوە بڵاوبووەوە، لایەنگرانی میر حوسێن موسەوی لە باڵی ریفۆرمخواز کە ڕکابەری یەکەمی نەژاد بوو، دەستیاندایە خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین لە شاری تارانی پایتەخت، بەڵام لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە توندوتیژی هاتە ئاراوەو تائێستاش حەوت کەس کوژراون، د.سالحی نیکبەخت لەوبارەیەوە وتی: ناڕەزایی لەو شێوەیە هەرگیز لە ڕابردوودا نەبووە، ئەوەی کە کراوە لە کوردستانیش لە ڕابردوودا سنووردار بووە، بەڵام ئەمجارە زۆربەی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەی دەستووری ئێراندا ناڕەزایی دەردەبڕن، کە کەسایەتی گرنگی سیاسیی و ڕۆحانیان لەگەڵدایە، کە پێشتر لە دەسەڵاتی باڵای بوارەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریدا پۆستیان هەبووەو دەسەڵاتداربوون.

ئەوەشی ڕوونکردەوە ئەو بزووتنەوە فراوانە کە خەڵک وەڕێیان خستووە، وایکردووە ئەو کەسانە ڕادەکێشێ کە لە دەسەڵاتدا بوون، هەرچەندیش هەموو میدیاکان بەدەست لایەنی دەوڵەتە، بەڵام خەڵکی ئێران یەک دەنگو یەک هەڵوێستن.

دەربارەی دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردن لە ئێران کە موسەوی داوای دەکات، جەلال جەلالیزادە پێیوایە ئەگەر موسەوی بەردەوام بێت لەسەر ئەم هەڵوێستەی خۆی، دەتوانێت بەرپرسانی باڵا ناچاربکات کە هەڵبژاردن بکرێتەوە، بەڵام خالید تەوەکولی بەپێچەوانەی ڕای جەلالیزادە، ئەوە بە سەخت دەزانێت و لەوبارەیەوە وتی: «زۆر سەختە ئەو کارە بکرێت و شورای نیگابان و دەسەڵات ئەوە قبوڵ بکات، ئەمەش لە مێژووی ئێراندا نەبووە».

وتیشی: «ڕەهبەر خامنەیی لە پەیامەکەیدا بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاکامی هەڵبژاردنی قبوڵ بووە، بەمەش هەڵبژاردن دووبارە نابێتەوە».

دەربارەی هەڵوێستی کوردەکانیش لەم بارودۆخەی کە لە ئێراندا هاتووەتە کایەوە، جەلالیزادە وتی: «گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا بەشداری هەڵبژاردنی کردووەو دەبێت لەو مافەی خۆیان سوودوەربگرن، سالح نیکبەختیش پێیوایە هەرچەند ڕێژەی کورد لە بەشداریدا وەکو خەڵکی ئێران نەبووە، بەڵام لە جاران زۆرتر بووەو دەبێت لەم بارودۆخەدا بەشداربن».

تەوەکولیش دەڵێ: «دەبێت زۆر بە هێمنانە کورد پشتیوانی لە ریفۆرمخوازان بکات، هەوڵ بۆ جێگیرکردنی دیموکراسی لە ئێراندا بدات، چونکە کورد دەتوانێت لەوە سوودوەربگرێت».

دەربارەی ئەوەی کە کوردەکانی ئێران دەبێت هەڵوێستیان چ بێت؟ لەم بارودۆخە کە هاتووەتە کایەوە، تەوەکولی دەڵێ: «هەرچەند فەزای کوردستان وەکو تاران نییەو ئەمنییە، بەڵام دەبێت پشتیوانی لە داخوازی گشتی بکەین، هەروەها دەبێت چاوەڕێی تاران بکەین، بزانین میر حوسێنی موسەوی بە چ ئاکامێک دەگات و دواتر پشتیوانی بە شێوەی مەدەنیانە بەڕێ بخرێت».

لەلایەکی ترەوە دەربارەی دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئێران هەر یەک لە وڵاتی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا تێگەرانیان دەربری و داوای پێداچوونەوەیان کرد، وتیان ئەو ئەنجامە قابیلی قبولکردن نییەو ئێران شایستەی حکومەتێکی باشترە لەوەی ئێستا کە ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری بێت.

جەلالیزادە دەربارەی ئەم هەڵوێستانەی وڵاتانی دەرەوە وتی: « ئەمە مەسەلەیەکی ناوخۆییەو هیچ پەیوەندی بە وڵاتانی ترەوە نییەو گەلانی ئێرانیش لەوە هۆشیارترن، کە بە قسەی وڵاتانی بێگانە بکەن، ئەم مەسەلە ناوخۆییە دەبێت خەڵکی ئێران چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە،

ئەوەشی نەشاردەوە کە ئەم کارەی لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریدا کراوە، زوڵمێکە لە گەلانی ئێران کراوە، چونکە ئەوان شایستەی حکومەت و سەرۆکێکی باشترن و لەو بارەیەشەوە وتی: «دەبێت وەزیری ناوخۆو ئەو کەسانەی کە دەستیان لەم کارەدا هەیەو سوکایەتیان بە دەنگی خەڵکی ئێران کردووە بدرێنە دادگاو سزا بدرێن».

سەرپەرشتیار: هێمن لهۆنی هاوکار: نامۆ عەبدوڵڵا
٠٧٧٠١٩٩٢٨٢٤